**سەرنووسەر:**
سلیمان قاسمیانی (کاکە)

**دەستەی نووسەران:**

بەکر ئەحمەد (ئاسۆ)
دێڤین ڕێکسوید
سەردار عەبدوڵڵا
عەبدوڵا سڵێمان (مەشخەڵ)



بەرگی هانا، بەرهەمی:
ڕەحمان شافیعی

ISSN: 1401-1336

Hana
Box 62
42422 Angered
Sweden

www.hana.se
info@hana.se
govaryhana@gmail.com

ژمارە حیسابی پۆست جیرۆی هانا: **٥- ٦٠٨٣٤٥**

**هانا** گۆڤارێکی ئەدەبیی، کولتوریی و کۆمەلایەتییە. **هانا** هیچ بەرهەمێک کە دژ بە بیری ئازادی، یەکسانی، حورمەت و کەرامەتی مرۆڤ بێ، بڵاو ناکاتەوە. هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینەکەی خۆیەتی. **هانا** تەنیا بەرپرسی ئەو بابەتانەیە کە بە ناوی دەستەی نووسەرانەوە بڵاو دەبێتەوە.
**هانا** هەم لە سەر کاغەز و هەم بە شێوەی دیجیتال واتە لە سەر ئینتەرنێت بڵاو دەبێتەوە. بۆ وەرگرتنی **هانا** لە سەر کاغەز، دەتوانن ڕاستەخۆ لە سەر پەیجی **هانا** گۆڤارەکە داوابکەن و پارەکە لە سەر نێت بدەن.
چاوەڕوانی بەرهەمەکانتانین.

**بەرهەمەکانی ئەم ژمارەیە:**


١- ناوەرۆک ٢

٢- ئازادی و ئازادی بیروڕا / سلیمان قاسمیانی ٣

٣- شێرکۆ لە چەپەوە / موسلیح ڕێبوار ١٧

٤- جەناب و قوربان و بەڕێز / بەکر ئەحمەد ٣١

٥- لە یادی شێوەکار ڕەحمان شافیعی دا ٣٩

٦- شوەیک سەربازی بەجەرگ / یارۆسلاو هاشێک ٤٧

٧- ئوبجێکتیڤیتی و توندوتێژی / کاوە کەریم ٦٣

٨- داستانی دایکێکی ئازا / عبدولڵا حبە-مۆسکۆ / وەرگێڕانی: نەجات عەزیز ٧٩

٩- جنێو: نیاز و نزای مرۆڤ / دێڤین ڕێکسوید ٨٧

١٠- تەنها حەوت هەنگاو / عەبدولڵا ئەحمەد سادق ٩٥

١١- دنیابینیی چینایەتی لە چیرۆکی "حەوت هەنگاو دا" / عەبدولڵا سلێمان (مەشخەل) ١٠٠

١٢- لێیان گەڕێن با زبڵ بخۆن/ وتوویژ لە گەل رۆب ئالبرتن / وەرگێڕانی
شلێر رەشید ١١١

١٣- شیعر: فاتیح شێخ / خالید دلێر / زەلمای کاوە / شو لیژی / عەبدولڵا سلێمان
(مەشخەل) / موسلیح ڕێبوار ١٢٧

# ئازادی و
# ئازادی بیروڕا

**سلیمان قاسمیانی (کاکە)**

مرۆڤ وەکوو بوونەوەرێکی وشیار، لە هەوڵێکی بەردەوام دایە بۆ فراوانترکردنی مەیدانی ژیانی. ئەم هەوڵە لە زاتی خۆیدا تەنیا دەتوانێ بەرەو پێش بڕوا و هیچ بەربەستێک ناتوانێ پێشی بگرێ مەگەر بۆ ماوەیەکی کورت. ئەم بەرەوپێشچوونە ئەوەندەی کە وێدەچێ ئازاد و ئیختیاری نییە بەڵکوو حەتمییە و پێویست. ئەم حەتمی بوونەش پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە بەرەوپێشچوون و گەشەی هەمیشەیی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتی. بەرگرتن لە گەشە و پەرەسەندنی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتی، ئەگەربکرێ، یان وەکوو ئاوێکی وەستاو دەگەنێ و دەبێتە هۆی تیداچوونی یەکجاری کۆمەلگایەکە یان ئەوەندە پڕدەبێ کە سەررێژ دەکا و لە ئاکامدا گشت بەربەست و هۆگرەکانی وەکوو پووش ڕادەماڵێ.

گەشەسەندنی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی بە مانای گەشەسەندنی ئازادی مرۆڤ لە مەیدانەکانی دیکەی ژیاندا نییە. لە دونیای ئەمرۆدا لە لایەک گەشەی سەرسوڕهێنەری بەرهەمهینانی ئابووری و تەکنیکی دەبین و لە لایەکیش فەقیری و هەژاری بێ سنوور. لە لایەک مرۆڤ بە ئەستێرەی دەستکرد توانیویەتی بە میلیارد کیلومتر دوور لە کورەی زەوی بکاتە مەیدانی لێکۆڵینەوەی خۆی و لە لایەکی دیکە هەر سال بە ملیۆن منال بە هۆی نەخۆشی زۆر سادە گیانیان لە دەست

دەدەن. ئەم نەبوونی هاوسەنگییە لە نێوان پێشکەوتوویی شێوەی بەرهەمهێنان و گەشەی تەکنیک لە گەل ژیانێکی شایانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە سەر زاتی نیزامی چینایەتی کە داهاتی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتی نەک لە خزمەت هەموان بەڵکوو بۆ خاوەنانی دەسەلات و خاوەنی سەروەت و داراییە. لە نیزامی چینایەتیدا چینی دارا لە خێر و خۆشی دایە و چینی بندەستیش، نەداری و هەژاری بەشیەتی.

## لە خۆ بێگانەبوون

ئازادیش هەر بەو هۆیەوە چینایەتییە. کەسی دارا بە هۆی دارابوونییەوە، ئیمکانی هەڵبژاردنی جۆراوجۆری هەیە لە ژیاندا. وەکوو دارا دەتوانی نەک تەنیا رۆژێک بەڵکوو بە مانگ و سالیش کار نەکەی. دەتوانی ئەگەر گەرما تەنگانەت پێ هەڵچنێ فێنکترین خانوو دروست بکەی و بە دڵی خۆشەوە بەرەوپیلی چلەی زستان بچی بۆ خلیسکە و گەمەی بەفر لە کوێستانە سەمەرگەکان. بەلام ئەگەر هەژار بی دەبێ شوکرانەبژێر بیت ئەگەر کارت دەستبەکەوێت و بتوانی هیزی کارت بفرۆشی، چبگا بەوەی بیر لە پشوو و ئیسراحەت بکەی. هەژار ماوە و مەیدانی هەڵبژاردنی نییە و زستان بۆ ئەو وەیشوومەی سڕ و هاوین کوورەی ئاگری تاقەتپڕووکێنە. ئازادی لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە قەبارەی کۆنتۆی بانکیی مرۆڤەکانەوە. پارەت هەبێ بە متر و کیلۆ ئازادی پێ دەکرێ و ئاسوودەیی بۆ خۆت دابین دەکەی، لانیکەم ئەو ئاسوودەییەی کە بە پارە لە کڕین دێ. پارەت نەبێ ئاسوودەیی و خێر و خۆشی بەرامبەرت دادەنیشن و ئەگەر گاڵتەت پێنەکەن بەزییان پێتدا دێتەوە. لەم کۆمەڵگایەدا مرۆڤ لە خۆی بێگانەیە. ئەوەی کرێکار بە هیزی کاری خۆی بەرهەمی دێنێ، هی خۆی نییە. وەکوو ئەوەیە کە

هەموو رۆژێک منداڵیکت ببێت و هەر لە گەڵ هاتنە دونیای، منداڵەکە لە خۆت بستێنن، لە خۆت بێگانەی بکەن و ئیتر هەرگیز نەیبینییەوە و ئەگەریش بیبینییەوە نەیناسییەوە. بەرهەمی کاری مرۆڤ بەشێک لە وجوودی مرۆڤە چون لە ژیانی بەرهەمهێنەرەکەی پێک دێت. هەر چرکەیەک لەو ساتانەی کە کرێکار و خولقێنەری بەرهەم دەیکاتە گیانی بەرهەمەوە، چرکە و ساتی ژیانن کە لە لەش و رۆحیەوە گیراون و ئیتر ناگەڕێنەوە. کاتێک دەڵێن ئەم شتە بە ئارەق وخوێن و رەنج بەرهەم هاتووە، دەربڕینێکی ئەدەبی نییە بەڵکوو راستییەکی حاشاهەڵنەگری ژیانە لە کۆمەڵگای چینایەتی کاپیتالیستی ئەمرۆدا.

کرێکار لە بەرهەمەکەی نامۆ و بێگانە دەکرێ و دەسەڵاتی بە سەر بەرهەمەکەی خۆیدا لێدەستێندرێتەوە بە نێوی فرۆشتنی هێزی کارەکەی. بەلام هەروەک وترا ئەوەی کرێکار دەیفرۆشێ، نەک هێزی کارەکەی، بەڵکوو ژیانی خۆیەتی لەو ساتانەی کە بڕیارە لە سەر کاربێت. لەو ساتانەدا ئەو لە ژێر ئیختیاری سەرمایەدار دایە، کە بە "خاوەنکار" ناو دەبرێ. "کار"ەکە لە کرێکار جیا دەکرێتەوە و لە ژێر ناوی پەیوەندییەکی هاوتا و بەرابەر بەینی کرێکار و سەرمایەدار، سەرمایەدارەکە دەبیتە "خاوەن"کار. ئەم درۆ چینایەتییە دوو ڕووی خەوشی هەیە. یەکەمیان ئەوەیە کە ئەم رابیتەیە هەرگیز رابیتەیەکی بەرابەر و هاوتا نییە. کرێکار مەجبووره ژیانی ئەمرۆی بفرۆشێ بۆ نانی سبەی. سەرمایەدار نانی سبەی کرێکارەکەی بە دەستەوەیە. ئەم وەزعە بۆ کرێکارەکە نە مەودایەک لە هەڵبژاردن دەدا و نە تۆسقاڵێک لە ئیختیار و ئازادی، مەگەر ئەوەی مردن لە برسییەتی بە "ئازادی هەلبژاردن" ناو ببردرێ. درۆیەکەی تر، مامەڵەی بەرابەرە لە نێوان کرێکار و سەرمایەدار. سەرمایەدار "هێزی کار"ی کرێکار بە نرخی تەواوی خۆی ناکڕێ بەڵکوو هەمیشە هەرزانکڕی دەکا، یان بە واتای دروستتر لێی دەدزێ.

# تاک و ئازادی

ئازادی فرۆشتنی "هێزی کار" لە لایەن تاکەوە یەکێک لە شاڕەگەکانی سیستەمی سەرمایەدارییە. یەکێک لە جیاوازییە سەرەکییەکانی سەرمایەداری لە گەڵ سیستەمە چینایەتییەکانی پێش خۆی، پێویستی سیستەمەکەیە بە تاک. ئەم سیستەمە لە بناوانەکەیدا ناتوانێ لە سەر تایەفە و عێڵ و بنەماڵەی گەورەدا هەڵسووڕێ. بەڵکوو تاکی دەوێ. ئەگەر سەرلەبەری ئەندامانی خێزانێکیش بگرێ، وەکوو تاک مامەڵەیان لە گەڵدا دەکات و خۆی ناکاتە بەرپرسی بەخێوکردنی خێزانەکە بە گشتی، وەکوو سیستەمی فیۆدالی کە ئاغا بەرپرسی هەموو خێزانی سەپان و ڕەعیەتەکانی بوو. سەرمایەداری، کرێکاری تاکی دەوێ تا بتوانێ هەروەخت پێویستی پێی هەیێ کاری پێشکەش بکات و هەر وەخت پێویستی نەبوو بە خوایان بسپێرێ.

کۆمەڵگای چینایەتی بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە زۆرەملێی سیاسی و چەکداری هەیە. دەوڵەت و دەمودەزگای چەکداریی ئامرازن بۆ پارێزگاری لەم سیستەمە نابەرابەرە چینایەتییە و دەسەڵاتی چینی دارا. سیستەمی سەرمایەداری هەروەک وترا، مرۆڤی "تاک" بەرهەمدێنێ. جیاوازی چینایەتی و خەباتی چینایەتیش بۆ پاراستنی مافەکانی ئەم مرۆڤانە هەم وەکوو تاک و هەم وەکوو چینێکی هاوبەش لە بێبەشی و چەوسانەدا بەشێکی چەسپاو بەم نیزامەن. گەشەسەندنی بورژاوزی لە نێو جەرگی فیودالیسمدا، لە سەرەتای خۆیدا سەرهەڵدانی بازرگان و تاکە بورژواکان بوو لە ژێر زەبری یاسا و ڕێوڕەسمی بەرتەسک و تەنگ پێهەڵچنی ناوچەگەرایانە و دەسەلاتی عەشیرەیی لە مەیدانەکانی ئابووری، سیاسی، ئایینی و کولتووریدا. تاکی بورژوا مەجبوور بوو بۆ بەقای خۆی دژ

بەو تەنگەبەر و بەربەستانە بوەستێتەوە و بانگەشەی "ئازادی" دژ بە "کۆنەپەرستی" سەردەم بدات. ئازادی بیرورا، ئازادی دەربڕین، ئازادی ئایین (واتە بێ ئایینی لەو سەردەمەدا) داواکاری دەسەلاتی دادپەروەرانەی یەکسان و یەکپارچەیی یاسا بە سەرهەموو شاروەندان لە هەموو پارچەکەکانی ولاتدا، داخوازی پێویستی بورواژی تازە سەرهەڵداو بوون بۆ سەقامگیرکردنی خۆی و بۆ رامالێنی ئەو بەربەستە عەشیرەیی و فیودالیانەی کە لە بەر دەم ژیانی بازرگانی و بەرهەمهێنانی بورژواکان لەو کاتەدا بوو.

دوای سەرکەوتنی بورژوازی لە باری ئابووری و سیاسی و فەرهەنگییەوە بە سەر فیودالیسمدا، ئەمجار چینی بندەست و بەش لێڕفاوی کرێکارە کە بەرامبەر زولم و زۆری بورژوازی دەوەستێتەوە و لە داخوازییەکانی بورژوازی سەردەمی رادیکال تێدەپەرێ و لە جیاتی شیعاری "ئازادی، بەرابەری و برایەتی" داخوازی "ئازادی و بەرابەری " لە هەموو مەیدانەکانی ژیان و بەر لە هەموویان، مەیدانی ئابووری وەکوو پێششەرتی ئازادی و بەرابەری راستەقینە، دەخاتە بەر دەم کۆمەلگا.

## جیاوازی مرۆڤ لە گەل حەیوان

مرۆڤ بە بێ ئازادی، جیاوازییەکی لە گەل حەیوان نییە. ژیانی حەیوان بە گشتی ژیان بۆ ژیانە واتە زیندوومانەوە بە پێی ئەو پرۆگرامەی کە جینەکان لە یەک بە یەکی خانەکانی لەشی زیندەوەردا دایناوە. حەیوان توانایی ئەوەی نییە کە لەو پرۆگرامە دەرچێت. مرۆڤ بەلام وەکوو باقی حەیوانەکان یەخسیری تەواوی جینەکانی خۆی نییە و دەتوانێ ژیانی خۆی تا رادەیەکی زۆر بە شێوازێک کە خۆی دەیەوێ بنەقشێنێ. مرۆڤ دیلی جینەکانی نییە بەڵکوو لە سەر بناغەی جینەکانی ژیانی دەڕازێنێیەوە. سەندنەوەی ئازادی لە مرۆڤ

دەبێتە هۆی دابەزاندنی بۆ پلەی حەیوان.

ئـازادی بێ قەید و شـەرتی بیـروڕا و دەربـڕیـن، شـەرتـێـکی سـەرەکـی مـرۆڤ بـوون و بە مرۆڤ مانەوەیە. دابڕانی ڕێگای مـرۆڤ لە ژیـانـی حەیـوانـیـی دەگەڕێتەوە بۆ کار و بیرکردنەوە، بۆ پرسیاری هەمیشـەیی و بێ پسـانەوە، بـۆ کـونـجـکـاوی و لێکۆڵینەوە. مرۆڤ هەروەک منالێک کە حەز بە زانـیـن دەکـا، دایـم چاودەبڕێتە دەوروبەری خۆی و بە هەمـوو هەسـتەکـانی دونـیا لە خۆیەوە دەگرێ، تێدەگا، فێر دەبێ، گەشـەدەکـا و پـرسـیـاری تـر دەخولقێنێ و خۆی و دونیایەکەی چەند هەنگاو دەباتە پێش.

# ئایین و ئازادی

ئایین و دەسـەڵات هەمیشـە لە کێشە دابوون لە گەل ئازادی بێ قەید و شەرتی دەربڕینی مرۆڤ. یەکەم قوربانی ئـایـین "پرسـیار" و سـەربـزێوی مرۆڤە. ئـیـمـانداریی یەکەم شـەرتـی سـەردانەواندن و بەنـدەیـی کـردنـی مـرۆڤە بـۆ دەسەڵاتی موتڵەق. ئیماندار بۆی نییە پرسیار بکا لە چۆنیەتی خوا و بوونی خوا. ئیمانداریی لە سەر باوەری بی قەید و شـەرت ساغ بۆتەوە. زانسـت تا ئەو جێگایە ڕێگەی هەیە لە ئاییندا کە دژ بە ئـایـیـن و دەق و بـڕیـارەکـانـی نەوەسـتـێ. ئەو زمـانەی کە لە ڕووی ئاییندا بوەستێتەوە فەرمانی بڕینی دراوە، ئەو سەرەی بۆ ئایین دانەنەوێ بڕیاری هەڵکەندنی هەر زوو دراوە. ئـایـیـن دژی ئازادی مرۆڤ، دژی دەربڕینی هەست و بیروڕای مرۆڤ، دژی کونجکاوی مرۆڤ و پرسیارەکانییەتی.

دژ بە ئازادی بوونی ئـایـین هەمیشە ئامرازێکی خۆشەویست و بەڕێـز بـۆ دەسـەلاتـی سـیـاسـی سـەرکـوتـگەر و زالـم و دژی ئینسانی لە سەتاسەری مێژوودا بوون. "نە"یەکانی ئایین، تابۆکانی، ڕێورەسمە نەگۆڕەکانی، دۆگماکانی ئایین، مرۆڤی ترسەنۆک، قانع، رازی بە قەزا و قەدەر و


دەسەڵاتپەرست پەروەردە دەکا. ئایین بەمجۆرە ئامرازیکی بە کەڵک و هەرزان بووە لە دەستی دەسەلاتدارانیدا بۆ پاراستنی بەرژەوندییە سیاسی و ئابووریەکانیان. لەخۆڕا نییە کە دەسەلاتداران دەستی دەزگای ئایین و بەڕێوەبەرانی ماچ دەکەن. پەیوەندی دەسەڵات و ئایین هەمیشە پتەو و دوو لایەنە بووە. ئایین دەسەلاتی پاراستووە و بۆ شا و ئەمیرەکان پاڕاوەتەوە و دەسەڵاتیش دەزگای ئایینی لە باوەش گرتووە، ڕێزی لێگرتووە و سەری کافر و نەیارەکانی بۆ پەڕاندووە.

## هەڵچوون و برینداربوونی هەست

بیانوویەکی ئایینباوەڕان و دەسەلاتی ئایینپارێز بۆ رێگری کردن لە ئازادی بێ قەید و شەرت، هەڵچوونی هەستی خەڵکی دیندارە. ئەگەر بێت و کەسێک قسەی ناشیرین بە تابۆ ئایینییەکان بڵێت ئەوا خەڵک خۆی بۆی ڕاناگیرێ و دەقەومێ. زۆرجار دەسەڵات و رابەڕانی ئایینی وای پیشان دەدەن کە گوایە ئەوان بە خاتری گیانی "قسە ناشیرینکەرەکان" دژی ئازادی بێ قەید و شەرتی بیروڕان، چون خەلکی ئیماندار بە بیستنی شکانی تابۆکانیان و بێحورمەتی کران بە دوگما پیرۆزەکانیان، هەڵدەچن و خۆیان پێ کۆنترۆڵ ناکرێ. چ کەردەن؟ خەتای خەڵکە یان دەسەڵات؟ چۆن بەربە هەڵچوونی هەستی خەلکی ئیماندار دەگیرێ کە هێرش نەکەنە سەر هەر کەسێک کە وەک ئەوان بیر ناکاتەوە، و باوەرەکان و دۆگماکانی ئەوانی پێ منداڵانە و دواکەوتووانە بێ؟

دەسەلاتی سیاسی هەمیشە بەرپرسی سەرەکییە لە مەر ژیان و یاسا کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگا. ئەوە دەسەڵاتە کە دەبێ پارێزەری مافە سەرکییەکانی مرۆڤەکان بێت. کاتێک دەسەڵاتی سیاسی پاکانە دەکا بۆ نەبوونی ئازادی بێ قەید و شەرتی دەربڕین

و بیروڕا بە نێوی ئەوەی کە خەڵک دواکەتوون و ناتوانن بەر بە هەستی خۆیان بگرن، لە ڕاستیدا ئەوە دەسەڵات خۆیەتی کە دواکەوتووە و نایەوێ و ناتوانێ بەر بەو دواکەوتوویی و سەرکوتگەرییە بگرێ. ئەوە دەسەڵاتە کە دەبێ پرۆگرام و پلانی بێت بۆ بردنە سەری ئاستی وشیاری لەناو کۆمەڵگادا. پرسیارەکە ئەوەیە کە دەسەلاتی سیاسی چ دەکا و چۆن هەنگاو دەنێتەوە بۆ سڕینەوەی ئاسەواری کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی و بەرزکردنی ڕۆحی لەسەرخۆیی و هەڵکردن لە گەڵ بیروباوەری جیاواز حەتتا ئەگەر بە تەواوەتی دژی باوەڕەکانت بێ. بەلام دەسەڵاتی سیاسی سەرکوتگەر خۆی لە سنووردارکردنی ئازادیدا خێری هەیە. دەسەلاتی چینایەتی سەرکوتگەر بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بە هەزار شێوە بەربەست لە بەر ئازادی دادەنێ تا چەوساوەکان نەتوانن مەیدانی پێ تەنگ بکەن و لە تەختی



عەبدولخالق مەعروف

دەسەلات بیهێننە خوارێ و دیوەخانی تالانکارییەکانیان لێ بشێوێنن.

لەو ولاتانەی ئیسلامی سیاسی لە سەر تەختی سیاسەتە، یان سێبەری ئیسلام خراوەتە سەر یاساکانی گشتیدا، ئازادی بە مانای ئازادی بوونی نییە چون هەرچییەک مرۆڤ بیڵێ دەکەوێتە خانەی سازگار بوون یان ناسازگاربوون لە گەل دەقەکانی ئایینی و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان. ڕێزگرتن لە ئایین لەم وڵاتانە

شەرتی نەگۆڕە و لە هەمان کاتدا بێحورمەتی بە کەرامەت و زاتی مرۆڤ کە ئازادی و مافی خستنە ژێرپرسیاری هەموو شتێکە، ئاساییە! یاسا دینییەکان بۆیان هەیە ژن بە نیوەی پیاو بکەن، پیاو بکەن بە سەرداری ماڵ و کۆمەڵ، منال بکەن بە ملکی باوک، کچان لە دەریای خوێنی کولتووری نامووسیدا بخنکێنن، خەلکی غەیرە دین بە پیس بچوێنن، بێ دینەکان بکەنە نێچیری بێپەنا و خوێنیان حەلال بکەن. ئەگەر کەسێکیش هات و ویستی بلّی ئەمانە نامرۆڤانەن و دەبێ بگۆردرێن... دەسەلاتی سیاسی دەلێ دەبێ ببووری، ئەم قسانە بۆ کردن نابن چون خەلکی دیندارناتوانن لە گەڵ ئەو کەسانەی لە گەڵ دینەکەیان ڕووبەڕوو دەبنەوە، هەڵکەن.

تا ئیستا لە کوردەواریدا بە دەیان کەس گیانیان لە سەر دەربڕینی بیروڕایان لەدست داوە. عەبدولخالق مەعروف یەکێک لەو دەنگانەیە کە ئیسلامی سیاسی گیانی سەند چونکە لە سەر مافی بەرابەری ژن و پیاو قسەی کرد و بنەماکانی ئایینی لەو بارەوە خستە ژێرتێشکی پرسیار. ئیسلامی سیاسی ئەمرۆش لە سەر ساحەی سیاسی هەرێمی کوردستان بە یارمەتی دەسەلاتی سیاسی کورد، بە دەیان رۆژنامە و کەنالی راگەیاندنی داخستووە تەنیا بە هۆی ئەوەی کە شتێکیان وتبێ یان نووسیبێ کە لە گەل دوگماکانی ئیسلامدا نەهاتۆتەوە. هەروەک پێشتر وتم لە بەهەشتی ئایین و دەسەلاتی سەرکوتگەردا ، ئایین بەڕێزە و پیرۆز بەڵام مرۆڤ هیچ ڕێزێکی نییە و زۆریش ناپیرۆزە. هەربۆیەش زیاترین بێدەسەلاتی، بێبەشی، هەژاری، مەرگومیر و فەلاکەت و ماڵوێرانی لەو ولاتانەدا هەیە کە ئایین و دەسەڵات دەستلەملانی یەکترن.

## ئایا هەموو شتێک بۆ وتن دەبێ؟

ئایا نابێ سنوورێک هەبێ بۆ نووسین و وتار؟ ئایا هیچ شتێک

پیرۆز نییە؟ ئایا هەموو شتێک بۆ دەربڕین دەبێ؟ لە دونیایەکی مرۆڤخوازدا تەنیا شتێک کە پیرۆز بێت، حورمەت و کەرامەتی مرۆڤ خۆیەتی. هیچ کەس و هیچ دەسەڵاتێک نابێ بۆی هەبێ حورمەت و کەرامەتی مرۆڤێک، جا هەر کەسێک بێ، بشکێنێ. مەبەست لەم حورمەتە مافی ژیان بەر لە هەموویانە. هیچ کەس بۆی نییە بە هیچ بیانوویەک ژیان لە مرۆڤێک بستێنێ چ یار و چ نەیار. هیچ کەس بۆی نییە ئازار بگەیێنی بە مرۆڤێکی دیکە و بوختانی پێبکا. ئەمە پیرۆزترین شتە لە کۆمەڵگای مرۆڤ دۆستدا. پاراستنی حورمەتی مرۆڤ بە مانای نەپەڕاندنی سنووری فیزیکی و رۆحانییەتیەتی. واتە هیچ کەس بۆی نییە دەستدریژی بکاتە سەر لەش و گیانی یان لەباری رۆحییەوە ئازاری پێ بگەیێنێ و مەجبووری بکا بە شتێک کە خۆی نایەوێ . ئازادی دەربڕینی هەست و بیر و ڕاش هەر بەشێکی لێکنەپساوەیە لە حورمەت و کەرامەتی مرۆڤ. ئەوەی کە شایانی ڕێزلێگرتن و پاراستنە ، مرۆڤەکە خۆیەتی نەک بیرو باوەرەکەی. هیچ بیروباوەڕێک پیرۆز نییە. مرۆڤ دەبێ بتوانێ رەخنە لە هەموو بیروباوەرێک بگرێ، دەبێ بۆمان هەبێ رەخنە بگرین، گاڵتە و شۆخی بکەین بە هەر بۆچوونێک و باوەرێک. بیروباوەری من لەوانەیە بۆ خۆم زۆر جێگەی ڕێز و پێروز بێت بەلام قەرار نییە چاوەڕوانی ئەوە بکەم کە نەیارەکەشم یان تەنانەت دۆستەکانیشم هەر بەو شێوەیە بیروباوەری منیان لا پیرۆز بێت. دیارە کە ئازادی بیروڕا بە مانای ئازادی وتنی هەموو شتێکە؟ دیارە کە هەڕەشە کردن، بوختان و بەدناوکردنی کەسێک یا تاقمێک بە درۆ و بێ بەڵگە هیچ پەیوەندییەکی بە ئازادی بیروڕاوە نییە و دەکەوێتە خانەی دادگا و دادپەروەی بۆ تەمبێ کردنی تۆمەتکارەکان. ئیهانەتکردن بە خەڵک بە هۆی ئایین، نەتەوە، ناوچە، رەگەز، نەژاد یا مەیلی

جنسی، دژ بە حورمەت و کەرامەتی مرۆڤ بە گشتییە و هەرگیز ناتوانێ بێتە ژێر ئالای ئازادی بیرورا و دەربرین. رەخنە لە ئایین یان لە نەتەوە بەشێکە لە ئازادی بیرورا بەلام ئیهانەت بە خەلک یان تاکێک بە هۆی پەیوەست بوونی بە ئایینێکەوە، یان بە نەژاد و رەگەزێکەوە نامرۆڤانە و ناشیرینە و کۆمەلگای مودێرن دەبێ پێشی پێ بگرێ.

## مافی کێ لەسەرترە؟

هەروەک پێشتریش وترا "بریندار بوونی هەستی خەلک، نەتەوە، گەل" بە گشتی یان "دیندارەکان" بە تایبەتی بیانوویەکە کە دەسەلاتداران زۆر بە ئاسانی کەلکی لێ وەردەگرن و دەمی خەلکی پێ دەبەستن. ئەمە بەداخەوە تەنیا تایبەتمەندی ولاتە بە ئاشکرا دیکتاتۆرییەکان نییە



تابلۆ: لوزلا داربی

بەلکوو تەنانەت لە ولاتێکی وەکوو سویدیش خۆی دەنوێنێ. سالی ٢٠٠٥ "مووزەی کولتووری جیهانیی" لە شاری یۆتێبۆری رێگای گرت لە پیشاندانی چەند تابلۆی نەققاشی "لوزلا دارابی"، نەققاشی فەرانسەیی، لە ترسی ئەوەی کە موسولمانان "هەستیان بریندار" بێت و دژ بەو کارە هەلخرۆشن. سالی ٢٠١٠ هەمان سێناریۆ دووپات بۆوە. ئەمجارە یان "مووزەی کولتووری جیهانیی" ئامادە نەبوو وێنەکانی خانمی وێنەگر "ئێلیزابێت ئولسوون" لە سەر مەسەلەی هۆمۆسێکسۆوالیتی پێشان بدات لە ترسی ئەوەی کە

"دیندارەکان" بەو وێنانە ناراحەت بن. سەلمان روشدی لە سەر رۆمانەکەی "ئایەتە شەیتانییەکان" لە لایەن خومەینییەوە فەتوای کوژرانی بۆ دەرچوو. ئەوەی کە خومەینی فەتوایەکەی وا دەربکا، هیچ شتێکی سەیر نەبوو، ئەوەی کە جێی سەرسوڕمان بوو ئەوە بوو کە کەم نەبوون ئەو دەنگانەی کە لە ناو "جەرگی دیمۆکراسی رۆژئاوا" دا دەیانگوت کە هەموو شتێک بۆ گوتن نابێ و مرۆڤ دەبێ "هەستی خەڵک" لە بەرچاو بگرێ و خۆی سانسۆر بکات تا "هەستی ئایینی خەڵک" بریندار نەبێ. پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا قەرارە تاقمێک لە مرۆڤەکان مافی زیاتریان هەبێت لەوانی تر؟ ئایا مافی تاقمێک لە مافی تاقمێکی تر لە سەرترە؟ کام مافە سەرەکی ترە، مافی دیندارەکان بۆ ئەوەی کە سنوورە ئایینییەکانیان پێشێل نەکرێن یان مافی بێ دینەکان، مافی ئازادی دەربڕینی ئەو مرۆڤانەی کە پەیوەندییان بەو ئایینە و سنوورەکانییەوە نییە؟ کاتێک کە ڕێگە دەگرن لە ئازادی دەربڕین بە بیانووی "بریندار بوونی هەست"ی دیندارەکان، لە راستیدا مرۆڤەکان مەجبوور دەکەن ببن بە "ئایینی" بە خاتری بەرچاوتەنگی ئایینییەکان.

ئەمە چ لۆژیکێکە کە داوا لە هەندێک مرۆڤ دەکا دەمی خۆیان ببەستن، سەری پێنووسەکانیان ببڕن، قەلەمی تابلۆکێشانیان بشکێنن، چاوی کامێراکانیان دەربێنن بۆ ئەوەی دیندارەکان هەستی ئایینییان بریندار نەبێ؟ بۆچی شتەکە نابێ بەپێچەوانە بێ؟ بۆ دیندارەکان نابێ فێری ئەوە بکرێن کە ئازادی بیروڕا ئەوەندە بە پیرۆز بگرن کە بە خۆیان ڕێگەنەدەن سنووری بۆ دابنێن؟ بۆ دیندارەکان فێری ئەوە ناکرێن کە دلی خۆیان فراوان بکەن، تەعامول لە گەل بیروباوەری جیاواز بکەن، فیری ئەوە بکرێن کە چەندە ئەوان مافی خۆیانە باوەریان بە ئایینەکەیان بێت دەبێ ئەوەندەش ئەوە بە مافی خەلکی تر بزانن کە باوەریان بە ئایینی ئەوان و دونیا و ئاخیرەتی ئەوان نەبێ؟

هەروەک پیشتر وترا، دەسەڵاتی چەوسێنەر مەجبوورە ئازادی بیرو ڕا سنووورداربکا چون ئازادی بێ قەید و شەرت دەبێتە هۆی وریابوونەوەی خەلک لەو نابەرابەری و زولم و بێدادەی کە لە کۆمەڵگادا حاکمە و لە زاتی خۆیدا دەبێتە پارێزەری سوودی داراکانی دەسەلات و سەروەت.

## خەلک و نەزانینی دیموکراتی

یەکیکی تر لەو بیانووانەی کە هەم رووناکبیرانی بورژوازی و هەم دەسەلاتدارانی بە ناو دیموکرات بۆ سنووردارکردنی ئازادی بیروڕا و دەربڕین دەیلێنەوە، ئەوەیە کە هەتا دیموکراسی لە ولاتێکدا سەقامگیر نەبووبێ و نەبووبێتە ئەنستیتۆیەکی جێگیر، ئەم جۆرە لە ئازادییە سەرەتاییانەی مرۆڤ بۆ قسە لێکردن نابن. بە لای ئەمانەوە دەبێ خەڵک وشیار بکرێتەوە، خویندەوار بکرێن و وردە وردە لە گەل ئازادی تاک ڕابهێندرێن و فێری دڵئاواڵەیی و ڕێزدانان بۆ یەکتر بکرێن. موشکیلەکە ئەوەیە کە کەس نازانێ ئەم پرۆسەی "فیرکردن" و "خوێندەواری" و "دلئاواڵە کردن"ە لە کەی ڕا دەست پێدەکا و کەی قەرارە "خەلک" دیپلۆمی تێگەیشتوویی و دیموکراسییان پێ بدرێ! بە درێژایی مێژوو دەبینین کە ئەگەر ئایین و دەسەلات و سیاسەتی باڵادەستەکان لێگەرێن، خەڵک بە ئاسایی و ئاسایش لە گەل یەک دەژین، ڕێزی یەکتر دەگرن، یارمەتی یەکتر دەدەن و لە دین و ئایین و نەتەوە و رەنگ و رەگەز ناپرسن. ئەوە دەسەڵاتە کە بەرپرسی سەرەکییە لەم کێشە کۆمەڵایەتییە نێونەتەوەییەدا. مەسەلەی ڕێزگرتن لە حورمەت و کەرامەتی مرۆڤ، لە ئازادی بێ قەید و شەرتی بیروڕاو دەربڕین، پەیوەندی بە خوێندەواری و نەخوێندەواری نییە. زۆربەی هەرە زۆری چینی باڵادەست و دەسەلاتدارانی سیاسی لە دونیای

چینایەتیدا پلەی خویندەوارییان زۆر لە سەرە بەڵام بێدادگەر و چەوسێنەر و سەرکوتگەر و هەڵگری بیروباوەڕی نامرۆڤانەن. ئەوەی کە هیتلەری گەیاندە سەر تەختی دەسەلات لە ئالمانی نازی یان دۆنالد ترامپی خزاندە کۆشکی سپییەوە لە ئامریکا، نەخوێندەواری خەلکان لەو ولاتانەدا نەبوو. کاتێک کە حزبە رەگەزپەرستەکان لە سوید و نوروێژ و ئوتریش و فرانسە زیاتر لە ٢٠ لە سەدی دەنگەکان لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە، بە هۆی نەخویندەواری خەلک نییە چون پلەی خوێندەواری لە دونیای کاپیتالیستی ئەمرۆدا ناتوانێ لەوە لەسەرتر بێ کە ئەمرۆ لە سوید هەیە. مەسەلەکە دەگەڕێتەوە سەر ئاسۆی چینایەتی و چۆنیەتی ڕوانین لە مرۆڤ و ژیانی کۆمەلایەتی. دەسەڵاتێک کە دڵی بۆ ئازادی راستەقینەی مرۆڤ لێبدا، هەر لە رۆژی یەکەمی ڕا، ئالای ئەو ئازادییە لە ولاتدا هەڵدەکا و بە هەموو هێزی خۆیەوە دەیپارێزێ.

دیارە کە هەولیش دەدا ئەو خەلکانەی کە بە جۆرێکی دیکە هەلسوکەوت دەکەن هەم وشیار بکاتەوە و هەم بەریان بگرێ کە ئەو ئازادییە پێشێل بکەن. دەسەلاتێک کە باوەری بە پاراستنی مافی منالان لە هەرجۆرە ئەزیەت و ئازارێک بێ، ناچی ٣٠-٢٠ سال راوەستێ و لە پێشدا خەریکی ئەوە بێ کە بە خەلک بلێ نابێ لە منالەکانیان بدەن و دوایی بێت و یاسا دابنێ بۆ پاراستنی منالان. ئەم جورە دەسەلاتە لە گاڵتەجاری واتر هیچی تر نییە. ئەو دەسەلاتەی کە گۆڤارەکان دەپێچێتەوە و تەلەفیزیۆن و رادیۆکان دادەخا بە بیانووی ئەوەی کە جارێ خەلک بەو پلە لە خوێندەواری و زانست و دڵئاواڵەییە نەگەیشتوون کە تەحەممولی ڕەخنە لە ئایین، سەرۆکی بەرێز، ئالای پیرۆزی نەتەوەیی و هتد... بگرن، دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و داگیرکەرە.

*بڕوانە لاپەڕەی ... ٧٨*



# شێرکۆ لە چەپەوە

موسلیح ڕێبوار

*مەبەست لە چەپ، لێرەدا، چەپی کۆمەڵگایە، نەک چەپی بۆرژوازیی! مەبەست بەرژەوەندیی چینی کرێکارە کە دژی سەرتاپای ستەمی سەرمایەدارییە؛ نەک ئەو بەشە لە بورژوازیی کە بە شوێن ئۆتۆپیای سەرمایەدارییەکی چەپ وعەدالەتخوازەوەن و بەکردەوە، خۆڵ دەکەنە چاوی جەماوەر و ڕیگایان لێ ون دەکەن.*

*لێرەدا تێدەکۆشم تیشک بخەمە سەر دەوری شێرکۆ بێکەس، لە مەیدانی شیعر و خەباتی کۆمەڵایەتیدا، لە بەرژەوەندیی ئازادیی ڕاستەقینەوە، لە بەرژەوەندی ئازادیی لە کۆت و بەندی سەرمایەدارییەوە، هەندێک ڕۆشنی بکەمەوە. لەوانەیە کیشەی لێ بکەوێتەوە؛ بەخێر بێت؛ مەبەست ئەوەیە ڕاستییەکان دەرکەون.*

گەلێک کەس، لە ڕوانگەی چەپی

بۆرژواییەوە، شێرکۆ بەرز دەنرخێنن و دەڵێن دژ بە نابەرابەریی ژنانە و دژ بە ئایینە و خەمخۆری ئازادییە! لێرەدا، دەمەوێ لە ڕوانگەی چەپی کۆمەڵ، لە بەرژەوەندی بزووتنەوەی کرێکارییەوە، ڕۆشنایی بخەمە سەر ئەم خاڵانە لە کارەکانی شێرکۆدا و سەر ئەو پرۆپاگاندایەکە ئەم شاعیرە بۆ بەرژەوەندیی بورژوازیی، دەیکا.

کاتی خۆی، بە چەند ڕۆژێک پاش مەرگی شێرکۆ، هاوینی ٢٠١٣، نووسراوەیەکم بڵاو کردەوە کە لە سەرەتای ئەم باسەدا، بەهەندێک دەستکارییەوە، دەیهێنم:

ویرای سەرەخۆشیی پڕ بەدڵ، لە بنەماڵەو دۆستانی شیرکۆ بێکەس؛ ئەمەوێ چەند وشەیەکی لەسەر بنووسم و دواتریش، بە گوێرەی پێویست، زیاتر مەبەستەکانم روون بکەمەوە.

*شێرکۆم لەنزیکەوە ناسیوە. ئەگەر هەموو شیعرەکانیم نەخوێندوەتەوە، هی ئەوەیە، بە پێچەوانەی گەلێک کەس، هاوبەشی چێژ و هاوڕای جوانیناسییەکەی نیم! بەپێچەوانەوە، لە گەل شیعرەکانی و لە گەل بۆچوونی سیاسیی و ئایدولوژیکیی (کە لە شیعرەکانیدا بە خەستیی ڕەنگی داوەتەوە) کێشەیەکی زۆرم بووە. لە١٩٨٠کاندا کە ئەو، دەهات لە ڕادیۆ-کومەڵە، شیعری دەخویندەوە و منیش لە نووسەرانی ڕادیۆ-کۆمەڵە بووم، رەخنەم لە شیعرەکانی دەگرت و پیم وابوو؛ نەک هەر پەیام و ناوەرۆکیان کۆنەپەرستانەن، لە باری چێژ و جوانیشەوە، دواکەوتوون! ئەو شیعرانە، نەک هەر لە گەل رێبازی (کۆمۆنیستیی) کومەلە، نەدەهاتنەوە، بەلکو سەبارەت بە کومونیستکوژیی حیزبی دیموکراتیش، بە جۆرێک، پاکانەی بۆ دیموکرات دەکرد.*

*لەوانە، لەسەر شیعرەکەی بۆ "بەیان" ...*

*(لێرەدا، بەداخەوە، چەند وشە و ڕستەیەک، لە دەقەکە لە کاتی کۆپی کردن و دانانی لە سەر ماڵپەرەکەمدا کەوتووە و ئیتر لە لای خۆشم نەماوە. دەبێ مەبەست،*

*ئەو پاساوە بێ، شێرکۆ دەیکا بۆ کۆژرانی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بەدەستی حیزبی دیموکرات و لەوانە کوژرانی "بەیان"، کە خوارەوەتر لەم وتارەدا، بە نموونە، دێمەوە سەری. هەروەها، دەبێ مەبەست، ڕەخنەی شێرکۆ بێ لە دەسەڵات و لە گەندلی لە هەرێمدا، کە شێرکۆ، زۆری لەم بابەتەوە گوتووە بەڵام یەک چرکەش، لە ناسیونالیسم نەترازاوە. دیارە، ئەمەی کە لە پەرانتزدایە، لە نووسراوە کۆنەکە، زیاد کراوە!)*

*کاتێک بۆ هەڵەبجە سکاڵا دەکا، "خودای گەورە" بە عەرەب دەردەچێ و لە باسی ژنیشدا؛ ژن، یەخسیری تەسبیح و پیاوە، نەک سەرمایە!*

پاش مردوو هەر ڕەحمە ت چاکە؛ بەڵام شیرکۆ نەمردووە. گەلێکەس هەر ئەو بانگەوازە دەڵێنەوە. مەبەستم سەرکۆنەکردنی ئەوانە نییە کە شیعری شیرکۆیان پێ جوانە. لە شوێنی خۆیدا باسی جوانیی و جوانییناسییم کردووە:

ئێستا، پاش چوارساڵ، هەست ئەکەم ئەو پێویستییە هاتوەتە پێش کە بێمەوە سەر ئەم باسە و بە نموونەهێنانەوە لە کارەکانی شێرکۆ، روونتری بکەمەوە کە ئەم شاعیرە، زیاتر لەوەی دژ بە ئایین بێ، هەڵگریی نەفرەتی ناسیونالیستیی دژ بە عەرەبە و دژ بە "پێغەمبەری بیابان" و "حەرپەی زمانی عەرەبیی" و ئایینی عەرەبییە، نەک ئایین بەگشتیی! دژی خوایەکە کە عەرەبە و نەخۆی و نە "سکرتێر"ەکانی، کوردیی نازانن و ئاوا جوابی" سکالا"کەی دەدەنەوە:

*سکرتێری پلە چواری نووسینگەی*
*خوا*
...
*بەعەرەبیی، بۆی نووسیبووم:*
*گەوجە! بیکە بەعەرەبیی!*
*کەس، لێرە کوردیی نازانێ!*

ئەمە، خودا عەربەکە! دەنا ئایین و بەتایبەت خودا؛ لە گەلێک لە شیعرەکانیدا، دالّدەی داماوانەو

دەمی مەولەویی ماچ دەکا و جێگای بەرزە. ئەم دژ بە ئاییینی عەرەب بوونەش، هەر درێژەی چەواشەگەریی ناسیونالیسمی کوردییە کە لە شیعری شێرکۆدا، بەرادەیەک خەستە کە دوژمنی ناوخۆی خەڵکی کورد، بە دوست دەنوێنێ. نەک هەر ئەمە، پیاو، بە دوژمنی ژن دادەنێ و چێژێکی جوانیناسیی دواکەوتوانە و دوور لە شار، لە کارەکانیدا، زاڵە. کاتی دڵسۆزیی بۆ بۆیاخچییەک، هەموو بۆیاخچییەک دەکا بە کورد و خودای ئایینە دژ بە کوردەکەشی، عەرەبە و .... گەلێک چەواشەکاریی لەم چەشنە. ئاشکراشە کە شێرکۆ، شاعیرێکی بەتوانایە و ئەمەش، پێویستیی باسەکە زیاتر دەردەخا. وەک بڵێی؛ تۆ لە مەیدانێکدا بی کە سوارچاکێکی شمشێر درێژ ، بەرەوڕووت بوەتەوە!

بە نیشاندانی ئەم لینکانەی خوارەوە، لە گۆڤاری "هانا" خولی یەکەم، ژمارەی یەک و ژمارەی دوو، دیمەوە سەر باسی جوانیناسیی کە لەوێ دەست پێکراوە:

*http://www.hanaforlaget.se/index/arkivhana/HANA01.PDF*

*http://www.hanaforlaget.se/index/arkivhana/HANA02.PDF*

وەک ئاوڕدانەوەیەکی ئەمڕۆش لە باسەکە، با بڵێین:

ئاشکرایە کە چێژی جوانیی-ناسیی، بۆ هەموان یەکجۆر نیە و ئەوەی لای کەسێک جوانە، لەوانەیە، لای کەسیتر جوان نەبێ! نەک هەر ئەمە، بەڵکوو جوانیناسیی، دواکەوتوو و پێشکەوتووی هەیە، مودێڕن و کۆنی هەیە و لە سەرووی هەمووانەوە، چینایەتییە! لەو باسەی گۆڤاری هانا، خولی یەکەمدا، هاتووە کە "پلەخانۆف" (سەردەرچوویەکی ئەم بوارە) سەبارەت بە چێژی هونەریی جیاوازی چینە کۆمەڵایەتییەکان، گۆرانییەکی کۆنی بەنێوبانگی ڕووسیی، بە نموونە

دێنێتەوە کە کەیف خۆشیی ئاغاکان لە وەدوونـــان و کــوشـــتـــنـــی زەحمەتکێشانی لادێ دەنوێنێتەوە! دیاریشـە، ئەو هەژارە کوژراو و پێشێلکراوانە، ناکرێ گۆرانی لەم چەشنەیان پێ خۆش بێ!

هەڵبەست و هۆنراوەی شێرکۆ، هێندە کۆن نییە کە بابەتی چێژی ئاغاوات بێ. بەڵام نە مۆدێرنە و نە پـێـشـڕەو. ئەگەر لای هەنـدێـک پەسـەنـدە، لای هەنـدێـکـیـتـر دواکەوتووانە دەنوێنێ و تەنانەت، کاتێک کە پاکانە دەکا بۆ بکوژانی ئازیزانمان و بە "دڵ پەمەیی" دەیان شوبهێنێ، ڕق هەستێنە! یان کاتێک جـوانـیـیەکـانـی شـاری گەورە و مۆدێرن، بێبابەخ دەکا، دەیاننێتە لا-خـوارووی جـوانـیـی کـۆن و دواکەوتوو، دیارە، بە ئاگایە کە لە چێژی شاریی و مۆدێرن، نزیک نەبێتەوە! بۆ نموونە: لە شیعرێکیدا ئاوا دەڕوانێتە "ستۆکهۆڵم":

*ئەم کۆشکانە*
*هیچیان نەهاتنە خەومەوە*
*ئەم وەرزانە*
*هیچیان نەهاتنە ساڵمەوە*
*ئەم ژنانە*
*هیچیان نەهاتنە چاومەوە*
*ئەم بەحرانەش*
*نەرژانە ناو ڕۆحمەوە*
*ئەوەی کە دێتە خەومەوە*
*هەر کۆڵانە قوڕاویەکەی "کانی ئاسکان"ە و*
*ئەوەی کە دێتە ساڵمەوە*
*گوڵ و سووتووی نیشتیمانە و*
*ئەوەی کە دێتە چاومەوە*
*چاوی کچێکی کۆیی یە و*
*ئەو ڕوبارەی ئەڕژێتە ڕۆحیشمەوە*
*هەر سیروانی لێڵ و پێڵە ...*

یان لە "گۆڕستانی چراکان"دا کە دەڵێ:

ئێرە، هەموو
هەر شەقامی گوڵ گوڵینەو
ئەپارتمانی شوشەیی و
کافەتریای زەردوسوورە و
کەچی هێشتا،
من، لە ناخا، هەر قوراوییم!
....

نموونەی لەم چەشنە، کە شێرکو، بە دەستی قەسد، خۆی و گوێگری

خۆی، لە کولتوور و جوانییناسیی کۆن و دوورەشاردا دەیلێتەوە، کەم نین! خۆتان دەتوانن بیخوێننەوە، یان سەیری ڤیدیۆکانی بکەن! ئەمە، ئەگەر شێرکۆ بەڕاستیشی بێ، نۆستالژییەکی ڕێگر و بەرەوپاشە و دەرگای هەست دادەخا لەسەر جوانیی شاریی و مۆدێرنتر! لە گەلێک شوێن لە شیعرەکانیدا، تاسەی دنیایەکی ڕابوردوو زاڵە کە ڕێگا لە شێرکۆ دەگرێ جوانیی مودێرن ببینێ!

ئەو، وەک عبداللّٰە گۆران ناڕوانێتە شیعر و هەڵبەست و هونەر. گۆران، وەک لەو باسەی "هانا"شدا هاتووە، لە جادەکانی سلێمانییەوە هەتا بەغدا و مۆسکۆ و هەتا هەڵبەستی بەتام وچێژی زمانەکانیتر، جوانییناسییەکی نوێ دەنێتە نێو هەست و هۆشی خوێنەرو بەخێری دێنێ بۆ ئەدەبی کوردیی! شێرکۆ، لەو شاعیرە بەرچاوتەنگانەیە کە لەم دەستکەوتەی گۆران پاشگەز بووەتەوە.

ئەگەر پێویست بێ، دێمەوە سەر جوانییناسیی لە شێرکۆدا؛ با ئێستا سەرێک لە بابەتی ئازادیی، لە شیعری شێرکۆدا هەڵبێنینەوە:

باسی ئازادییش، لە شیعرەکانی شێرکۆدا، وەک خۆی دەڵێی: ئەسپێکی شەکەتی ژێر بارە فیشەکە! شێرکۆ، کە ئاژیتاتورێکی ڕق ئەستووری بورژوازیی ناسیونالیستە، لەسەردەمە ئاخرەکانیدا، پێدەزانێ کە ئەم "نیشتیمانە"و ئەم ناسیۆنالیسمە گەندەڵە، یەکجار بێ ئابڕووە! ئەمجار، شێرکۆ، دێ و "کچێک" دەکاتە "نیشتیمان"! ئەوەی لەم "نیشتمان"ە تازەیەدا نەگۆڕدراوە، چەواشەکردنی خوێنەر و گوێگرە کە ڕێگا نەباتە سەر بەرژەوەندیی و قازانجی خۆی و شوێنی ئەم یا ئەو لەشکری سەرمایە بکەوێ!

باسی ئاوا، هەر وەک، لە ساڵی ٢٠١٣ دا و پاش مەرگی شێرکۆ، نەبڕایەوە؛ بەتەمانیم بەم نووسراوەیەش ببڕێتەوە. تا

بورژوازیی ناسیونالیست هەیە، تا باڵی چەپی ئەو بۆرژوازییە دەیەوێ سیمایەکی "دڵ پەمەییی" لە بۆرژوازیی بە دەستەوە بدا (وەک شێرکۆ، قاسملووی پێ وەصف دەکا) پێویست دەکا، دیسانیش و دیسانیش، ڕابین و ئاوپژێنی ئەو تەپوتۆزە بکەین کە ئەم بانگەوازکارانەی بۆرژوازیی دەیکەن بە چاوی خەڵکدا. لەبەر ئەوە، لێم ڕوونە ئەم باسە، لەم قۆناغەدا، تەواو نابێ!

شێرکۆ، هێندە زۆری نووسیوە و وەک خۆی دەڵێ هێندە "قیژەدرێژە" کە لێکۆڵینەوەی بەرپرسانەی کارەکانی، کاتێکی زۆری پێویستە؛ لەبارێکیشەوە، هێندە گیرگەی ڕەخنەهەڵگر لە کارەکانیدا زۆرن کە نازانی لە کوێوە دەستی بۆ بەری.

با لە وەسیەتنامەکەیەوە دەست پێبکەین: "خێراکە مردن خەریکە بگات":

*"ئەی ژن!*
*بەڕاست، یەکسان بوون*
*قەرەبووی ئەو هەموو غەدرە*
*ئەکاتەوە*
*کە پیاو لێی کردووی؟"*

ئەمڕۆ، دواکەوتووترین فیمینیستیش، ئاوا خۆی نادا بەدەستەوە! فیمینیستی زیرەک، مەبەستی سەرمایەدارانەی خۆی (کە نابەرابەریی ژن لە کۆمەڵگادا بنێتە مل پیاو و پاکانە بۆ نیزامی سەرمایەداریی بکا) دەشارێتەوە! بەڵام شێرکۆ کە یەکێک لە قسەکانی ئەوەیە کە "خوێندنی باڵای نەخوێندوە"، ئاوا بەڕاشکاویی خۆی بەدەستەوە دەدا و تاوانی غەدری کۆمەڵایەتیی لەژن، بێ بێنە وبەرە، دەنێتە مل نیوەی نێرینەی کۆمەڵگا. وەک بڵێی، ئەم نالەبارییە کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵایەتیی نییە! بەڵکوو سروشتییەو هی ڕەگەزە! هەر بەو بۆنەشەوە، چارەشی نییە؛ چونکو پیاو هەتاهەتایە نێرە و نابێ بە مێ. دەی ئەم ستەمەش کە هی نێرینەبوونی پیاوە، هەتاهەتایە

دەمێنێ! مەگەر هەموو پیاوان بنێرین بۆ جەهەنەنەم! وەک بڵێی، بێگاریی کردنی ژن لە نێومالدا و منداڵداریی بێحەقدەست، هیچ لە قازانجی سەرمایەداریی نییە و سەدوپەنجا ساڵ خەباتی کۆمەڵانی ژن و پیاوی کۆمۆنیست، هیچ ئامۆژگارییەکی بۆ شێرکۆ تێدا نەبووە! ئەوە "خوێندنی باڵا"ی پێویست نییە کە شێرکۆ بزانێ کە ئەم کێشەیە کۆمەڵایەتییە؛ کە ژن لەکۆمەڵدا دەبێ بە "ژن "و بە دەستەندەخوار! پیاویش، لەکۆمەڵدا، دەبێتە "پیاو" و بە پیاوسالاریی، زوڵم لە خۆیشی و لە ژنیش دەکا! هەر لەکۆمەڵگاشدا و بە چارەسەریی کۆمەڵایەتی، کیشەکە چارە دەکرێ! بێجگە لەوە، هەزاران "دایەخانم"ی خەتەنەکەر و "حاجیژن"ی حیجاب لەسەر، دەلیلی ڕۆشنترن بۆ ئەوەی کە ئەم کێشەیە، کۆمەڵایەتییەو ژنی هاوڕەگەزیش، دەتوانێ پیاوسالار بێ و ژنی پیاوسالاریش کەم نین! ئەمە کێشەیەکە لە نێوان ژن و پیاوی پیاوسالار، لەلایەکەوە و ژن و پیاوی ئازادیخواز لە لایەکی ترەوە! بەڵام ئەم حەقیقەتە، لە شیعری شێرکۆدا بزرە! من کە شێرکۆم، لە هەشتاکانەوە، کاتێک ئامەشۆی ڕادیۆ-کۆمەڵەی دەکرد، لە نزیکەوە ناسیوە، دەزانم کە شێرکۆ، ئەم حەقیقەتانەی لە کۆمەڵە بیستووە کە پیاوسالاریی، خۆی، ڕۆژی ئەمڕۆ، بەسەرمایەدارییەوە بەندە؛ سەرمایەدارییەک کە هەرچی کۆنەپەرستیی دێرینەی کۆمەڵگایە، دەیدا بە گژی خەڵکی ئازادیخوازدا! بۆیە دەڵێم، شێرکۆ، ناتوانێ بەوە پاکانە بکا کە "خوێندنی باڵا"ی نەخوێندوە! بەڵام شێرکۆ، وادیارە، حەقی بەسەر ئەمانەوە نییەو بەدەستی قەسد، عەوامانەترین خورافەی بۆرژوازی لە چەند دێڕدا، کە لە شیعریش ناچێ، دەرخواردی خوێنەری خۆی دەدا.

ئەگەر مەجال هەبێ، دێینەوە سەر ئەم وەسیەتنامەیەش کە زیاتر ئەم باسانە ڕوون بکەینەوە؛ بەڵام هەر لەوێدا نییە و هەر

ئەوجارەش نییە کە شێرکۆ، پیاو دەکا بە چەقۆی تیرۆری ژن:

*ئایش، لە خۆرا و بە بێ هۆ،*
*نازریکێنێ؛*
*ئەوە ژنێکی ترساوی قژژاکاوی*
*رۆژهەڵاتە و*
*پیاوێک -لەشێوەی چەقۆدا-*
*دوای کەوتووە و ڕاوی ئەنێ...*

هەر ئەمەش نییە؛ شێرکۆ، هەرکات دێتە سەر باسی ستەم لە ژن، هەر برایە و هەر باوکە و هەر مێردە کە زوڵم لە ژن دەکەن. کاتێک زەخت و زۆرەکە بە دەستی پیاو دەقەومێ، شێرکۆ لە هەڵلای دەدا و هەموو پیاوسالاریی دەنێتە ئەستۆی پیاو! بەڵام کاتێک دایەخانمی خەتەنەکەر، بە چەقۆوە، دەنیشێتە ملی کچانی بەستەزمان کە سەقەتیان بکا، شێرکۆ بێدەنگە! کاتێک حاجیژنی حیجاب لەسەر، تریاکی ئایین دەکاتە مێشکی ژنانەوە، شێرکۆ دیار نییە! ئینسان، بیری ئەوە ئەکەوێتەوە کە زەمانی زوو، دەیانگوت: ئەوە نییە خۆر، لەوێوە هەڵدێ و لەوێوە دائەچێ؟! دەی دیارە، خۆر بەدەوری ئەرزا ئەگەڕێ! شێرکۆ، بەهیچ جۆرێک عەوام نییە کە ئەم حەقیقەتانەی، لە هیچ کوێ نەبیستبێ. هیچ نەبێ، کاتی هاتوچووی لای کۆمەڵە، لە هەشتاکاندا، بە تیکرار، لە ئێمەی بیستووە! دەی، ئایا دەیەوێ، بە دەستی قەسد، بەرهەڵستی ئەم حەقیقەتانە بێیەوە؟؟

تەلەڤزیۆنی دەنگی ئەمەریکا، لە پرۆگرامێکی فارسیی بەناوی، "دوالاپەڕە"دا، بڕگەیەک لە دیکلەمەیەکی شێرکۆ نیشان ئەداو پێی دەڵێ "دیالکتیک"؛ لەو بڕگەدا شێرکۆ دەڵێ:

*هەمدیسان*
*نەفرەتی خۆکوژیم هاتەوە نێو خوێن*
*و*
*هاتەوە کاولاشی ماڵەکەم*
*هەمدیسان*
*ئەم دەستم ، ئەو دەستم ئەکوژێ و*
*ئەو دەستم سەری خۆم ئەدزێ و*
*ئەم دەستم دەمی خۆم ئەدووریَ و*
*هەمدیسان*
*هەرمن خۆم چەقۆم و هەر خۆیشم*

*تەرمەکەم*
*هەمدیسان من هەر خۆم سێدارە و*
*هەر خۆیشم لاشەکەم*
*.... پێکەوە گۆڕم و گۆڕهەڵکەن*

تەلەڤزیۆنی ئەمەریکا، زۆر ئەم "دیالکتیک"ەی شێرکۆ، بەرز دەنرخێنێ و لەدرێژەشدا، دیکلەمەیەکی شاملوو دادەنێ کە وەرگێڕاوی فارسیی شیعرێکی شێرکۆیە و تیایا دەڵێ: <u>ئازادیی، ڕۆح و مەعنای هەموو شیعرەکانییە</u>! بڵێین چی، ئەگەر شاملوو کوردیی نازانێ و وەک ئێمە زامداری تیروشیری بۆرژوازیی کورد نییە و ئاوا بە شێرکۆدا هەڵدەڵێ! ئەوە هەر شاملوو نییە کە ئەم هەڵەیە دەکا؛ بەرەیەک لە بۆرژوازی "چەپ" لە دەرەوەی کوردستان ئەو هەڵەیە دەکەن و دەرخواردی خەڵکیشی دەدەن. سەرەکوەزیری سۆسیال دیموکراتی سوید، خەڵات بە شێرکۆ دەبەخشێ و شارداری فلۆرانسی ئیتالیا، شانازیی هاوشاریی فلۆرانس! ئەمانە، سەرکردەی بۆرژوازین و سەیرنییە ئەگەر کاری ئێمە دژوارتر بکەنەوە! وەک خەڵاتی ئاشتیی نۆبل کە بە ئۆباما دەدرێ و بە شیرین عیبادیی و بە ئیسلامە سیاسییە "مۆدیرن"ەکەی دەدرێ! ئێمەش ئەبێ پەهبادەکان و دراونەکانی ئۆباما، نیشانی خەڵک بدەین و هاواری ئەو هەزاران بێتاوانە بین کە بەو بۆمبانە سووتاون؛ دەبێ ڕیشی نهێنیی شیرین عیبادیی، نیشانی عالەم بدەین و ئەو هەموو خەنجەر و زیندانانەی لە ژێر داوێنی ئانگ سان سووچی و شیرین عیبادییدا شاراونەتەوە، لەهەڵلا دەین؛ نە؛ نابێ سامی ئەم خەڵاتانە بمانگرێ! دەنا، ئەگەر ئازادیی ڕۆح و مەعنای شیعری شێرکۆیە، ئەی نەفرەت لە عەرەب و لە عەجەم چ جێگایەکی هەیە؟؟ ئەگەر نەفرەت لە شیعرەکانی شێرکۆ دەرهاوێژین چەند وەرزی دەمرێ؟؟

نموونەیەک لەو ئازادییە کە بە قسەی خۆی، کوولەکەی ڕۆحی

شیعرەکانی شێرکۆیە، هەڵگوتنیە بە"قاسملوو"دا:

قاسملووی سکرتێری حیزبی سەرمایەداریی لە کوردستان، دەکاتە نووسەرێک کە خەریکی "هەڵکۆڵینی مێژوویەکی ناو بەردەڵان" بووە! وادیارە مەبەستی شێرکۆ، کتێبەکەی "کورد و کوردستان"ی قاسملوو بێ؟ ئەو کتێبەی بوو بە بنەمای فیکریی بۆ حیزبی دیمۆکراتەکەی کە چینی کرێکار لە کوردستان، بە نەبوو دادەبنێ؟ ئەی بۆچی خۆی و حیزبەکەی، عەشایەر و بۆرژوازیی سازمان دەدەن لەدژی هەر ئەو چینی کرێکارە، لە شار و لە دێ؟؟ بێگومان "خوێندینی باڵا"ی پێویست نییە کە شێرکۆ بزانێ چلۆن حیزبەکەی قاسملوو، سەرەتای دامەرزانی جمهوری ئیسلامیی لە کوردستان، چلۆن چەکدارانە، دەچووە سەر زەوی و زاری جووتیارانی هەژار و موڵک و ماشی سەرمایەدارانی دێی دەپاراست! چلۆن لە ڕوویان هەڵدێ باسی ئازادییەکەیان بکەن کاتێک عالەم لەبیری ماوە کە چلۆن دەستیان چوو بە خوێنی سولەیمانی موحەمەدیی، کرێکاری هەڵسوڕاوی کوورەی ئاجۆردا و چلۆن چەکدارانی قاسملووی "دڵ پەمەیی" چوونەسەر مەقەڕی سازمانە چەپەکان لە بۆکان و ... و چلۆن ساڵەهای ساڵ شەڕیان فرۆشت بە کۆمەلە و سەدان کچ و کوڕی شۆڕشگێڕ و کۆمۆنیستیان، بێبەزەییانە کوشت! کەچی شێرکۆ دەڵێ:

*ئەو عاشقی ئازادیی بوو...*
*لە ڕۆژهەڵاتی ڕقا*
*کە هێشتا تیغەکان خوێنیان لێ*
*ئەچۆڕا*
*ئەو وتی:*
*لێبوردن...*

لێبوردن؟؟ لەکێ؟ لە خومەینی کە قاسملوو، پێشتر، "لەبیەیک"ی بۆ ناردبوو؟ کەخۆی، لە حەنای ئەوا، هێند بچووک و بێبایەخ کردبوو؟؟ لێبوردنێک کە جوابەکەی لە ئۆتێلەکەی ڤیەن، بە گوللەی گەرم

درایەوە؟! یان ڕنگە، مەبەستی کۆمەڵەی ئەوکات بووبێ، کاتێک دەڵێ "تیغەکان خوێنیان لێ ئەچۆڕا"؟ ئەگەر وابێ کەتمانە! کەتمانێکی ئەنقەسد؟؟ ئاخر، ناکرێ شێرکۆ بێخەبەر بووبی لە دەور و دەسەڵاتی قاسملوو، لەو شەڕە پڕغەدرەی حیزبەکەیدا، لە دژی کۆمەڵە و لە دژی سازمانە چەپەکان! ئەمە "خوێندەواریی باڵا"ی ناوێ؛ بەتایبەت کە شێرکۆ ئەو هەمووە بەئاگایە لە کێشەکانی کوردستان و ئەوەی پێی دەڵێ "براکوژیی" هەمیشە دووپات دەکاتەوە و بێوچان دەڵێ:

*ئەم دەستم ، ئەو دەستم ئەکوژێ و*
*ئەو دەستم سەری خۆم ئەدزێ و*
*ئەم دەستم دەمی خۆم ئەدوورێ و*
*هەمدیسان*
*هەرمن خۆم چەقۆم و هەر خۆیشم*
*تەرمەکەم*
*هەمدیسان من هەر خۆم سێدارە و*
*هەر خۆیشم لاشەکەم*
*.... پێکەوە گۆڕم و گۆڕهەڵکەن*

شێرکۆ ئەزانێ کە قاسملوو، "لە ڕۆژهەڵاتی ڕقا"، فەرماندەی شەڕێکی پڕتاوان و ڕقاویی و چەنای چەند سالە بووە لە دژی کۆمەڵە و هەتا مەرگیش، نەک هەر نەیگوت "لێبووردن"، تەنانەت جوابێکیشی بە پێشنیاری چەند جارەی ئاگربەسی کۆمەڵە نەدەدایەوە، تاوەکوو، پاش ئەوەی حیزبی دیمۆکرات، هێندە کز ببوو کە نەیدەتوانی شەڕەکە درێژە بدا، ئاخریی، کۆمەڵە، ئاگربەسی یەکلایەنەی ڕاگەیاند و شەڕەکەی تەواو کرد! "خوێندنی باڵا"ی پێویست نییە کە شێرکۆ بزانێ، قاسملوو، هەرلە سەرەتای دەسەڵاتی خومەینیدا. پەیامی "لەبەبەیەک" بۆ "ئیمام خومەینیی"یەکەی دەنێرێ و سەرەنجامیش گیانی دەنێتە پێناوی ئەو خۆشباوەڕییە کە بتوانێ، لەگەل ئەوەی شێرکۆ پێی دەڵێ: "کۆماری سێدارەی ئیسلامیی"، یەک بکەوێ! ئایا شێرکۆ و قاسملوو، بەمە دەڵێن ئازادیی و عاشقی ئەمەن؟؟

بەڵام شێرکۆ، بە قاسملوویەوە، سەرەڕای هەموو "هەڵکۆڵینی مێژوویەکی ناو بەردەڵان"، سەرلێشێواون بە ناسیونالیسمێکی نەزۆک و بە بەرژەوەندیی سەرمایە! قاسملوو، وا سەری لێشێوا کە کەوتە داوی ئۆتێلەکەی "ڤیەن". بەڵام شێرکۆ، ئەمە نالێ؛ بەڵکوو سەر لە گوێگریش دەشێوێنێ و نێوی دەنێ کراوەیی و خەباتی سپی:

*ئەو، (قاسملوو)*
*بەرلە هەموان*
*وتی کرانەوە و هەمەڕەنگیی و*
*ڕێگای گۆڕران*
*....*
*قاسملوو؛ هزرێک لە ئاوێنەی بەر هەتاو؛*
*ئەو ئاوێنەیەش لە خۆشەویستیی خەڵکیی*
*ئەو خۆشەویستییەش لە پەیکی ئازادیی و*
*ئازادیش لە جەستەی شەهیدان؛*
*قاسملوو،*
*پیاوێک، لە پەنجەرەی گوڵ هەنار...*
*ڤیەن*
*ویستگەیەک بۆ خەباتی سپی،...*
*هەوڵێک بۆ گرتنەوەی لووزەوی خوێن،...*
*ڤیەن*
*لەم بەرەوە گمەگم ولەوبەرەوە*
*چەند چەقۆیەک...*

تکایە گوێ لەو شیعرە، یان وەک خۆی دەڵێ ئەو "قیژەدرێژە"ی شێرکۆ بگرن:

https://youtu.be/wgiym9a91Ek

چونکا مەجال نییە هەمووی بهێنینە ناو ئەم نووسراوەیە. ئێوە یارمەتییمان بدەن کە چلۆن ئەتوانین ئەم چاوپۆشییە دەست-قەسدە، بە شێرکۆ ببەخشین!؟

ئەمە، بنێنە پاڵ ئەوهەموو کڕووزانەوانەی شێرکۆ دەیکا بۆ "براکوژیی"! چلۆن ئەتوانێ ئەم کەتمانە بکا و قاسملوو بکا بە ئاوێنە و بیکا بە عاشقی ئازادیی و داوێنی بشواتەوە، لە کوشتنی بێبەزەیانەی ڕۆڵەکانی ئێمە؟؟ لە کوشتنی سولەیمان محمدیی، تەلی

هەورامی، بەیان و سەدان پێشمەرگەی کۆمەڵە کە بێبەزەییانە، کوژران؟!

شێرکۆ خۆی، یەکێک لەو پێشمەرگانە، بەیان، ئەلاوێنێتە و لەوێشدا هەر ئەو باڵۆرەی "براکوژیی"یە لێدەدا و دەڵێ:

*بەیان... بەیان ... بەیان...*
*ئەوتفەنگەی*
*دەستەکەی تری خۆم کوشتی*
*ئەو شیعرەی*
*هەر قەڵەمەکەی خۆم بوو کۆشتی*
*ئەو شەپۆلەی*
*ڕووبارەکەی خۆم خنکاندی*
*ئەو درەختەی*
*برووسکەی خۆم سەری بڕی*
*بەیان... بەیان ...*

ئەیەوێ بۆ کوێمان بەرێ، شێرکۆ؟! ئەیەوێ بڵێ بکوژی بەیان و بەیان، دوو بەشی یەک پەیکەرن؟؟ دەڵێ حیزبی ستەم و سەرمایەو ئاواتەکانی بەیان، یەک بەرژەوەندیین؟! بەیان و هاوڕێیانی بەیان، هەر ئەوانەن کە ئەویان کوشت؟! ئەمەیە ئەو ئازادیی یە کە شێرکۆ، بە ڕۆحیانەتی شیعری خۆی دادەنێ؟؟ یان ئەمە سەرلێشێواندنە؟؟ دوژمن بە دوست دانانە؟؟ چەواشەکارییە؟؟ یان هەر حەقیقەتی ئازادیی بۆرژواییە؟؟ ناسیۆنالیسمێکە کە دەڵێ، تۆ، خۆشت بکوژی و ببڕی هەر مارەکراوی "نیشتیمان"ێکی کە ئەگەر بشت کوژێ، هەر تۆ هی ئەوی و چارەت نییە! ئەم ناسیونالیسمە بەڵام، دەمێکە، لە مەرگەساتی خۆیدایە و مردووە و کاریگەریی نەماوە؛! ئەمە حەقیقەتێکە کە شێرکۆش، شاهیدیی لەسەر دەدا! لە یەکێک لە "قیژە درێژ"ەکانیدا: "ئێستا کچێک نیشتیمانمە"، بەدوور و درێژیی، شاهیدیی دەدا کە پاش ئەوهەموو دزیی و چەتەییە کە بۆرژوازیی کورد کردوویە؛ پاش ئەوەی مەتر و ژمارە بەش ناکا زەوییە دزراوەکانیان مەتر کەن؛ پاش ئەوەی ... ئیتر، ئەم "نیشتیمان"ەی

*بڕوانە لاپەڕەی .... ٨٦*

# جەناب و قوربان و بەڕێز!

بەکر ئەحمەد

له ماوەی پانزەساڵی بەرنامەپەخشکردن و کارکردن وەک بێژەر له ڕادیۆی هاوپشتی، کۆمەڵێک یادگار و ڕووداوی سەرنجڕاکێش و تێبینی هەن که تا ئێستاش نەمپەرژاوه ئاوڕدانەوەیان لەبەرانبەردا بکەم. یەکێک لەو تێبینییانه چۆنێتی ناوبردن و بانگردنی ئەو کەسانه بوون که گفتوگۆی ڕادیۆییم لەگەڵدا ئەنجام دەدان.

لەو ماوه درێژەدا، کەسانێکی زۆری دەسەلاتی سیاسی و هونەرمەندان و گۆرانیبێژان و نووسەرانی کورد له ڕادیۆوە ئاخاوتنییان لەگەڵدا کراوە.

له زۆر حاڵەتدا دەمویست کەسەکان بەناوی خۆیانەوه ناوبەرم. بەڵام له شوێنێکی ئاخاوتنەکەدا، کولتووری باوی کۆمەلگا له ناخی منیشدا قووتدەبووەوه و دەستەواژەکانی، مامۆستای بەرێز، کاک کۆسرەت، بەڕێز کاکه حەمه یان هەر ناو و ناونیشانێکی دیکه که به میشکی



هەمووماندا دێت، بەسەرزاردا وژەی دەکرد.

ئولوف پالمەی سوید له سالی ١٩٦٧ دا به ڕۆژنامەنووسان دەلێت: به ناوی خۆمەوه بانگم بکەن! تەنها ئولوف و بەس.

من شەخسی خۆم هیچ ئاخاوتنێک و چاوپێکەوتنێکی تەلەفیزیۆنیم نەدیوە، مەزهەری خالقی و ناسری ڕەزازی و نێچیروان بارزانی بە ناوی خۆیانەوە بانگبکات.

مامۆستای گەورە و جەنابی سەرۆکی حوکمەت و دەیەها ناو و ناونیشانی دیکە لە گوێچکەی هەمووماندا دەزرنگێتەوە. بە کورتییەکەی، لە زمانی کوردیدا هێشتاش کارێکی ئاسان نییە لە ئاخاوتن لەگەڵ کەسێکی دیار و نادیاردا بە ناوی خۆیەوە بانگی بکەیت و هیچ پێشگرێکی جەناب و قوربان و بەڕێزی بۆ دانەنێیت.

من پێموایە تا ئێستاش قوتابیی ناتوانێت بە مامۆستاکەی بڵێ: شلێر یان ئازاد. مامۆستا شلێر و مامۆستا ئازاد تاکە شێوازی ئاخاوتنی قوتابییانە لەگەڵ مامۆستادا.

هەتا مەقام و پلەو پایەکانی ئینسانیش بەرزتربێتەوە، ناو و ناونیشانەکانیش ئاسانتر نابنەوە و جەنابی بەڕێوەبەر و دوکتۆر فلانەکەس دەبنە ناوی یەکەمی کەسی بانگکراو.

پوختەی قسەی من ئەوەیە: کەی ئینسان دەبێتەوە بە خۆیی و ڕاناوی "تۆ"، جێگای "ئێوە" دەگرێتەوە و مامۆستا و جەنابی دوکتۆر و بەرێوەبەر دەبنەوە بە کەسەکانی خۆیان.

ئەم باسە ڕەنگە بۆ زۆر کەس پەیوەندی بە ئاداب و ئوسوڵی ئاخاوتنی کۆمەڵگاوە هەبێت و پرسیارێکی دیموکراتی نەبێت. بۆ من هەم سەروکاری لەگەڵ ئادابدا هەیە و هاوکاتیش پەیوەندییەکی سەیری لەگەڵ دروستبوونی تاکی ئازاد و بنەما سەرەتاییەکانی دیموکراتی و یەکسانییدا هەیە.

لە وڵاتێکی وەک سویددا، تەنها بە "پاشا"ی سوید دەوترێت ئێوە. ئەگینا سەرۆکوەزیران و بەڕێوەبەرە باڵاکانی گەورەترین کۆمپانیاکان بە ناوی خۆیانەوە

بانگدەکرێن و بەکارهێنانی دەربڕینی "ئێوە" وەک سووکایەتییەک سەرنج دەدرێ.

بەلام بەوەی هێشتا، نموونەکانم لە سویددا دەسوڕێتەوە، باشترە نموونەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش لەمێژووی سوید بهێنمەوە کە پەیوەندی بە باسەکەمانەوە هەیە.

## ڕیفۆرمی "تۆ"

لە مانگی حەوتی ١٩٦٧دا، "بروور ڕێکسێد" دەبێتە بەڕێوەبەری بالای یەکێک لە دەستگا گەورە دەوڵەتییەکانی سوید و لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیدا لەگەڵ کرێکار و کارمەندانی ئەو دەستگایەدا، بانگەوازی هەموان دەکات کە بە "بروور" بانگی بکەن و هەرچی ناونیشانی سەرکار هەیە، وەلا بنرێت.

سەیر ئەوەیە: سکرتێرەی یەکەم برگیتا و بەڕێوەبەری بەشی ژمێریاری ئەندریاس و سەرۆکی بەشی تەلەفۆنات ناوی بەکارهاتووی سەرکاری ڕۆژانەی کارمەندانی نەک هەر ئەم شوێنە، بەڵکو زۆربەی شوێنی کارەکانی دیکەی سوید بوو لەو زەمەنەدا. واتا هیچ کەسێک بە ناوی خۆیەوە بانگنەدەکرا و ناونیشانی وەزیفەکە دەخرایە پێش ناوی کارمەند یان کرێکار.

لەسەر کاردا، ئینسان نەیدەتوانی و ئاسان نەبوو یەکتری بە تۆ و ناوی خۆیەوە بانگبکات. ئەوەی بروور ڕێکسید دەیکات ئەوەیە کە ئەو لەگەڵ کارمەندەکانی خۆیدا دەبێتەوە بە برور و بە ناوی خۆیەوە بانگدەکرێت.

بە کوردییەکەی: تۆ لە ئاسیا سێڵدا کارمەندی پرسگە بیت و بە فاروقی مەلاموستەفا بڵێی: فاروق. بە بێ جەناب و کاک فاروق و قوربان و هەموو ئەو دەستەواژانەی لە مێشکدا هەن.

مێرتا نوردنفێلت کە کارمەندی دەستگاکەی بروور ڕیکسێدە دەڵێ: من لە ئاخاوتن لەگەڵ دایک و باوکمدا، تۆم بەکارنەدەهێنا و بە

دایە و بابە بانگم دەکردن. بە دایک و باوکی هاوڕێکانیشم دەوت: پووریێ یان مامە.

بەڵام بۆ ئاخاوتن لەگەڵ کارمەندانی دەستگاکەدا، لیستی درێژی ناو و مەقام هەبوو کە نەدەکرا هەڵەی تیادا بکرێت. بۆیە کاتێک قسە لە گەشەکردن بەکارهێنانی "تۆ"وە دەکرێت لە سویددا، برورر ڕێکسێد، وەک یەکێک لە فیگورە تایبەتییەکانی ئەم ئاڵوگۆڕە سەرنج دەدرێت و شانسی ئەوەی پێدەدرێت لە پەیوەند بەوەی کە کاتێک ناوی ڕیفۆرمی تۆ دەهێنرێت، ناوی ئەویش دێتە پێش.

بە کورتییەکەی: ڕیفۆرمی تۆ، ئەو چاکسازییە زمانەوانییەیە کە لە سویددا ئەنجامدەدرێت و لە ئاخاوتنی ئینسانەکاندا تۆ جێگای ناونیشان و ئێوە و پێشگرو پاشگرەکانی دیکە دەگرێتەوە.

پرۆفیسۆری زمانەکانی باکوور، "ئوللە یوسفسۆن" لە دانشگای ستۆکهۆڵم دەڵێ: دوو سەرچاوەی گەورە لە پشت پەرەسەندنی ریفۆرمی تۆوەیە لە سوید.

یەکەمیان: گەشەی دیموکراسی و یەکسانیخوازی کە لە کۆتایی شەستەکانی ئەوروپادا لە پەرەگرتنی خۆیدا بوو بە هۆی بزووتنەوەی ٦٨ وە، دووەمیشیان: کۆچی بەکۆمەڵی خەڵکی دێیە بەرەو شارەکان کە بە ئۆربانیزەیشن ناودەبرێت.

لە دۆخی یەکەمیاندا، گەشەی بیروباوەڕی یەکسانیخوازی ئینسان دەخاتەوە مەرکەز و ناو و ناونیشانەکانی لێدەکاتەوە و دەکرێتەوە بە خۆ. کۆششێک بۆ سەرنجدان لە ئینسان وەک ئەوەی هەیە بێ ئەوەی بەرزی و نزمییە کۆمەلایەتییەکانی کۆمەلگای چینایەتی، لە ماهیەتی ئینسان کەمبکاتەوە. لانی کەم لە زمانی ئاخاوتنی رۆژانەدا.

لە دۆخی دووەمیشیاندا، کۆچی بە کۆمەڵی خەڵکی دێ بۆ شار، جۆرێک لە پێکەوەژیانی قورستری هێنایە پێش کە ئاسان نەبوو بۆ

خەلکی تازەی شارەکان ئەو هەموو ناو و ناونیشانە زۆرانە لەبەرکەن و لە کاتی ئاخاوتندا ڕیعایەتی بکەن.

لە دێهاتدا، بە هۆی بەرتەسکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و زانینی ناو و ناونیشانەکانەوە دەکرا بزانرێت کێ کچی کێیەو ئامۆزای ئاغا کێیە و سەپانی ماڵی فلانە کەس ناوی چییە.

لە زۆربوونی دەمووچاوەکان و قەڵەباڵغبوونی شارەکاندا، ئیمکانی پەیڕەویکردن لە کۆد و کولتوورێکی زمانەوانی بەمجۆرەی کە لە دێهاتدا هەبوو، یان پلەو مەقامە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگای چینایەتی و بازاڕێکی قەلەباڵغتر هێنابوویە پێش، کارێکی ئاسان نەبوو.

## کۆمەلگای کوردی و "تۆ"

نەبوونەوی مامۆستا سەردار بە سەردار و دوکتۆر مەحمود بە مەحمود و عالییەخان بە عالییە، بەرلەوەی نیشاندانی کۆد و کولتووری کۆمەلگا بێت کە ڕێز سەرتاپای تەنیوە، ئاماژەی ونبوونی تاکێکە کە دەبوایە بە ناو و ناونیشانی خۆیەوە دەرکەوێت.

بانگکردن و ناونیشانەکانی سەرەوە، بەرلەوەی حەکایەتی ڕیزداری کۆمەلگایەکمان بۆ بگێڕێتەوە، چیرۆکی ئەو زیندانەیە کە بە ناوی ڕێزەوە لە دەوری تاک دانراوە. بۆ ئەوەی تاکیش ببێتەوە بە خاوەنی خۆ، دەبێ لە کۆت و پێوەندەکانی ئەم جۆرە ڕێزە خۆی رزگاربکات.

لەم ناو و ناونیشان هێنانەدا، ڕێز ئامادەیی هەیە بۆ ئەوەی تاک نەتوانێ وەک خۆی دەرکەوێت.

لە دایکنەبوونی تاک لە کۆمەلگای کوردیدا، دەکرێ لە دەیەها شکلی جۆراوجۆری کولتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا خۆی نیشان بدات. پەردەکانی ڕێز کە ناو و ناونیشانەکانی دەوری ناوی داپۆشیوە، هیچ شتێک نییە، جگە لە

کۆششێکی ئامانجدارانەی کۆنسیرڤاتیڤانە بۆ دەمپێداخستنی تاکێک کە ئیلهام لەخۆیەوە وەردەگرێت و دەکرێ تێروانینێکی تەواو ڕێزدارانەش بۆ ئاخاوتنی خۆی لەگەڵ ئەوانی دیدا بدۆزێتەوە بێ ئەوەی دەم وچاو و ناوی ڕاستەقینەی خۆی ونبکات. واتا ڕێز لێرەیە تا ڕێ لە لەدایکبوونی تاکێک بگرێت کە دەکرێ پێناسێکی دیکە بۆ ڕێز بدۆزێتەوە بۆ ڕاگرتنی پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.

خاڵێکی دیکە کە جێگای سەرنجە، پرۆسەی کۆچی دێیە بۆ شار کە وەک هۆکاری گرنگی پەرەسەندنی چەمکی "تۆ"ی بەرانبەر "ئێوە"یە لە شارەکاندا ئاماژەی پێدەدرێت. بە تایبەت لە دۆخی سویددا. ئەم وێنەیە لە کوردستاندا تەواو پێچەوانەیە.

بە بیرم دێ، کاتێک دەربڕینی سوپاس دەبێتە وێردی سەرزاری خەڵکی شار، شەپۆلێک نوکتەی "لادێ"یانەی لەبەرانبەردا قوتدەکرێتەوە.

دەڵێن کابرایەک خەڵکی لادێ دێ بۆ شار و لە کاتی فرۆشتنی شتومەکەکانیدا، خەلکی بەس سوپاسی دەکەن. لە ئێوارەدا کە دەچێتەوە بۆ دێ و لێیدەپرسن شتەکانی بە چەند فرۆشتووە، لە وەلامدا دەلێ: بەس سوپاسم وەرگرتووە.

با نموونەیەکی دی لە کۆششی شار لە کاتی بەریەککەوتنی خەلکی دێدا بێنمەوە. "بەڕێز" دەربڕینی خەڵکی شارەکانی کوردستانە لە ناوەراستی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردووە. بەڕێز فەرموو، بەڕێز بەخێر بێت، بەڕێز چیتان دەوێ، هتد

کاتێک گەڕامەوە کوردستان و ئەم هەموو بەرێزفرێدانەم لە ژیانی رۆژانەدا بینی، تووشی بیرکردنەوەیەکی سەیر بووم. چی دەبوو ئەگەر: فەرموو چیت دەوێ وەک خۆی بەکاربهێنرایە و بەڕێزی لە پێشەوە دانەنرایە،

بێگوومان دەستەواژەی بەڕێز، جێگای ناوی کەسی کرپیار دەگرێتەوە.

ئەگەر دێهات بوایە، هەمووان ناوی یەکتریان دەزانی و بە مامۆستا فلانە کەس و حاجی عەلی و ئایشەخان جێگای پڕدەکرایەوە. بەلام بەوەی ئەم ئاخاوتنە لە شاردا ڕوودەدات و کەسی کڕیار نازانرێت کێیە، بەڕێز دێت و ڕزگارمان دەکات. ئاخر ناکرێت ناوی هەموو کڕیارەکان بزانرێت. واتا بەڕێز بەرلەوەی نیشاندانی ڕێز بێت لەکەسێکی نەناسراو، ناوێکە و دێت و شوێنی ناو و ناونیشانی ڕاستەقینەی کڕیار دەگرێتەوە.

ئەوەی کە ئینسان لە سویددا بە تۆ و ناوی خۆیەوە لە هەموو دۆخێکدا لەگەڵ بەرانبەردا ئاخاوتندەکات، ئاسناکردنەوەی ئاخاوتن و لابردنی ڕیگرییە کولتووری و چینایەتییەکانە و بوونەوەی ئینسانە بە خۆی.

لە دۆخی سوپاس و بەڕێزی شارەکانی کوردستاندا، هێندەی شار بەم دەربڕین و دەستە- واژانەوە خەریکی خۆ جیاکردنەوەیە لە دێهات، هێندە بەشوێن دروستکردنی تاکێکی ئازادەوە نییە کە شار دەبوایە لە گەورەکردن و پێگەیاندنیدا، لانکەیەکی گرنگ بوایە. بەڵکو هێشتاش بە چەک وکەرەستەکانی زمانی "لادێ"وە، خەریکی خۆجیاکردنەوەیەتی لە دێ.

بە زمانێکی دی: ئەگەر لە دیهاتدا، ناو و ناونیشانەکان دیارن و دەزانرێ کێن و پلەو مەقامەکان و سنوورەکانی ڕێز و بێڕێزی لە زمان و پراکتیکەکانی دیکەی ڕۆژانەدا بە زەقی خۆیان نیشاندەدەن، ئەوا لە کاتی قەڵەباڵغی شارەکاندا ناکرێ پەیڕەوی لەهەمان کۆد و کولتووری زمانەوانی بکرێت و قسەبکرێت.

بۆیە بەکارهێنانی بەڕێز لە زمانی شارەکانی کوردستاندا، هیچ نییە جگە لە وەرگرتنی کولتووری ڕێزی

دێ و گواستنەوەی بۆ ئاخاوتنی ناو شار لە دۆخێکدا کە دەموچاوەکان نادیارترن و دەکرا ببنەوە بە خۆیان و لەو هەموو کۆدە کولتووریی و چینایەتییەیانەی دێ ڕزگاربکرانایە، پرۆسەیەک کە لەگەڵ گەشەی زۆربەی شارەکاندا بینراوە و لە دۆخی کوردستاندا تەواو پێچەوانە دەبێتەوە.

بێگومان ئەم دۆخە لەوە دەچێت کە دێ و کولتووری دێ شار لووشدەدات و بە هەمان پێوەرەکانی دێهاتەوە ئاخاوتن ئەنجامدەدرێت. بە تایبەت لە کاتێکدا کە تۆ لە ئاخاوتندا وندەبێت و ناوو ناونیشانەکان جێگای تۆ دەگرنەوە.

ئەگەر هۆکاری کۆچی دێ بۆ ناوشارەکان لە دۆخی سویددا بەڕێوەبەری قوتابخانە دەکات بە "ویلیام"ێک و تایتڵی کارەکەی لێدەکاتەوە، ئەوا لە زمانی کوردیدا، نەک هەر نایکاتەوە بە "مودیری قوتابخانە"، بەڵکو ناونیشانی "بەڕێز مودیری قوتابخانە"ی پێدەبەخشێت و دەیکات بە کائینێک کە هەموو شتێکە خۆی نەبێت بە ناوی خۆوە.

بێگومان ونبوونی تێڕوانینێکی یەکسانیخوازانە بۆ کەمڕەنگ کردنەوەی کاریگەرییەکانی کۆمەڵگای چینایەتی و تێروانینێکی دیموکراتی ساغ و سەلیم لە کۆمەڵگادا بۆ ئینسان، کولتووری بانگنەکردن بە "تۆ"ی لە کۆمەڵگای کوردیدا هێندەی دی، لاوازتر کردووە. ئەگەر گەشەی دیموکراسی و تەشەنەکردنی بیروباوەڕی یەکسانیخوازانە هۆکارێکی دیکەی گەشەی ریفۆرمی تۆی کۆمەڵگای سویدە، ئەوە لە کۆمەڵگای کوردیدا، بە زەقی غیابی ئەم لایەنە هەستپێدەکرێت.

** بڕوانە گۆڤاری پوبلیکت Publikt گۆڤاری یەکێتی کارمەندانی دەوڵەتی ژمارە ٨ ساڵی ٢٠١٧*

☆

# له یادی شێوەکار

## ڕەحمان شافیعی دا

سلیمان قاسمیانی (کاکه)

ڕەحمان شافیعی سالی ١٩٦٣ له سەردەشت له دایک بوو و هەر لەوێش خویندنی ناوەندی تەواو کرد. سەردەمی مێرمندالی ڕەحمان هاوکات بوو له گەل راپەڕینی گشتی له ئێران دژی رژێمی شا. ئەویش به رۆحی گەرم و یاغی خۆیەوه بەشداری خۆپیشاندانەکان بوو. له گەل هاتنه سەر کاری کۆماری ئیسلامی ئیران، رەحمان چووه ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە. ڕەحمان نیگارکێشێکی به توانا بوو و هەربۆیەش یەکێک له ئەندامانی ماندوویی نەناسی بەشی ئینتشاراتی کۆمەله بوو. شوێن پێی قەڵەمی رەحمان به گۆڤاری کۆمۆنیست ئۆرگانی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران و باقی بڵاوکراوەکانی حزب و به تایبەت پۆستەرەکانی دژی شەڕەوه دیاره.


ڕەحمان سالی ١٩٨٤ به دوای تۆپبارانکرانی ئۆردووگای کۆمەله به توندی بریندار بوو و دەست و لاقێکی له دەستدا. له تۆپبارانەکەدا هاوسەر و چەن هاورێی تری رەحمانیش گیانیان بەختکرد.


رەحمان به دوای بریندار-بوونەکەیەوه هاته دەرەوەی ولات بۆ دانمارک. سەرەڕای ژانی هەمیشەیی، رەحمان بەردەوام بوو له کاری نیگارکێشی و هونەری.




هەرچەند رەحمان دوای هاتنه دەرەوەی ولات کاری تەشکیلاتی نەدەکرد، بەڵام وەکوو بیر و باوەر تا دوا ساتەکانی ژیانیش هەر مرۆڤێکی پێشرەو و رادیکال مایەوه و خۆی به کۆمۆنیست دەزانی. رۆژی ٢٠ی مانگی ٢ی زایینی ساڵی ٢٠١٢ له شاری یۆتێبۆری له سوید ماڵئاوایی له ژیان کرد.

به داخەوه ڕەحمان زوو به جێی هێشتین. لێرەدا به پێشاندانی حەوت دانه له بەرهەمەکانی یادی بەرز و بەڕێز ڕادەگرین.


مرۆڤ و نەژاد
Rahman Shafei




بەخێر بێن!




بەرهەمی نەتەوایەتی





فریشتەی یاسا



کۆتری یاغی



داهاتوو



سنووره قۆڕەکان

# شوەیک سەربازی بەجەرگ!

نووسینی: یارۆسلاو هاشێک
وەرگێڕان لە سویدییەوە: سلیمان قاسمیانی (کاکە)

ژنە خزمەتکارەکە رووی کردە "شوەیک"، کە چەن ساڵ بوو بە هۆی گێلییەتی لە لایەن کۆمیسیۆنی پزیشکی لەشکرییە لە لەشکر دوورخرابووەوە، و وتی:

– "فەردیناند"ەکەشمانیان کوشت.

شوەیک ئێستا خۆی بە فرۆشتنی سەگ، درندەی ناحەز و قیزەونی ڕەگەزتێکەڵاو کە خۆی بەڵگەنامەی نەژادییان بۆ دروست دەکا، بەخێو دەکات. بێجگە لەم ئیشە ئێستا رۆماتیزم ئازاری دەدا و دانیشتووە و خەریکی شێلانی ئەژنۆکانییەتی بە پۆمادێک. شوەیک پرسی:

– کام فەردیناند خات موللێر؟ ... هاوکات درێژەی دا بە شێلانی ئەژنۆکانی... من دوو فەردیناند دەناسم، یەکەمیان لە لای "پروشا"ی رەنگفرۆش کار دەکا کە جارێک شووشەیەک رۆنی قژی بە هەڵە خواردەوە. ئەوی تریشیان "فەردیناند کۆکۆشکا"یە، ئەوەی گووی سەگ هەڵدەگرێتەوە. خۆ ئەم دووانە کەس بیریان ناکات.

– بەڵام قوربان مەنزوورم بەرێز فەردیناندی ئەمیرە، ئەوەی خەڵکی "کۆنۆپیشتە"یە، کابرا خوولە دیندارەکە.

– کچێ نەڵێی! ... شوەیک قیژاندی... لەوە خراپتر هەر نابێ،

ئەمــــیـــری گەورە! لە کـــوێ کوشتوویانە؟

- لە "سارایێڤۆ" کوشتوویانە، قوربان. بە دەمانچە. چووبوونە نێو شار بە سواری سەیارە لە گەڵ خاتووژنکەی.

- دەبینی خات موللێر! سواری سەیارە بوون...؟ ئێ دیارە ئاغایەکی وەکوو ئەو دەستی دەڕوا بەڵام بیری لەوە نەکردەوە کە گەشتێکی بەمجۆرە بە سەیارە چۆن کۆتایی پێ دێ. ئەویش لە سارایێڤۆ! لە وڵاتی بۆسنی خات موللێر، دڵنیام تورکەکان کردوویانە. ئێمە هەرگیز نەدەبوو "بۆسنی-هەرزێگۆڤینی"مان لێ داگیرکردبان، ئەوەش ئاکامەکەیەتی خات موللێر. ئێستا ئیدی گەیشـــتـــووەتەوە خـــزمەت بابوباپیرانی. بڵێی زۆر دەردی کێشابێ؟

- نە قـوربـان، دەبـێ زوو تەواویکردبێ. خۆت دەزانی کە دەمانچە هی شۆخی پێکردن نییە. ماوەیەک لەوە پێش یەکێک لە "نوسلێ" لە ماڵێ بە دەمانچە کایە دەکا و هەموو بنەماڵەکەی، تەنانەت دەرگاوانەکەش کە دەچێت بۆ قاتی چوار تا بزانێ چ خەبەرە دەکوژێ.

- هەندێک دەمانچە هەن خات موللێر، هەر بەڵایەکیشیان بە سەر بێنی دەرناچن. زۆر نەوعی جۆراوجۆریش هەیە بەڵام بۆ ئەوەی بە خزمەت ئەمیری گەورە بگەن حەتمەن دانەیەکی باشتریان کڕیوە و دەتوانم گرێو بکەم ئەو کەسەش کە ئەو کارەی کردووە لە پێشدا خۆی جوان پۆشتە کردووە. تەقە کردن لە ئەمیرێک شتێکی هەروا ساکار نییە، لە من ببیسن! ئەوە ئیتر لە تەقەکردنی دزەڕاوچی لە پاسەوانانی دارستان ناچێ، لێرەدا گرینگ ئەوەیە خۆت بگەیێنییە کابرای نێچیر. بە لیباسی شڕ و دڕ بۆت نییە لە ئەمیرێکی ئاوا نزیکیش ببییەوە. دەبێ کڵاوی لوولەکی درێژت لە سەربێت دەنا بەرلەوەی بە مەقسەد بگەی پۆلیس دەتگرێ.

– قوربان... دەبێ چەند کەس بووبن.

– حەتمەن وایە خات موللێر... شوەیک ئەمەی وت و کۆتایی هێنا بە داماڵینی ئەژنۆکانی... ئەگەر تۆ خات موللێر، بتەوێ گیانی ئەمیرێک یان بڵێین قەیسەر بستێنێ، دڵنیام کە لە پێشدا لە گەڵ کەسێک ڕاوێژ دەکەی. چەند مێشک لە یەک مێشک ئاقڵترن، ئەم شتێک دەڵێ و ئەو شتێکی تر و بەمجۆرە پلانەکە تاجی سەرکەوتنی لەسەر دەنرێ... هەربەو جۆرەی کە لە سروودی نیشتمانییەکەشماندا ئیشارەی پێدەکرێ. گرینگ ئەوەیە کە تۆ دەبێ ئامادە بی ئەو کاتەی کە ئاغایەکی ئاوەها لەبەر دەمت تێدەپەڕێ. ئەگەر لە بیرت بێ خات موللێر، هەر بەم جۆرە بوو کە "لووچێنی"، شاژنی ڕەحمەتیمان "ئێلزابێت"ی بە برپەنگ کوشت. کاتێک لووچینی ئەم کارەی کرد لە گەڵ شاژن لە پیاسەکردندا بوو. دوای شتی وا پیاو بە کێ دەتوانێ متمانە بکا. دوای ئەمە ئیتر هیچ


یارۆسلاو هاشێک

شاژنێک ناچێتە دەر بۆ پیاسەکردن. شکت نەبێ خات موللێر، ئەم بەڵایە بە سەر کەسی تریش دێت. نۆرەی قەیسەر و کچی قەیسەریش دێت و خوا لە زارم نەبیسێ ئێستا کە لە برازای قەیسەرەوە دەستیان پێکردووە، نۆرەی شای شاکانیش دێت. ئەم ئاغاپێرە دوژمنی زۆرن، لە فەردینانندیش زیاتر. هەروەک کابرایەک ماوەیەک لەوە پێش لە بیرەخانە وتی ئەو ڕۆژە دێ کە قەیسەرەکان یەک لە دوای یەک تێدادەچن و تەنانەت دادپەروەری

گشتیش ناتوانێ بەفریایان بگا. دوایەش چون کابرا پارەی پێ نەبوو حەقی بیرەکەی بدا، بیرەخانەچییەکە پۆلیسی بۆ بانگ کرد ئەویش مشتێکی دا بە دەمی بیرەخانەچییەکە و دوو مشتیش بە دەمی پۆلیسەکە. لە کۆتاییشدا فرێیان دایە سەر داشقەیەک و ناردیانە زیندان تا مەستی لە سەری بپەڕێ. ئەی چی خات موللێر...ئەم ڕۆژانە دونیا زۆر شێواوە. ئەمە خەسارێکی دیکەیە بۆ وڵاتی ئوتریش. ئەوکاتەی من لە سەربازی بووم، سەربازێک ئەفسەرێکی کوشت. تفەنگەکەی خۆی پڕکردبوو و چووبووە ئۆفیسی پادگان، پێیان وتبوو کە بچێتە دەرێ، ئەویش وتبووی کە دەبێ حەتمەن ئەفسەرەکە ببێنێ و قسەی لە گەڵ بکات. ئەفسەرەکە دێت و دەستبەجێ بڕیار دەدا کە ئیتر بۆی نییە بێتە ناو پادگان. سەربازەکەش دوای ئەوە تفەنگەکەی بەرزدەکاتەوە و قامک بە بەلەپیتکەکەی دادێنێ و یەکراست دڵی ئەفسەرەکە دەپێکێ. فیشەکەکە لە پشتی ئەفسەرەکە دێتەدەر و خەسارێکی زۆریش بە ژوورەکە دەگەیێنێ، لە شووشەیەکی جەوهەریش دەدا، دەیشکێنێ و بە سەر کاغەزەکاندا دەڕژێ.

– ئەی سەربازەکە چی لێهات... خات موللێر پرسی ،دوای ئەوەی شوەیک لیباسەکانی گۆڕی.

– خۆی بە پەتی شاڵوارەکەی هەڵاوەسی.. شوەیک وتی هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە کڵاوە ڕەقەکەی دەتەکاند... پەتەکەش ئی خۆی نەبوو، لە پاسەوانی زیندانەکە قەرزی کردبوو، چونکە کابرا خەریک بوو شاڵوارەکەی لێ بکەوێ. پێت وایە دەبوایە چاوەڕاون بووایە تا گوللەبارانی بکەن؟ دەزانی چییە خات موللێر، لە وەختی وادا هەر کەس دەتوانێ سەری لێ بشێوێ. پاسەوانی زیندانەکە پلەی دابەزاندرا و شەش مانگیش خرایە زیندانەوە بەلام هەڵات بۆ سویس و ئێستا لەوێ لە کەنیسەیەک بووەتە قەشە. من پێم

وایە کە جەنابی فەردیناندیش لە سارایێڤۆ فریوی بکوژەکەی خۆی خواردبێ. دەبێ کابرای دیتبێ و بە خۆی گوتبێ: ئەم کابرایە کە خەریکە "بژی بژی"م بۆ دەڵێ، دەبێ کابرایەکەی جێی متمانە بێت. کەچی کابرا لەجیاتان سەری بەبادا. دەبێ هەر فیشەکێکی لێ دابێت یان زیاتر؟

– قوربان، لە رۆژنامەکەدا نووسراوە کە ئەمیری کردبووە بێژنگ. هەموو فیشەکەکانی پێوەنابوو.

– دەزانی خات موللێر، هیچی پێ ناچێ، زۆر خێرا تەواو دەبێ. ئەگەر من بوایەم "براونی"یەکەم دەکرێ، لە دەمانچەی یاریکردن دەچێ بەلام بە دەمانچەیەکی وا لە چەند دەقەدا دەتوانی بیست ئەمیریش بە قەڵەو و کزەوە بەهەنگێوی. بەلام قسەی خۆمان بێت خات موللێر، ئەمیرێکی قەڵەو زۆر راحەتتر لە ئەمیرێکی کز دەهەنگێودرێ. لەوانەیە خات موللێر لە بیری بێ کاتێ کە پۆرتوگالییەکان شاکەی خۆیان کوشت. ئەویش قەڵەو بوو، دیارە ناکرێ حیساب لە سەر شایەک بکەی کە کز بێت. من ئێستا دەچم بۆ بیرەخانەی "پیاڵە". ئەگەر کەس هات و پرسی لە سەگە بستەباڵاکە، کە بەشێک لە پارەکەم وەرگرتووە، بڵێ سەگەکە ناردراوە بۆ ئاغەڵی سەگان چون تازە گوێم بڕیوە بۆ ڕاگواستن نابێ تا برینەکەی سارێژ نەبۆتەوە، دەنا سەرما دەیبا. کلیلەی ماڵیش دوایی بدە بە ژنی پاسەوانی بینایەکە.

***

لە بیرەخانەی "پیالە" تەنیا مشتەرییەک دانیشتبوو، ئەویش "برێتشنایدر" مەئمووری ئەمن (ئاسایش) بوو کە بۆ پۆلیسی گشتی دەولەت کاری دەکرد. خاوەنی بیرەخانەکە "پالیڤێچ" خەریکی شۆردنی ژێرپیالەکان بوو و برێتشنایدر بە زۆری دەیەویست بیگلێنێتە ناو باسێکی جیددییەوە.

پالیڤێچ ناسراو بوو بە زمانپیسی. نیوەی ئەو وشانەی لە زاری دەهاتە دەر "قوون" یا "گوو" بوون. هاوکات خوێنەرێکی باشیش بوو و هەموانی هان دەدا کە بچن بزانن ویکتۆر هۆگۆ چی نووسیوە سەبارەت بەم باسە، واتە "گوو"، لەو جێگایەی کە ژنرالێکی ناپولیۆن جوابی ئینگلیسییەکان دەداتەوە لە شەری "واترلوو".

– هاوینێکی خۆشمان هەیە... برێتشنایدر بەم جۆرە باسە جیددییەکەی دەست پێکرد...

– کورە هەر گووە...پالیڤێچ وتی و ژێرپیالەکانی خستە ناو قەفەسەکە.

– تەواو وەزعەکەیان لێ شێواندووین لە سارایێڤۆ... برێتشنایدر بە ئومێدێکی لاوازەوە ئەوەی وت.

– کام سارایێڤۆ؟ مەیخانەکەی "نوسلێ"؟ لەوێ کە بەردەوام شەرە، خۆ ئاگاداری ئەوێ هەی؟

– سارایێڤۆی بۆسنی دەڵێم کاک پالیڤێچ. شازادە فەردیناند لەوێ کوژراوە. ڕات چییە لەم بارەوە؟

– من خۆم لە شتی وا نادەم، گوو بە گۆڕی باوکیان... پالیڤێچ ئەمەی بە ڕێزەوە وت و قەنەکەی داگیرساند... خۆ تێوە گلاندن لە شتی وا ئەمرۆ دەبێتە هۆی سەرتێداچوون. من کابرایەکی دووکاندارم، کە مشتەری دێ و بیرەیەک داوادەکا لە بەر دەمی دادەنێم. بەڵام باسی وەکوو سارایێڤۆ و سیاسەت و کوژرانی سارایێڤۆ بۆ من خێری تێدا نییە و بە زیندانی "پانکراچ" کۆتایی پێ دێ.

برێتشنایدر لاڵ بوو و بە نائومێدییەوە سەیری بیرەخانە چۆڵەکەی کرد.

– زووتر وێنەیەکی قەیسەر لێرە هەڵاوەسرابوو...برێتشانیدر دوای ماوەیەکی کورت دەستی پێکردەوە... لەو جێگایەی ئێستا ئاوێنەکەی لێ هەڵاوەسراوە.




– راستە ... پالیڤێچ وتی... لەوێ هەڵاوەسرابوو بەلام مێشوولە بەسەریدا ڕیان، بۆیە بردم لە ئەمبار هەڵمواسی. لەوانەبوو کەسێک نوکتەیەکی بۆ سازکردبایە. شتی واش دەبێتە مایەی ژانەسەر. ئێ مرۆڤ بۆچی خۆی تووشی قڕە بکا؟

– دەبێ وەزعی سارایێڤۆ زۆر ناخۆش بووبێ کاک پالیڤێچ.

لە وەلامی ئەم پرسیارە فێڵەبازانە و ئەستەمەدا پالیڤێچ زۆر بە وریایی وتی:

– لەم وەرزەدا گەرماکەی بۆسنی و هەرزێگۆڤینی هێلکە دەبرژێنێ. کاتێک لەوێ سەرباز بووم مەجبوور بووین سەهۆڵ لە سەر سەرێ ئەفسەرەکەمان دانێین.

– لە کام پادگانە خزمەتی سەربازیت کرد کاک پالیڤێچ؟

– من مێشکم بە وردە شتی وا پڕناکەم. هەرگیز مەیلم بە شتی قۆڕی واوە نەبووە و فکری خۆمم پێوە ماندوو نەکردووە... پالیڤێچ وتی... کونجکاوبوون خێری نییە.

***

مەئمووری ئاسایش، برێتشنایدر بە یەکجاری دەمی بەسترا و نێوچاوانی تەنیا ئەوکاتە کرایەوە کە شوەیک هاتە ژوور، بیرەیەکی داواکرد و وتی:

– لە "وین"ی پایتەختەیش ئەمڕۆ

خەڵک پرسەیەتی.

چاوەکانی بریتشنایدر هیوایەکیان تێزا و گەشانەوە و بە کورتی وتی:

- لە شاری "کۆنۆپیشتێ" دە ئاڵای ڕەش هەڵکراون.

- دەبوایە دوازدە دانە بن... شوەیک لە گەڵ قوتدانی قوڵپێک بیرەدا وتی.

- بۆ پێت وایە دەبێ دوازدە دانە بن...؟ بریتشانیدر پرسی.

- بۆ ئەوەی ببێتە ژمارەیەکی ڕێک. ژماردنی دەرزەن ئاسانترە و ئەگەر پیاو دوازدە دانە بکڕێ هەرزانتر دەکەوێ... شوەیک وتی. هیچ کەس متەقی لێوە نەهات. شوەیک ئاخێکی هەڵکیشاو و دەستی پێکردەوە... ئەویش چووە خزمەت بابوباپیرانی. ڕۆحی شاد، نەگەیشت ببێ بە قەیسەر. لە سەردەمی سەربازیمدا ژنراڵێکم بوو کە لە ئەسپەکەی بەربۆوە و مرد. ویستیان هەڵیستێننەوە و بیخەنەوە سەر ئەسپەکەی، تازە زانیان کە ڕۆحی لەبەردانەماوە. ئەویش قەرار بوو پلەی نیزامیيەکەی هەڵکشێ. بەربوونەوەکەشی لە کاتی نمایشی سوپایی بوو. ئەم نمایشانە هەرگیز بەخێر کۆتاییان نایە. لە سارایێڤۆش نمایشی سوپایی بوو. جارێکیان لەبیرمە کە لە کاتی نمایشێکدا کەوایەکەم بیست دوگمەی کەم بوون و بە خاتری ئەوە چاردە ڕۆژ خستمیانە زیندانەوە. دوو ڕۆژی تەواو دەست و لاقیان پێکەوە بەستبووم و بێ ئیختیار کەوتبووم. بەڵام دەبێ لە لەشکردا دیسیپلین هەبێ دەنا کەس گوێ ناداتە کەس. ستوانەکەمان ماکۆڤێچ عادەتی بوو بڵێ: "دەبێ دیسیپلینتان هەبێ کەللەکەرینە، دەنا وەکوو مەیموون بەو دارانەوە هەڵدەچن، بەڵام خزمەتی سەربازی دەتانکاتە بەشەر، مانگا حۆلەکان". ئێوە دەڵێن چی؟ وانییە؟ بەلکوو وانەبێ. بیرکەنەوە لە سەیرانگایەک، بۆ وێنە سەیرانگای "مەیدانی کارل"، جا لە سەر هەر دارەی سەربازێک! من کە یەکجار زۆر ترسم لە شتی

وابووە.

– رووداوەکەی سارایێڤۆ... برێتشنایدر پێیەوەهەڵخست... کاری سەربەکان بوو.

– نەخێر لەوەدا هەڵەی قوربان... شوەیک وەڵامی داوە... ئەوە کاری تورکەکانە لە تۆڵەی بۆسنی و هەرزێگۆڤینی. ئەمجار شوەیک بیروڕای خۆی سەبارەت بە سیاسەتی دەرەویی ئوتریش لە باڵکاندا باس کرد. تورکەکان شەڕی ساڵی ١٩١٢ دیان بە سەرب و یونان و بولغاریا دۆڕاند. ئەوان چاوەڕوانی ئەوە بوون کە ئوتریش لەو شەڕەدا یارمەتییان بدا و چون ئەو شتە هەرگیز ڕووی نەدا، ئەوانیش بە تۆڵەی ئەوە، فەردیناندیان کوشت.

– تۆ تورکەکانت خۆش دەوێن... شوەیک لە پالیڤێچ خاوەنی بیرەخانەکەی پرسی... خۆشت دێ لەو سەگە کافرانە؟ حەتمەن نا...

– مشتەری مشتەرییە حەتتا ئەگەر تورک بێ... پالیڤێچ جوابی داوە... ئێمەی دووکاندار خۆمان تێکەڵاوی سیاسەت ناکەین. پارەی بیرەی خۆت بدە و فەرمووو لە بیرەخانەکەمدا دانیشە و هەرچی قۆڕیاتت پێ خۆشە بیڵێ. ئەوە پرنسیپی منە. جا ئیتر سەرب یان تورک، کاتولیک یان موسوڵمان، ئانارشیست یان ئەندامی حزبی "چێکی لاو"، هەر کەسێک ئەم بەڵایەی بە سەر فەردیناندەکەمان هێنابێ، فەرق ناکا.

– قسەکەت بەجێیە کاک پالیڤێچ... برێتشنایدر وتی، کە خەریک بوو دووبارە هیوای ئەوەی کە بتوانێ یەکێک لەم دووانە پێوەکات لە دەست بدات... بەڵام دەبێ قبووڵ بکەین کە ئەم ڕووداوە خەسارێکی گەورەیە بۆ ئوتریش.

– دیارە خەسارێکی زۆر گەورەیە و نکۆڵی لێ ناکرێ... شوەیک وەڵامی دایەوە... جێگەی فەردیناند بە هەموو شتێک پڕ ناکرێتەوە. دەبوایە لەوەش قەڵەوتر بووایە.

– مەنــزوورت لەوە چــیـیە؟... برێتشنـایدر پرسـی و هـاتەوە سەرخۆ.

– مەنزوورم چییە؟... شوەیک بە ڕەزامەندییەوە وتی... زۆر ئاساییە، ئەگەر ئەو قەڵەوتـر بـووایە زۆر لەوە پێشتر جەڵتە لێی دەدا کاتێک لە "کۆنۆپیشتێ" وەدوای ئەو ژنانە دەکەوت کە لە ملکەکەیدا کارگیان دەچـنـی و داریـان کـۆدەکـردەوە، ئەوسا ئیتر مەجبوور نەدەبوو بەم شێوە ئابڕووبەرانە بکوژرێ. بیری لێ بکەنەوە، مـامـی قەیسـەر بی و هەروا بـتـکـوژن. ئەوە ئـابـڕوو-چـوونـێـکـی گـەورەیە. ڕۆژنـامەکـان پڕبوون لەو باسـە. ئەو کاتەی کە لە "بـوودێـژۆڤـیـچ" بـووم جـارێـک کـابـرایەکـی مـاڵاتـکـرِ بە نـاوی "لــودویــک بــرێــتــیــســلاو" لە دەمەقاڵەیەکی بچووکدا چەقۆیەکیان لێدا و کوژرا. کوڕێکی بوو بە ناوی "بـوهـووسـلاو" و بـۆ هەرکـوێ دەچوو بۆ فرۆشتنـی بەراز، کەس لێی نەدەکڕی. هەمووان دەیانگووت ئەوە کوڕی کابراکەیە کە بە چەقۆ کوژرا و حەتمەن دەبێ کوڕەکەشی دەغەڵـبـاز بێت. ئاخـیـرەکەی وای لێـهـات کە بـوهـووسـلاو لە سـەر پـردەکەی "کـرووملـۆڤ" ڕا خـۆی خستە نێو چۆمـی "ڤلـتـاوا". خەڵک کەوتــنـە فــریــای و لە ئــاو دەریانهێنایەوە و گیانیان خستەوە بەر بەڵام لە باوەشی دۆکتـۆردا هەنــاســەی وەســتــا دوای ئەو دەرزییەی دۆکتۆرەکە لێیدا.

– هەڵســەنــگــانــدنەکــانــت زۆر سـەیـرن... بـرێـتشـنـایـدر وتـی... لە پێشدا باسـی شـازادە فەردینـاند دەکەی و دوایــی دەگەی بە ماڵاتکڕێک.

– کوڕە کەی شتی وام کردووە... شــوەیـک ئەوەی وت و کەوتە خۆپاراستن... خوا بگا بە فریام ئەگەر بمەوێ کەس لە گەل کەس هەڵسەنگێنم. کاک پالیڤێچ من باش دەناسێ. ئایا من هەرگیز خەڵک لە گەل یەک هەڵدەسەنگێنم؟ بەڵام کەس بە دەردی شـازادە خـانـم نەبـێ، دەبـێ چ بـکـا بـێـچـارە؟

منالّەکانی بیّ باوک و ملّکەکەیان لە کۆنۆپیشتیّ بیّ ئاغا بووە. میّرد بکاتەوە بە ئاغایەکی دیکە؟ چ خیّریّکی دەبیّ، جاریّکی دیکە بچیّتەوە سارایـیـڤـۆ لە گەل میّردەتازەکەی و بۆ جاری دووەم ببیّتەوە بیّوەژن؟! زۆر سالّ لەوە پیّش پاسەوانیّکی دارستان هەبوو لە "زلیڤ" لە نزیکی "هلووبۆکا" کە پیّیاندەگوت "کیژەبچکۆلانە". دزەڕاوکەر کوشتیان و دوو منالّی لیّ بەجیما. ژنەکەی دوای سالّیّک شووی کرد بە پاسەوانیّکی تری دارستان بە ناوی "پیّپیک شاول" خەلکی "میدلۆواری. ئەویش کوژرا. ژنەکە بۆ جاری سیّیەم شووی کردەوە بە پاسەوانیّک و وتی "سیّ خاترجەمە، ئەگەر ئەمجارە باش نەبیّ نازانم قوڕی کویّ بکەمە سەرم". شووی سیّیەمیش تەقەی لیّکرا و کوژرا و ئیّستا ئیتر ژنەکە شەش منالّی بوو لە سیّ پاسەوان. ژنەکە ئەمجار شکایەتی خۆی لە بیّ شانسی لە گەل پاسەوانەکان بردە ئوفیسی ئەمیری ناوچەکە لە "هلووبۆکا"، ئەوانیش پیّشنیاریان پیّکرد کە شوو بکا بە "یاریّش" خەلّکی "رازیچیّ" کە چاودیّریکەری سەدی ئاو بوو. پیّتان وایە چ قەوما؟ دزەڕاوچی هەرچی ماسی لە سەدەکەدا بوو ڕاو دەکەن و یاریّش لە سەدەکەدا دەخنکیّنن. لەویش دوو منالّی بوو. دوای ئەوە شووی کرد بە بەراز خەسیّنەرەکەی "ڤۆدنانی". ئەویش شەویّک بە بیّلّچەیەک ژنەکە دەکوژیّ و خۆی رادەستی پۆلیس دەکا. کاتیّک کابرایان لە بەردەم دادگای ناوچە لە "پیسیّک' هەلّداوەسی، لووتی قەشەکەی بە قەپالّەیەک پەڕاند و وتی کە لە هیچ شتیّک پەشیمان نییە، دوای ئەوەش قسەیەکی زۆر پیس بە قەیسەر دەلّیّ.

- تۆ بلّیی ئەو قسە پیسە چ بووبیّ؟... بریّتشنایدر بە دلّیّکی پر لە هیواوە پرسی.

- نەخیر بۆ گوتن نابیّ. تا ئیّستا هیچ کەس نەیویّراوە بیلّیّتەوە بەلاّم دەبیّ تانەیەکی ئەوەندە سەمەر و ترسیّنەری گوتبیّ کە بووە هۆی

ئەوەی کە یەکێک لەو خەلکانەی کە لە بەرەوە دانیشتبوون ئەقڵی خۆی لە دەست دەدا و ئێستاش بە تەنیایی لە ژوورێکدا زیندانی کراوە تا قسەکە نەچێتە دەر. ئەوە لەو جنێوە ئاساییانەی دژی قەیسەر ناچێ کە لەکاتی سەرخۆشبووندا لە دەمی ئەموئەو دەردەپەڕێ.

- کامەن ئەو جنێوانەی کە لە کاتی سەرخۆشیدا بە قەیسەر دەدرێن... برێتشنایدر پرسی.

- هۆ بەڕێزەکانم... پالیڤێچ وتی... پیاوی چاک بن و باسی شتێکی تر بکەن. من خۆشم لەم قسانە نایە. زمان هەروا دەگەڕێ و دوایی دەبێتە هۆی نارەحەتی.

- کام جنێوانە دەدرێ بە قەیسەر لە کاتی سەرخۆشیدا؟... شوەیک دووپاتی کردەوە... هەرچی بتەوێ. ئەگەر دەتانەوێ بزانن، لە پێشدا تێر بخۆنەوە و کارێک بکەن کە سروودی نیشتیمانی ئوتریشیش خرابێتە سەر، جا بۆتان دەردەکەوێ لە چی دەدوێن، ئەوەندە شت لە سەر قەیسەر دەڵێن کە ئەگەر تەنیا نیوەی راست بێت تا ئاخیری عومر قەیسەر شەرمەزار دەکەن. بەڵام قەیسەر بەڕاستی شایانی ئەم هەموو جنێوانە نییە، پیرەمێردی بێچارە. لەبیرمان نەچێ کوڕەکەی "روودۆڵف" زۆر زوو مرد، تازە پێگەیشتبوو، ژنەکەی ئێلیزابێت بە بڕبەنگ سینگی ئەودیواودیو کون کرا، دوایەش "یان ئورتیس" لێی پاشگەز بۆوە و براکەی ماکسیمیلان لە مەکزیک لە بن دیواری قەلایەک گوللەباران کرا. ئێستاش لە کۆتایی تەمەنیدا مامەکەشیان کوشت. ئەم هەموو نەهامەتە پیاوێکی دەوێ کە دەروونی لە پۆلا بێت. بەم حاڵەوە پیاوێکی مەستی قوندڕاو دێت و خەتاباری دەکات. ئەگەر بێت و وەزعەکە بشێوێت من خۆم بە دڵخواز تا دوا دڵۆپی خوێنم فیدای قەیسەر دەکەم... شوەیک قومێکی گەورەی لە بیرەکەی هەڵلووشی و درێژەی دا بە قسەکانی... پێتان وایە قەیسەر ئەم هەموو ناحەقییە

قبووڵ بکات؟ ئەگەر وا بڵێن دیارە قەیسەرتان نەناسیوە. دەبێ لە تورکەکان تۆڵە بسەندرێتەوە، ئێوە مامی منتان کوشتووە و ئەوەش وەڵامەکەی من! شەڕ بە ڕێگاوەیە لەوە دڵنیابن. سەرب و رووسیش یارمەتی ئێمە دەدەن. وەڵامی ئێمە توند دەبێ!

شوەیک لەوکاتەدا بە خۆی و پێشگۆییەکانییەوە گەورە دەهاتە بەرچاو. ڕواڵەتی پاک و بێگەردی بە بزەی وەکوو مانگی چاردەیەوە، لە خۆشیدا دەدرەوشایەوە. بۆ ئەو هەموو شتێک ڕوون و ئاشکرا بوو.

- لەوانەیە ئالمانییەکان هێرش بکەنە سەرمان... شوەیک درێژەی بە وەسفکردنی خۆی سەبارەت بە داهاتووی ئوتریش دا... ئەگەر ئێمە لەگەل تورکەکان بکەوینە شەڕ، چونکە تورکەکان و ئاڵمانییەکان هاودەستن. حەیوانی وەکوو ئەوان هەر پەیدا نابێ، بەلام ئێمە دەتوانین لە گەل فەرانسە یەکبگرین چون ئەوان لە ساڵی ١٨٧١ ەوە داخی ئاڵمانیان لە دڵدایە. ئەوسا وەزعەکە دەتەقێتەوە و شەڕ دەست پێدەکا. ئیتر لەوە زیاتر هیچ ناڵێم.

***

بریتشنایدر هەستا و بە شێوەیەکی رەسمی وتی:

- پێویستیش ناکا، تاوێک لە گەل



من بێ، دەبێ شتێکت پێ بڵێم.

شوەیک کەوتە شوێن کابرا ئەمنەکە بەرەو پێشخانەکە بێ ئەوەی بزانێ کە برێتشنایدر، مشتەرییە هاوساکەی تاوێکی دیکە بە پیشاندانی کارتی دوو هەڵۆنیشانی پۆلیسی ئاسایش، سورپرایزی دەکا و پێی ڕادەگەیێنێ کە دەستبەسەرکراوە و دەیەوێ دەستبەجێ لە گەڵ خۆی بیباتە دایرەی پۆلیس. شوەیک هەوڵی دا بیسەلمێنێ کە ئەمنەکە لە هەڵە دایە و ئەو بە تەواوی بێگوناهە و یەک قسەشی نەکردووە کە بتوانێ بووبێتە هۆی ئازاری کەس. بەلام برێتشنایدر بۆی ڕوون کردەوە کە ئەو لە ڕاستیدا چەندین تاوانی سزاباری ئەنجامداوە بۆ وێنە خەیانەت بە نیشتمان. دوای ئەوەی چوونەوە ژووری بیرەخانەکە، شوەیک بە پالیڤێچی وت:

– من پێنج بیرە و کولیچەیەکی کروسانت و سووسیسێکم خواردووە، زەحمەت نەبێ پیاڵەیەکیش عارەقی سلیڤۆویچەم دەیە چونکە دەبێ بڕۆم، ئاخر دەستبەسەر کراوم.

برێتشنایدر کارتی دوو هەڵۆنیشانەکەی بە پالیڤێچیش پیشاندا، چاوی لێ زەق کرد و پرسی:

– ژنت هەیە؟

– بەڵێ.

– ئەگەر خۆت لێرە نەبی ژنەکەت دەتوانێ دووکانەکەت هەڵسووڕێنێ؟

– بەڵێ.

– چ باش کاک پالیڤێچ... برێتشنایدر بە خۆشحاڵییەوە وتی... ژنەکەت بانگ بکە و دووکانەکەت بدە دەستی، ئەمشۆ دێین و دەتبەین.

– زۆر گوێی مەدەیە... شوەیک دڵخۆشی پالیڤێچی دایەوە... من کە تاوانەکەم هەر خەیانەت بە نیشتمانە.

- باشه من بۆچی دەگیرێم... پالیڤێچ بۆلاندی... خۆ من زۆر ئاگام لە دەمم بوو.

بریتشنایدر پێکەنی و سەرکەوتووانە وتی:

- تۆ وتت کە مێشوولەکان ڕیاون بە سەر قەیسەردا. لە زیندان ئەم بیرانە سەبارەت بە قەیسەر لە مێشکت دەردێنن.

شوەیک لە ژێر چاوەدێری کابرا ئەمنەکە بیرەخانەی "پیاڵە"ی بەجێهێشت. کاتێک هاتە سەر شەقامەکە بە روخساری میهرەبان و بزە لە سەر نیشتووەکەیەوە رووی کردە بریتشنایدر و پرسی:

- بۆم هەیە بە سەر پیادەڕەوەکەدا بڕۆم؟

- مەنزوورت چییە؟

- وتم بەڵکوو ئێستا کە دەستبەسەرکراوم بۆم نەبێ بە سەر پیادەڕەوەکەدا بڕۆم.

کاتێک لە دەرگای دایرەی پۆلیس چوونە ژوورەوە شوەیک وتی:

- کات چ زوو دەگوزەرێ لە گەل هاودەمی باش! جەنابت زۆر دەچییە بیرەخانەی "پیاڵە"؟

هاوکات لە گەل تەحویلدانی شوەیک بە دایرەی پۆلیس، پالیڤێچ لە گەڵ دڵدانەوەوە هەڵسووراندنی بیرەخانەکەی بە ژنەکەی سپارد کە دەگریا.. و پێی وت:

- نووکە نووکی ناوێ.. مەگەر بۆ کەمێک گوو لە سەر وێنەیەکی قەیسەر دەتوانن چم لێ بکەن؟

ئا بەم جۆرە شوەیک سەربازی بە جەرگ، بە شێوەی میهرەبانانە و خۆشەویستانەی خۆی بەشداری شەری جیهانی بوو. مێژوونووسان بە دڵنیاییەوە سەرقاڵی وریایی و داهاتووبینیی ئەو دەبن. ئەگەر دوایی وەزعەکە بە شێوەیەکی جیاواز لە لێکدانەوەکەی شوەیک لە بیرەخانەی "پیاڵە" چووە پێش، نابێ لەبیرمان بچێ کە ئەو هیچ خوێندنێکی سەرەتایی دیپلۆماتیکی

نەبوو.

☆

***ئەمەی خوێندتانەوە بەشی یەکەمی ڕۆمانی "شوەیک سەربازی بە جەرگ" بوو.***

## * کورتەیەک لە سەر نووسەر:

یارۆسلاو هاشێک ( Jaroslav Hašek) لە ڕۆژی ٣٠ مانگی چواری ١٨٨٣ ی زایینی لە شاری پراگ لە ولاتی چێکوسلۆواکی لە دایکبوو و ڕۆژی ٣ ی مانگی یەکی ١٩٢٣ کۆچی دوایی کرد. هاشێک خوێندنی بازرگانی تەواو کردبوو. لە شەڕی جیهانی یەکەمدا کاتێک کە سەرباز بوو لە بەرەکانی سوپای مەجار- ئوتریش ڕای کرد و پەیوەست بوو بە بەرەیەک لە سەربازانی هەڵاتووی چێک کە لە ولاتی ڕووس دژی سوپای مەجار- ئوتریش شەڕیان دەکرد. دوایی بوو بە کۆمۆنیست و هاوکات لە گەل شۆڕشی ئۆکتۆبر لە ولاتی ڕووس، چووە ناو ڕیزەکانی سوپای سوور و بوو بو کۆمیسێری سیاسی. یارۆسلاو هاشێک سالی ١٩٢٠ گەڕایەوە بۆ ولاتی چێکوسلۆواکی. هاشێک زیاتر بە هۆی ڕۆمانی "بەسەرهاتەکانی شوەیک، سەبازی بە جەرگ لە شەڕی جیهانیدا" ناسراوە. ڕۆمانەکە باسی ئەوە دەکا کە شوەیک چۆن بە زیرەکی و فێڵبازی بە سەر سەختی و ناهەمواریيەکانی شەڕدا زاڵ دەبێ. ئەم ڕۆمانە کراوە بە فیلم و وەکوو شانۆش لە ساڵی ١٩٤٣ لە لایەن برتۆلت برێشتەوە پێشکەش کرا. هاشێک ساڵی ١٩٢٣ بە هۆی نەخۆشی دڵ گیانی لە دەستدا. هەرچەند هاشێک نەگەیشت ڕۆمانەکە تەواو بکات بەڵام ڕۆمانەکە بە ناتەواویش زۆر بە ناوبانگ بوو و تا ساڵی ٢٠١٣ ی زایینی وەرگێردراوەتە ٥٨ زمانی جۆراوجۆر. (سەرچاوە: ویکیپیدیا)

☆

# ئۆبجێکتیڤیتی و ڕەوابوونی توندوتیژی!

کاوە کەریم

لە دنیای ئەمڕۆدا دەستەواژەیەک هەیە کە لە هەموو دەستەواژەکانی تر زیاتر بەکاردەهێنرێت، کە لە ژیانی ڕۆژانەدا لە هەموو ئەوانی تر زیاتر پراکتیزە کراوە، وە ئەمە بۆتە دیاردەیەک هێندەی بوونی زیاتری بوونەوەرەکانی سەر زەوی کاری لەسەردەکرێ، تیۆریزە و بەبەرنامە دەکرێت. هێندەی بودجەی ژیانی ئینسانەکانی سەرزەوی پارەو هێزی مادی بۆ تەرخان دەکرێت، بۆ پراکتیزەکردنی ملیۆنەها ئامرازی بۆ دەدۆزرێتەوە، لەشکری زەبەلاحی میدیا و راگەیاندنی لەپشتەوە وەستاوە، ئینسانەکان، گروپەکان، کەمینەکان، کومەڵگا لە جۆرێک لەجوراکانی خۆیدا لە قاڵب داوە، کراوەتە سیاسەت، دین، دەستەلات، دەوڵەت، هێزی مرۆڤ، کلتور، ئەدەب، قووتی خەلک و تەواوی جومگەکانی ژیانی لەسەر گۆی زەوی گرتۆتەوە، ئەمەش دەستەواژەی توندوتیژییە "Violence".



توندوتیژی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەشێوەی جۆراوجۆر سەریهەڵداوە، لە هەموو ئەم لایەنانەی توندوتیژیدا جۆرەها رێگا و ئامرازیی جوراوجوری سەرەتایی و پێشکەوتوو بەبەردەوامی لەگەڵ پێشکەوتنی

زانست و تەکنولوجیا بەکارهاتووە.

تووندوتیژی چییە؟ ئۆبجێکتیڤیتی "موزوعیەت" و بنەمای ڕەوابوونی توندوتیژی چییە؟ ئایا مرۆڤ خۆی بوونەوەرێکی توندوتیژە لە سرۆشتی خۆیدا؟ ئایا توندوتیژی لە خودی مرۆڤدا بوونی هەیە؟ ئایا توندوتیژی خۆی بەشێکە لە ماهیەتی مرۆڤ؟ هەروەکو ئەوەی کۆمەڵناسی ئەلمانی ئێریک فرۆم دەڵێ: مەیلی روخێنەر ڕەگی لە سروشتی ئینساندا هەیە. هۆکارەکانی بوونی توندوتیژی چییە؟ دەتوانرێ بڕیار لە ڕەوابوونی توندوتیژی بدرێ لە ژێر ناوی یاسا و دادپەروەریدا؟ ئایا کۆتایی توندوتیژی کارێکی مەحاڵە؟ ئایا مافی بەکارهێنانی توندوتیژی لە پرۆسێسی شۆرشەکاندا شەرعیەتی خۆی هەیە؟

کۆمەڵگای ئینسانی جۆرەها توندوتیژی بەرهەمهێنانەوە، کە دەتوانرێ ریزبەندی بکرێت بەچەند جۆرێک لە پێشی هەموویانەوە، توندوتیژی فیزیکی وەکی کوشتن و تیرۆر، توندیژی دەروونی وەکو ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی، هەروەها توندوتیژی ئابووری، ئەمەش لەرێگای چەوسانەوەی چینایەتی وەیان چەوسانەوەی گەلانی بێتوانا یان ژێردەستە. یان توندوتیژی بەکۆمەلی ئاینەکان، لە نموونەی شەڕەکانی رۆمانەکان و چەنگیزخان، فتوحاتەکانی ئیسلام و ئەنفال و شەری سەلیبییەکان... هتد. هەروەها جۆرێک لە توندوتیژی تریش هەیە کە لەژێر ناوی توندوتیژی هێمایی وەسف دەکرێت، واتە نافیزیکی، لەچەشنی قسەو تەشنە وتوانجدایە، کە ئەمەش لە پرۆسێسی پەیوەندی کۆمەلایەتییەکانەوە دەخۆلقێ.

جۆرەها شیکردنەوەی جیاواز لە قوتابخانە فەلسەفییەکان وکۆمەڵناسییەکانەوە هەیە بۆ پێناسەی دیاردەی توندوتیژی. تیوری بیولۆجی، کەوای بۆدەچن هۆکاری توندوتیژی بەهۆی بوونی

هەژمـوونـی پـاڵـپـێـنـەرەوەیە "Androgin" کەلە مرۆڤدا بوونی هەیە، وە بەتایبەتی لە پیاواندا، ئەم هۆرمۆنە کە لەرۆژدا دەبێتە هۆی هەڵچوون و تووڕەیی. لەلایەکی ترەوە ئەوانەی لە فیسیۆلۆجی بۆ دیاردەکە دەڕۆن بەوەی لە مێشکی مرۆڤدا بەشێک هەیە بە ناوی "System Limbie" کە بەرپرسە لە هۆی بیینی توندوتیژی لە رۆڤـەکـانـدا. بـەلام ئـەوانـەی سایکولۆجییانە بۆ بوونی دیارەکە دەچن لە چەشنی فرۆید و قوتابیەکانی دوای خۆی،"فیری بوبلی، هورنی"، زیاتر لە غەریزەو هەستکردنی مرۆڤ بە گوناح و کەمبوونی و دڵەڕاوکێ و هەستی سێکسی، یان ئەوەی کە هەر لە کۆرپەییدا یان منداڵیدا کاتێک خۆشەویستی لەدەست دەدەن. تیۆرێکی تریش کە بە کارمەندی بەناوبانگە، وای بۆدەچێ کە توندوتیژی هۆکاری کۆمەلایەتی هەیە، ئەوەش لە ئەنجامی ونبوونی پەیوەندی و خۆبەئەندامبوونی تـاکـەکـانـە لـە کـۆمـەڵـە کۆمەلایەتییەکاندا، بە کورتی تاکەکان ڕەوشتی کۆمەلایەتی و دابونەریتی کۆمەل بیردەکەن و ڕەوشتی تاکی خۆیان پیادە دەکەن.

لەبەرانبەردا فەیلەسووفی فـەرەنسـی رۆنـی ژرار وای بۆدەچێت کە بناغەی توندوتیژی ململانێیەکانە لەسەر خواستی ئینسانەکان، لەبەرئەوەشە کە خواستی ئینسانەکان لەژێر یـاسـاکـان و دادگـاکـانـدایـە. خـواسـتـەکـان لـەبـەرانـبـەر خواستەکانی ئەوانی تردا، لەبەر ئـەوەش کـە ئـەوانـی تـر کـە خواستەکانیان بەهێزە و خواستی منیش بەهەمان شێوە بەهێزە، ئیتر لەمەوە توندوتیژی سەرهەڵدەادا. لەمەشەوە ململانێی ئینسانیی بەرهەمی ململانێی خواستەکانە. بەهەمان شێوە تۆماس هوبیس بیرمەندی بەریتانی وای بۆدەچێت کە توندوتیژی لەحەزەرکردن و خۆبەزلزانینەوە سەرچاوەی گرتوە، کە ئەمانەش لە سروشتی مرۆڤدا بوونی هەیە. کە یەکەمیان بەشوێن

بەرژەوەندییەوەیە، دووەمیان بەئاسایش، ئەوی تریان بەشوێن پاراستنی سومعەوەیە.

زۆری تریش تەفسیریان بۆ توندوتیژی ئەوەیە کە گروپ یان کۆمەل بەشوێن بەرگری لەبیرۆکەکانیانەوەن، مرۆڤ پێویستی بە توندوتیژییە بۆئەوەی بژی و مانایەک پەیدا بکات لەسەر گۆی زەوی. توندوتیژی گرێدراوە بە بەپیرۆزکردن و بەپیرۆزکردنیش گرێدراوی توندوتیژییە، هەردووکیان گرێدراوی راستییەکانن یان بڕوابوون بەوەی کە راستییە. راستیش پیرۆزە لەلایەن خاوەنەکانیانەوە، لەبەرئەمە خوێنی لەسەر دەڕێژن.

بەلام بیرۆبۆچوونیکی تر هەیە کە زۆر بلاوە یان زۆر کەس بڕوایان پێیەتی، ئەویش ئەوەیە کە مرۆڤ لە گەڵ گیانلەبەراندا لە سیفەتی توندوتیژیدا هاوبەشە، یان زۆر لەیەک دەچن، یان هەمان غەریزەی دوژمنکارانە وتوندوتیژیان "aggressive instinct"تێدایە. وای بۆدەچن کە سیفەتی دوژمنکارانە وەرگیراوە لە گیانلەبەرانەوە، هەر لەو کاتەی مرۆڤ پەیوەندییەکی بێئاگایی خۆی لەگەڵ گیانلەبەراندا لە مێژوودا دروستکردووە، ئەو سیفەتە دوژمنکارانەش لە پێناوی پاراستن لە مانەوەدا بووە.

بەجیا لەمانە بیرێکی جیاوازی تر هەیە کە جیاوازی ڕیشەیی لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی تر هەیە، ئەوەش بیروبۆچونی کارل مارکسە، کە ئەو سەرچاوەی توندوتیژی بۆ ململانێکانی دوو چینە کۆمەلایەتییەکانەوە دەگەڕێنێتەوە، بەوەی یەکەمیان خاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و زەوییە و دووەمیان خاوەنی هیچ. لە رۆژی دروستبوونی کۆمەلگای سەرتاییەوە تا دەگات بە کۆمەلگای سەرمایەداری پێشکەوتوو، ململانێکانی نیوان چینە کۆمەلایەتییەکان لەوانەیە کە شێوەی فەردی و بێ ئاگای لە

تاکەکانی مرۆڤدا بەخۆیەوە بینیبێ. واتە سەرچاوەی توندوتیژی بنەماکەی لەوێوە سەری هەڵداوە کاتێک چینەکان دروستبوون، کاتێک موڵکداریەتی تایبەتی دروست بوو، کاتێک چینێک بوو بەخاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنان، ئەمە بوو بە بنەمای شارستانی، واتە بەو هۆیەی سەرمایەگوزاری چینێک لەسەر چینێکی تر بنەمای شارستانی بووە، بۆیە هەموو پێشکەوتنێک لە سەر ڕێچکەی دژەکان antagonismبەردەوامە. بەواتای ئەوەی لەگەل هەموو هەنگاوێک بۆ پێشەوە لە سەر ڕێچکەی بەرهەمهێنان شانبەشان هەنگاوێکە بۆ دواوە بۆ چینە زولملێکراوەکان کە زۆرینەی ڕەهان. بەواتایەکی تر هەموو خێرێک بۆ ئەوان بە زەرووری نەهامەتییە بۆ ئەوانی تر.

دیارە ئەوەی توندوتیژی لە غەریزەی ئینسانەکاندا دەبیننەوەو سەیری مرۆڤ دەکەن وەکو گیانلەبەر بەوەی هەمیشە غەریزەی هێرشکردنی تێدا هەیە، دەیان تیۆری لەوانەی سەرەوە کە باسمان کرد دەیانەوێ ئەوە بسەلمێنن مرۆڤ خۆی لەسەرەتاوە دڕندە بووە و توندوتیژی بەشێکی جیانەکراوەی بووە، ئەمانە دوورە لە راستییەوە و بنەمای زانستیی واقعیی نییە، زیاتر سەرلێشواندن بووە. هەروەکو ئەوەی هەندێک لە کۆمەڵناسەکان باسی دەکەن و دەڵێن: هەتا گیانلەبەرانیش خۆیان توندوتیژ نین، تەنها لە چەند



حاڵەتێکی دیاریکراودا نەبێت، ئەویش لە کاتێکدا کە پارێزگاری لە ژیانی خۆیان دەکەن، یان هەوڵ بۆ پەیداکردنی خواردن دەدەن کاتێک برسیان دەبێت وخواردنیان دەست ناکەوێت.

ئەوتیۆریانەی کە مرۆڤ لە سەرەتاوە بە دڕندە دادەنێنن و دەڵین کە مرۆڤیش وەکو گیانلەبەر بە توندوتیژ دەزانن، بیرۆکەیەک بووە هەمیشە چینە دەسەلاتدارەکان و لایەنگرانی ئەوانەی کە دەبێت لە دنیادا سەروەرو ژێردەستە هەبێت پشتیوانی لێدەکەن. دەتوانین بڵێین ئەمە هەڵەیەکی گەورە بوو، کە بە هۆیەوە مێژوی مرۆڤایەتی بەخوێن پیسکرد. چونکە زوربەی لێکوڵینەوە زانستییەکان دەریدەخات کە مرۆڤی سەرەتایی دوژمنکارانە و توندوتیژ نەبووە. ئەو لێکۆڵینەوانە وای دەردەخەن کە خەڵک لەسەردەمی سەرەتاییدا ژیانی تەواو جیاواز بووە، هەر خەریکی ڕاو و کۆکردنەوەی گژوگیا و بەرهەمی سروشتی بووە، ئەمانە بەشێوەی کۆمەلگای نورماڵ نەژیاون، بەڵکو بەشێوەی گروپی ٤٠ - ١٠٠ کەسی ژیاون، لەو سەردەمەدا چینەکان بوونیان نەبووە، خاوەندارییەتی و سەرکردەی ڕەسمیان نەبووە، فەرزی ئیرادە نەبووە، دەمارگیری نەبووە، ئازاد بوویت کە بەتەنیا دەژیت یان بچیتە ناو ئەو گرووپەوە، مەسەلەی توندوتیژی پاشماوەیەکی نییە، بە یەکسانی ژیاون، بەکۆمەڵ کاریان کردوە، ئەوەی هەیان بووە بە یەکسانی دابەشکراوە لە نیوان تاکەکاندا، وە تاکو ئێستاش نمونەی ئەو کۆمەلانە وەکی گروپی بۆشمان لە بیابانی کالهاری ئەفریقا بوونی هەیە.

ئەو وێنەیەی کە لە کۆمەڵگا سەرتاییەکان هەیە دیارە نمونەیی نەبووە، بەلام وێنەیەکی ڕێکخستنی کۆمەلایەتی ئینسانەکان بووە لە هەموو مێژوودا. لە سەردەمێکدا کە چینەکان سەریان هەڵنەدابوو. توندوتیژی هەڵێنجراوی سروشتی

میراتی ئینسانەکان نەبوو، بەڵکو هەڵێنجراوی بارێکی کۆمەلایەتی - مێژوویی بەرهەمهێنان بوو لە کۆمەڵگای پێش دروستبوونی چینەکان. کۆمەڵگا ڕاوچییەکان و کۆکەرەوەی بەرهەمەکانی سروشت، کۆمەڵگای نیشتەجێبوون نەبوون و جێگیرنەبوون، لەبەر ئەم هۆیەش بوو کە نەیاندەتوانی زیادە بەرهەم Overproducing کۆبکەنەوە و دەستی پێوە بگرن، هەروەها ئەمانە توانایی فراوانبوونی مرۆڤییان نەبوو. پەیوەندی تاکەکانی کۆمەلگای ڕاوکەریی زەرورەتێکی سەپێنراو بوو لەلایەن کۆتوبەندی بەرهەمهێنانەوە. بەلام لە ئەنجامی پێشکەوتنی گۆرانکارییە ئابووری_کۆمەلایەتییەکانەوە، زیادەی بەرهەمهێنان، زەوی و زار، و دەستبەسەراگرتن، هۆیەکانی ململانییەکانی وردە وردە سەریهەڵدا. مەسەلەی ئەوە: ئەوە هی خۆمە، ئەوە هی ئێمەیە، من خاوەنی ئەمەم، ملکی خۆمە، لەمەوە ئیتر کۆمەڵگا بۆ شوێنێکی تر ڕۆیشت و قۆناغێکی تری بڕی. ئیتر شەڕ و توندوتیژی دروست بوو، شەر کەوتە نێوان هۆزەکانەوە بەوەی کامیان مافی خاوەنداری ئەو شوێنەی هەیە.

لە کۆمەلگا سەرەتاییە کشتوکاڵییەکاندا، کە سەرەتا لە شوێنە بە پیتەکانەوە سەریهەلدا کە پێویستی بە پێشکەوتنی بەرهەمهێنان و پێشکەوتویی لە دابەشکردنی کاری کۆمەلایەتی نەبوو، تەنها بەپیتی زەوییەکە بەس بوو بۆ بەرهەمیێنانی پێویست. ئەوەندەی پێویستیان پێبوو بەرهەم دەهات و لەنێو خۆیاندا دابەشیان دەکرد. مەسەلەی یەکسانی و هەرەوەزی مەسەلەیەکی بنەرەتی بوو. توندوتیژی سنووردار بوو. خەلک بە شێوەی یەکسانی و دادپەروەری و بەیەکەوە دەژیان دوور لە توندوتیژی. لەبەر ئەمەش پێویست بە پۆلیس و لەشکر و سەرباز نەبوو، پێویست بە سەرۆکی ڕەسمی و دەوڵەتداری نەبوو.

بەلام کاتێک کۆکردنەوەی زیادەی بەرهەم هاتە کایەوە و لایەنی کۆمەلایەتی و پرۆسەی بەرهەمهێان و کۆمەلایەتی لەلایەن تاکەکانەوە بەرەوپێشەوە چوو، شانبەشانی ئەمە کەمبوونەوەی زەوی بەپیت و زۆربوونی دانیشتوان، ئیتر ئەمە نەدەکرا بەشێوەی پێشوو بڕواتە پێش، چونکە ئیتر ئەمە پێویستی بە رێکخستنی کارو بەرێوەبردن بوو بەشێوەیەکی تر. دوای ئەمەش بەشێک لە خەڵک هاتنە مەیدان کە ئەم ئەرکە کۆمەلایەتییە بگرنە ئەستۆ. ئەمانە وایان لێهات کە وەزنی کۆمەلایەتیان بەرزتربێت. کۆمەڵێ جەنگاوەر و کۆمەڵێ خاوەن نفووزی ئەدەبی بەبێ ئەوەی کاری هەڵکەندن و چاندن بخنە سەر ئەستۆی خۆیان، تەنها کاری ئەوان دەست بەسەراگرتنی زیادەی بەرهەم بوو. ئەم توێژە کاری کۆمەلایەتییان چۆنیەتی دەست بەسەراگرتن و بەردەوامی بوو لەسەر ئەو دەست بەسەرداگرتنە. ئیتر لەمەوە کێشە دەستی پێکرد، تاوای لێهات کە پرۆسەی بەرهەمهێنان و پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی بەرهەمهێنان گۆڕانکاری بەسەردا هات، وە دیاردەی توندوتیژی کەوتە قۆناغێکی ترەوە. هۆزەکان، گرووپەکان بە شکڵی تازە دەرکەوتن، بنەماکانی رێکخستنی دەوڵەتداری دەرکەوتن.

ئەنگلز دەلێت، دەوڵەت دروست بوو لە پێویستی بۆ دامرکاندنەوەی دژە چینەکان، یان ئەوەی دروست بوو هاوکات بوو لەگەل بەریەک کەوتنی نێوان چینەکان. دەوڵەتی کۆن دەوڵەتی خاوەن کۆیلەکان بوو، دەوڵەتی دوایی تا سەدەکانی ناوەڕاست دەوڵەتی دەرەبەگ و خاوەن موڵکەکان بوو، دەوڵەتی ئێستاش دەوڵەتی سەرمایەدارانە .

بە پێی بیروبۆچوونی مارکس توندوتیژی لەدایکبووی مێژووە، هەموو کۆمەڵگایەک دابەشکراوە بەسەر چینەکاندا، مێژووش ململانێی نێوان چینەکانە، لە نێوان ئەوانەی خاوەنی هۆیەکانی



دیواری کونکونکراوی گۆرستانی پرلاشز لە پاریس، مەیدانی دوایین شەری کۆمۆناردەکان

بەرهەمهێنانن و ئەوانەی هیچیان نییە و بەرهەم دێنن، ئەمەش لە سەر بنەمای چەوساندنەوەیە. ململانێ لەگەڵ ئەم مێژووەدا هاتووە، جا ململانییەکانیان شاراوە بووبێت یان بەئاشکرا: کە توندوتیژی بەشێکە لێی. هەروەها مارکس وای بۆدەچێت کە مرۆڤ بوونەوەرێکی دوژمنکارانەیە کە توندوتیژی بەکاردەهێنێ، بەلام لە ئەنجامی هۆکارە دەرەکییەکان و ڕق وکینەکانەوەیە. ململانێی چینایەتی لە نێوان ئەوانەی هیچان نییە و ئەوانەی خاوەن هەموو شتێکن، هۆکاری سەرەکی داڕێژەری مێژوون، بەپێی ئەوەی ململانێی ماددی ڕەنگدانەوەی بەشێوەی نێگەتیف لە سەر ئاستی سیاسی و کۆمەلایەتی هەیە. سەرمایە لە نەبوونی سوود دەترسێ، جا بۆ ئەوەی فەراهام و بەردەوامی سوود بکات رێگا توندوتیژەکان ئامرازێکی بەردەوامە بە دەستییەوە. مارکس وایدەبینێ

کە ململانێ و توندوتیژی لەگەڵ مرۆڤ هاتووە لە کاتی شارستانی کۆنەوە یان رۆمای کۆنەوە تاکو سەردەمی مۆدیرنی ئێستا، سەرچاوەکەشی چەوسانەوەی چینایەتییە. ڕێگاچارەش شۆرشی کۆمەلایەتی چینی کریکارە، کە بەهۆیەوە زۆرینە دەستدەگرن بەسەر هۆیەکانی بەرهەمهێناندا و دەیگۆرن بە خاوەنداریتی هاوبەش، لەمەشەوە دونیایەک دروست دەبێت کە چینەکان بوونیان نامێنێ.

بەهێزترین توندوتیژی کە سەری هەڵدا و بەردەوام بووە، توندوتیژی چینایەتی لە شێوەی دەوڵەت و ئامرازەکانیدا بووە. زۆرێک لە بیروبۆچوونەکان و بیرۆکەکان وای دادەنێن کە ئەوە تەنیا و بەتەنیا مافی دەوڵەتە کە توندوتیژی بەکاربهێنێت، دەڵێن یاساکان لەسەرو هەموو شتێکەوەیە، ئەوەی بەرگری لە یاساکان دەکات دەوڵەتە، و هەر ئەویشە ئەم مافەی هەیە کە لەلایەن هاوولاتیانەوە پێیبەخشراوە، یان مافێکی تاکەکانە لە کۆمەڵگادا کە دەستی لێهەڵگرتوەوە داوێتی بە دەوڵەت، دەولەتیش لە بەکارهێنانیدا مافی ڕەهای هەیە. هەروەکو ئەوەی فەیلەسووفی فەرەنسی کانت دەیڵێت: کە خرۆشان و شۆڕش لە سەردەمی حوکمی کۆماریدا تاوانە. دەبێت دەوڵەت مافی ڕەهای هەبێت بۆ مانەوە یان دەسەلاتی بێشەرت. خەڵک و تاکەکان مافی بەکارهێنانی توندوتیژی بەرانبەریان نییە لەم نێوانەدا، لەبەرئەوەی دەستوور هەیە و مافی خەڵکە کە ئەو دەستوورانە دابنێ. هەروەها ماکس ڤێبر وای بۆدەچێت کە بناغەی دەسەلاتی دەوڵەت بەکارهێنانی توندوتیژییە، ئەوە تەنیا دەوڵەتە کە ئەو مافە ڕێگەپێدراوەی هەیە کە توندوتیژی ماددی بەکاربهێنێ لە پێناو کونترۆلکردنی تاکەکان لە کۆمەڵگادا. نەبوونی دەوڵەت مانای بێسەروبەرێتییە ( فەوزا)، بۆیە توند وتیژی دەبێتە ئامرازێکی حقووقی دەوڵەت. ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە گەل

پەیمانێکی کۆمەلایەتی بەستووە لەگەل دەولەت، بەپێی ئەوەش (گەل) ئەو مافەی وازلێهێناوە و داوێتی بە دەسەلات کە بەکاری بهێنێ، ئەوەش لەسەر بناغەی ئەوەی کە دەسەلاتێ دابنێ لە رێگای هەڵبژاردنەوە. واتە ڤێبر وای بۆدەچی کە دەوڵەتی هەڵبژێردراو و دیموکراسی دەسەلاتی هەیە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی،

لە لایەکی ترەوە میکاڤیلی ئیتالی بڕوای بەوەیە کە سیاسەت و ڕێساکان پەیوەندییان بە ئەخلاق وئایینەوە نییە، لەبەرئەوە ئەمیر وەکوو کەسی یەکەمی دەسەلاتی دەوڵەت دەبێت دەست بە توندوتیژییەوە بگرێت، چونکە توندوتیژی یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکان بۆ هەموو کارێکی سیاسی سەرکەوتوو. واتە توندوتیژی پایەی بەردەوامی دەوڵەتە. هیراکلیس فیلەسووفی یونانی دەلێت: توندوتیژی زەرورەتی هەیە بۆ دنیا ، هیچ شتێک بەبێ توندوتیژی نابێت، ئەگەر بتەوێ شتێ هەبێت دەبێ شتێکی تر لابەری.

لەلایەکی تروە هەندێکی تر بیروبۆچوونی لیبرالی لەمبارەوە هەیە کە دەڵێن ڕاستە توندوتیژی مافی دەوڵەتە کە بۆ پاراستنی نیزام بەکاریبێنێ، بەلام دەبێت ئەو نیزامە دیموکراتی بێت، ئازادی و ئاڵوگۆڕی دەسەلات فەراهام بێت. بەلام ئەمانە ڕاستە باسی ئازادی ومافی هەڵبژادن و سیستەمی پەرلەمانی دەکەن، کە بە بیروبۆچوونی من ئەمە تەنیا بەس نییە کە ئەو مافە رەهایە بدەیتە دەست دەوڵەت بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لە بەرانبەر تاک و کۆمەلگادا. چونکە ئەمانە ناچنە سەرئەوەی کە دەوڵەت دەسگایەکی رێکخراوی چینی خاوەندارە لە پێناو پاراستنی لە چینێک، واتە ئەو چینەی هیچی نییە. واتە بنەمای مافی پارێزاوی تاکەکانی کۆمەڵگا لە دەولەتەکانی مێژوودا بەوە پێوراوە خاوەنی چەندی و چەندت هەیە. کەواتە مەسەلەی گرنگ کە

مەسەلەی دادپەروەری کۆمەلایەتی و یەکسانییە لە دابەشکردنی داهات و سەروەتی کۆمەڵگادا، مەسەلەی نەمانی چەوسانەوەی زۆرینەیە لەلایەن کەمینەیەکی کەمەوە کە خاوەن هەموو شتێکن. ئەمانە ناچنە سەر ئەم مەسەلە بنەڕەتییە کە سەرچاوەی نەهامتیەکانە. ئەمانە پێشوەخت ئەم سیستەمەیان بۆ هەتاهەتاتی یەکلا کردۆتەوە و چەسپاندوویانە، لەسەروو ئەمەوە هاتوون دەستوور و مافی کەسەکان و هەڵبژاردن و دەخالەتی ئینسانەکانیان لە سیستەمدا دیاریدەکەن.

لە سەردەمە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا دەوڵەتە جیاوازەکان مافی توندوتیژیان بەتەواوی بەکارهێناوە بە چەندین شێوە، هەرچەندە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا لە زۆرجێگاوە بەهۆی هاتنە مەیدانی خەڵک و شۆڕشەکانەوە و ئیرادەی پێشکەوتووخوازی ئینسانەکانەوە توانراوە تا ڕادەیەکی کەم بەر بە دەوڵەت بگرن لە بەکارهێنانی توندوتیژی و توانیویانە چەند یاسایەک بەسەر دەوڵەت و چینی دەسەلاتداردا بسەپێنن بۆ سنووردارکردنی مافی توندوتیژی بەرانبەر تاکەکانی کۆمەڵگا.

ئەنگلز دەڵێت: دەولەت لە سەرەتاوە نەبووە و تا سەریش نامێنێ، لە کۆمەلگا کۆنەکاندا هیچ بیرێکی دەوڵەت و دەسەلات نەبووە. بەلام کاتێک پێشکەوتنی ئابووری پلەیەک پێش دەکەوێت و کۆمەلگا دابەش دەبێت بۆ چینەکان، دەوڵەت بەپێی ئەم دابەشبوونە دەبێتە پێویستی و بەلام لەگەل ونبوونی چینەکان ئەم پێویستییەی دەولەت نامێنێ. کۆمەلگاش بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی نوێ ڕێکدەخات لە سەر بنەمای یەکێتی بەرهەمهێنەران بە ئازادی و بەیەکسانی. لەمەشەوە ئامرازی دەوڵەت بە تەواوی وەکو پێویست دەنێردرێ بۆ مووزەخانە و بەتەنیشت گوڵدانی برۆنزی و پارچە سەرەتاییەکانەوە دادەنرێ.

بەلام لە ڕاستیدا نە توندوتیژی بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ، نەجوولێنەری مێژووشە، وە نە بناغەی چەوسانەوەی چینایەتیشە. توندوتیژی بە تەنیا وەسیلەیەکە بۆ مانەوەی چەوساندنەوەی چینایەتی، ئامڕازێکە بۆ ڕێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەلەیەن مرۆڤەوە، دەتوانیٖ بەوە بگەین کە چۆن توندوتیژی ڕێکخراو زەرورەتێک بووە لە قۆناغە تایبەتەکاندا بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئامانجێک کە مەوزووعیەتی objectivity خۆی هەبووە.



سەردەمی ئێستا کەسەردەمی سیستەمی سەرمایەداری و بازاڕی ئازادی سەرمایەیە، سەرمایەداری بۆ پاراستن لە مانەوەی خۆی، بۆ بەردەوامی کەڵەکەی سوود، پێویستی بە توندوتیژییە، یان دەتوانین بڵێن توندوتیژی کۆڵەکەی پاراستنی دەسەلاتی سەرمایەیە. سەردەمی سەرمایەداری توندوتیژترین سەردەم بووە لە مێژووی بەشەریەتدا، کە زۆرترین توندوتیژی و شەری بەکۆمەڵ تێیدا ڕوویداوە. سەردەمی هاتنە مەیدانی سەرمایەداری، بەریتانیا وەکو

بەجێگەیاندنی چاوچنۆکی چینە سەرکەوتووەکان لە مێژووی چینایەتی Historically rising classes". بەمەش توندوتیژی ناتوانێت ڕاڤەی مێژوو بکات، بەڵکو ئەوە مێژووە کە ڕاڤەی توندوتیژی دەکات. لەسەر بنەمای ئەوەی کە بەرەوپێشچوونی شێوەکان بۆ

یەکەم ولاتی سەرمایەداری بەتوندوتیژترین شێوە کۆشتاری بەکۆمەلی لەو شوێنانەدا ئەنجامدا کە داگیری دەکرد و بەشوێن سەرچاوەی سروشتی و هێزی کارەوە بوو. ئەو کوشتارە بە کۆمەلەی دژی هیندییە سوورەکان کرا لە ئەمریکا، ئەو کوشتارانەی لە دژی خەلکی ئەفریقا و هندستان ئەنجامیدا، کە مێژووی ئەو ولاتانەی بە خوێن سوور کرد نموونەی زیندووی سەرهەلدانی سەرمایەداری بوو. پاشان شەڕەکانی کوتایی سەدەی هەژدەیەم و شەرەکانی جیهانی یەکەم و دووەم ، کە سەرمایەداران بۆ دابەشکردنی دنیا لە نیو خۆیاندا چ جەهەنەمێکیان بۆ مرۆڤایەتی دروست کرد. واتە توندوتیژی تاکی و بەکۆمەڵ بەشێکی جیانەکراوەی ئەجندای سیستەمی سەرمایەدارییە، وە ئەمە زەرورەتێکی مانەوەی ئەو نیزامەیە، هەروەکو ئەو ڕاستییەی لە رۆژنامەی نیویۆرک تایمس دانی پێدا دەنی: سەرنووسەری رۆژنامەکە لە سالی ١٩٩٩ دا وا دەنووسی: دەستی شاراوەی بازاڕ پێش ناکەویت بەبێ دەستە ئاسنینەکەی، ماکدونالز "گروپی رێستورانەکانی ماکدونالز". پێش ناکەوێت بەبێ ماکدونالز دۆگلاس" ئەندازیاری فڕۆکەی جەنگی ١٥F ".

توندوتیژی لە شۆرشی سوسیالستیدا بوونی هەیە، ئەمەش کاتێک دەبێت سەرمایەداری و ئەو کەمینەیەی کە خاوەنی هەموو شتێکن بە ئاسانی تەسلیمی ئیرادەی شورشگێرانەی زۆرینە و چینی کرێکار نابن، جا لەو کاتەدا شۆرشی زۆرینەی خەلک بۆ بە ئەنجامگەیاندنی ئامانجەکانی دەست بۆ چەک دەبات بۆ هینانەخوارەوەی دەسەلاتی چەوسێنەر. هەرچەندە کۆمۆنیستەکان خۆیان زۆر بە هومانیستیش دەزانن وە لە روانگەی قوولی مرۆڤایەتی خۆیانەوە بەشوێن بنبڕکردنی توندوتیژییەوەن، بەلام لە کاتێکدا سەرمایەداری تەواوی هێزی خۆی

بەکاردێنی بۆ مانەوەی دەسەلاتی خۆی و سەرکوتی شۆڕش، واتە ئەو توندوتیژییە ڕێکخراوەییە کە دەسەلات فەرزی کردووە، ئەوا ئەوان ناچارن پەنابەرن بۆ توندوتیژی لە بەرانبەریدا، ئەمەش شەرعیەتی خۆی هەیە. هەندێک لە سوسیالستەکان دەلێن دەکرێت شۆرش بکەیت و خوێنیشی تێدا نەرژێت، واتە شۆرشی سپی، بەلام ئەمە تەنها وەهمێکە و شیعارێکی ئەخلاقیشە کە سەیری بارودۆخ و دەوروبەر ناکات، بگرە زۆرجار دەبێتە دەستکەوت و خزمەت بۆ بەرژەوەندی چینە دەسەلاتدارەکان. ئەخلاق دروستبووی پێشکەوتنە کۆمەلایەتییەکانە و شتێکی جێگیر نییە. بەرگری لەخۆکردن لە کاتی دەستدرێژیکردنەسەردا شتێکی حاشاهەڵنەگرە. بەکارهێنانی توندوتیژی لە پێناو لابردنی دەسەلاتێکی سەرکوتگەر، کە زۆرینە دەچەوسێنێتەوە، ئەمە شتێکی ئەخلاقی نییە. لەسەرەدمی گواستنەوەدا لە سەرمایەدارییەوە بۆ سوسیالیزم ئەم توندوتیژییە لە زۆر حاڵەتدا بەکاردەهێنرێ دژی ئەوانەی ئامادەنین واز لە دەستەڵاتی سەرکوتگەری خۆیان بێنن، بەلام ئیتر کە ئەو قۆناغە تەواو دەبێت لەگەڵیشیدا توندوتیژی تەواو دەبێت یان بەواتایەکی تر نامێنێ.

لە کۆتاییدا ئەمەوێت ئەوە بڵێم لەگەل بوونی بیروبۆچوونی جیاواز لە سەر مەسەلەی توندوتیزی و بەکارهینانی توندوتیژی، ئەگەر وەکو مرۆڤی سەرەتایی بیربکەینەوە، ئەگەر لە ناخی پاک و خۆشەویستی ئینسانەکان بیر بکەینەوە، هۆکارە دەرەکییە سەرەکییەکان دەستنیشان بکەین، ئەوانەی لەدەوری ئینسانەکان بازنەیان دروست کردوەو ئینسانەکانیان بەرەو شوێنێکی تر بردووە، ئەگەر بیر لەوە بکەینەوە کە هەمووان هەموو شتیان ببێت، ئەوەی پێویستە بۆ ژیان بەیەکەوە بەرهەمی بێنن و بە یەکسانی دابەشی بکەن، هەمووان بەپێی توانای خۆیان و بۆ هەمووان بەپێی

پێویستییان، دەتوانرێ جیهانێک دروست بکرێت کە قسەکردن لە توندوتیژی و شەڕ تێیدا جێگایەکی نامێنێ و بەتەواوی بنەبڕ بکرێت. ئەمەش خەیاڵ نییە، ڕۆژێک دێت هەمووان وا بڵێن.

## سەرچاوەکان :

- To Have or To Be? - Erich Fromm
- Max Weber: Essays in Socio-logy
- Max Weber – *Politics as a Vocation*
- Thomas Hobbes: *Leviathan*.

- انگلز_ کتاب اصل العائلة الملكية الخاصة و الدولة
- ابحاث مركز دراسات الاشتركي
- عصام عبدلله_ايلاف عنف و فلسفة
- محاضرات استاذ محمد الخشين .

☆

*پاشماوەی : " ئازادی وئازادی بیروڕا..."*

ئەوە لە ڕاستیدا نەک خەڵک بەڵکوو دەسەڵات و لایەنگرانی نابەرێزی دەسەڵاتن کە دواکەوتوون، ئەوە ئەوان خۆیانن کە "نەزانن"، خۆیانن کە بەرچاوتەنگن، خۆیانن کە دڵیان ئاواڵە نییە و ناتوانن دەنگی نارازی و جیاواز ببیستن چون ئەو دەنگە جیاوازانە لەوانەیە هەڕەشەیەک بن بۆ پلەوپایەی ناحەق و نابەرابەری کۆمەلایەتییان، چون دەنگی ئازاد و ڕەها دەتوانێ خەوش بخاتە سەر ئەو دونیا ناعادلانەی ئەوان لە سەر گومبەزەکەی دانیشتوون و بە شتێکی ئاسایی و ڕەوا بە خەلکیان قەبلاندووە. دەنا، ئازادی و ئازادیخوازی خۆی لە خۆیدا ئازادی پەرەپێدەدا. لە ولاتێکدا کە ئازادی ڕاستەقینە بوونی هەبێ و دەسەلات پارێزەری ئازادی بێ، بەرچاوتەنگی و پەڕاندنی سنووری حورمەت و کەرامەتی مرۆڤ زۆر بە ئاسانی ڕادەماڵرێتە زبڵدانی مێژوو.

☆

# داستانی دایکێکی ئازا،

**هاوارێکی کاسکەر دژ بە جەنگ... ئێمە لە کوێیداین !**

**نووسینی: عەبدوڵا حبە-مۆسکۆ**
**وەرگیرانی لە عەرەبییەوە:**
نەجات عەزیز -١/٧/٢٠١٧

گۆڤاری "تیاتر"ی ڕووسی نمایشکردنی شانۆگەری "دایکە کۆراژ و کوڕەکانی" لەسەر هۆڵی شانۆی دۆیچە تیاتر لە بەرلین بە یەکێ لەو دە شانۆگەرییانەی کە جیهانیان هەژاند داناوە. وادیارە ئەم داستانە مرۆڤایەتییە وێناکردنێکی زیندوویانەی جەنگە، تەنانەت لە جیهانی عەرەبی خۆیشماندا لەم دەیانەی دواییدا کە ئاگری کۆمەڵێک جەنگ کەوتۆتەوە کە هیچ بەرژەوەندییەکی دانیشتوانی ناوچەکەی تێدا نییە جگە لە تیاچوون وماڵوێرانی و کاولکاری بۆ ناوچەکە.

برتۆڵت برێخت (١٨٩٨-١٩٥٦) ئەم شانۆگەرییەی لە سوید نووسیوە کاتێک هەڵهاتبوو لە ئەڵمانیای نازی لەگەڵ ڕۆشنبیرانی تری ئەڵمان، دوای ئەوەی هیتلەر دەستی بە کتێب سووتاندن کرد لە گۆڕەپانە گشتییەکاندا وکەوتە ڕاوەدوونانی هەموو ئەوانەی دژ بە ڕژێمە فاشییەکەی بوون. برێخت وای دانابوو شانۆگەرییەکەی کە هاوارێکی هەورە گرمە ئاسای دژ بە جەنگە، کەسێک ئەدۆزێتەوە بیباتە سەر تەختەی شانۆکانی ئەورووپا و میللەتانی ئەورووپا وەئاگا ئەهێنێ لە مەترسی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیان بە جەنگ. بەڵام برێخت دواکەوت لە بڵاوکردنەوەی شانۆگەرییەکەی.

کاتێک بۆ یەکەم جار نمایشکرا لە ساڵی ١٩٤١ لە سویسرا کار لە کار ترازابوو، جەنگی جیهانی دووەم دەستی پێکردبوو کە بە ملیۆنەها قوربانی و وێرانبوونی سەدان شار و هەزاران گوند و لادێی لێکەوتەوە. بۆیە، کەس نەبوو لە ئەوروپییەکان گوێی لە ئاگادارکردنەوەکەی بگرێت سویسرییەکان نەبێت، کە خۆشیان زووتر شەری سی ساڵەیان کردبوو بەڵام دەرئەنجامەکەی دامەزراندنی سویسرای فیدراڵ بوو.

بەم شێوەیە برێخت نەیتوانی بینەری ئەورووپی بۆ شانۆگەرییەکەی بدۆزێتەوە هەتا ساڵی ١٩٤٨ کاتێک داوای لێکرا هەستێ بە دەرهێنانی کارەکەی لەهۆڵی شانۆیی "دۆیچە تیاتر" دوای جەنگی جیهانی دووەم. ئەویش ڕازی بوو بە دەرهێنانی شانۆگەرییەکەی و یەکەم نمایشی لە ساڵی ١٩٤٩ کرا. لەسەر شانۆ، جلە کۆن و شڕەکانی ئەکتەرەکان، کە لە سەدەی حەڤدەهەمدا ژیابوون لە جلی خەڵکی ئەڵمانیای ئەوکاتە ئەچوو. بینەرانی شانۆ بەتەواوی ئاوێتەی ڕووداوەکانی شانۆگەرییەکەی بوون و بەدەمەوەچوونێکی تەواویان هەبوو



لەگەڵ دایکە ئازاکە - (کوراژ)- کە هێلینا ڤایگل هاوسەری برێخت ڕۆڵەکەی بینیبوو. چونکە واقعی خۆیانی بیر ئەخستنەوە. برێخت تەنها چاوەڕێی دەربڕینی هاوسۆزی نەئەکرد لە جەماوەرەکە لەگەڵ پاڵەوانی شانۆگەرییەکە، بەڵکومەبەستی تێگەیشتنیان بوو لە

مانا شاراوەکانی بیرۆکەی شانۆگەرییەکە. واتە وەستانەوە دژ بە جەنگ و بەهانەکانی هەڵگیرساندنی. بۆیە دەستکاری کرد لە هەندێک بەش لە تێکستەکە و هەندێک داهێنانیشی کرد لە کاری دەرهێنانەکەی. ڤایگل ڕۆڵێکی یارمەتیدەرانەی زۆری هەبوو لە گەیاندنی مەبەستی نووسەرلە ڕێی بەرجەستەکردنی ڕۆڵەکەی بە شێوەیەکی وشک و دوور لە هەڵچوون بەشێوەیەک کە هیچ بوارێکی بۆ بینەر نەهێشتەوە جگە لە هاوسۆزی لەگەڵ دایکە کۆراژ. بیرۆکەی داوای ئاشتی بەتەواوی دەستی بەسەر نمایشکردنی شانۆگەرییەکەدا لە ساڵی ١٩٤٩ دا کێشابوو، دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو لای جەماوەر لە سەردەمی هەڵکشانی مەترسی شەڕی سارد. هەروەها بە ڕوونی پاڵنەرە ئابوورییەکانی جەنگی ئاشکرا کرد و پێویستی ئاشکراکردنی تاوانەکانی شەڕ پەیوەست بە ئایدیۆلۆژیای دوژمنکارانە و پاڵنەرە داراییەکان بۆ هەڵگیرساندی جەنگ. ئاشکراکردنی ئەوەی کە بزنس لە پشت هەموو شەڕکانەوەیە لەم سەردەمەماندا.

هەرچەندە دەسەڵاتی داگیرکەری ئەو دەمەی سۆڤییەت خۆشحاڵ بوو بە نمایشکردنی شانۆگەرییەکە بەوەی کە دژ بە بیرۆکەی جەنگە و کۆمەکی برێخت و شانۆکەشی ئەکرد، بەڵام هەندێک لە ڕەخنەگرانی سۆڤییەت پێیان وابوو شانۆی داستانییانەی برێختی ناگونجێت لەگەڵ یاساکانی ڕیالیزمی سۆسیالیستی. ئەمەش دواتر بوو بە هۆی ساردی هەڵویستی وڵاتانی بلۆکی سۆسیالیست لە کارەکانی برێخت بەشێوەیەکی گشتی. بەڵام برێخت سەرکەوتنێکی گەورەی لەلای جەماوەری پێشکەوتنخوازی دژبەجەنگی ئەورووپای خۆرئاوا بەدەست هێنا پاش نمایشکردنی شانۆگەرییەکانی لەلایەن تیپە شانۆیەکەیەوە "برلینەر ئنسابل" لە پاریس ١٩٥٤ و لە لەندەن لە ١٩٥٦.

بریختی شانۆنووس، دەرهێنەر، شاعیر و ڕەخنەگر، لە سەرەتای تەمەنی لاویێتیدا خۆی بۆ خوێندنی پزیشکی ئامادەکرد بوو بەڵام بەرەو ئەدەب وەرچەرخایەوە، عەودالّی ئەدەبی یۆنانی کۆن بوو، درامای داستانی یۆنانی زۆر کاری تێکرد. گەلێک شانۆگەری نووسی لەوانە: "کردەوە" و "تەپڵ لە شەودا" و "ئەم سەربازە چییە و ئەویتریان چییە" ئۆپێرای سێ پێنی" و "ترس و ڕەشبینی لە ڕایخی سێیەم" و "پیشەی ئارتۆرۆ وی" و "دایکە کۆراژ و کوڕەکانی" و بازنەی تەباشیری کەوکازی" و "ژیانی گالیلۆ" و برێکی تر. بەڕاستی هەموو کارەکانی داستانی ئەدەبی شانۆیی سەردەمن.

ڕوداوەکانی شانۆگەری "دایکە کۆراژ و کوڕەکانی" ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی جەنگە ئایینییەکانی ئەورووپا، بەتایبەتی بەهاری

١٦٢٤ کاتێک سوپای شای سوید خۆی ئامادە کردبوو بۆ داگیرکردنی پۆڵەندا، شارەزایانی سوپا کە شەڕ بە تاکە ڕێگا دائەنێن بۆ سەپاندنی " سیستەم و شارستانییەت"، هەڵئەستن بە کاری سەربازگیری گەنجان و ئامادەکردنیان بۆئەرکەکانی داهاتوو. بەڕای سوپا، بەبێ شەڕ و توندوتیژی هیچ ڕەوشتێک نابێت- بەبوۆچوونی ئەوان ئەگەر سیستەمی سەربازی باڵادەست نەبێ ئەوا تاک بە گوێرەی حەزی خۆی ئەسووڕێتەوە و بەکەیفی خۆی هەموو شتێک ئەڵێت و بەئارەزوی خۆی ئەخوات. کەواتە ئەمە چ سیستەمێکی دەوڵەتە کە بەبێ فەرمان و بێ بەشکردنی ئازووقە و لێپرسینەوە بەڕێوە ئەڕوات!

# شانۆگەری دایکی ئازا

لە شانۆگەرییەکە، دوو گەنج عەرەبانەکەی دایکە ئانا ڤیرلینگ ڕائەکێشن کە فرۆشیارێکی گەڕۆکە

( بە ڕەچەڵەک خەڵکی باڤاریای ئەڵمانیایە) و نازناوی "کۆڕاژ" واتا ئازای لێنراوە، چونکە لە بۆردمانی تۆپەکان و گیزەی گوللە نەئەترسا. بەعەرەبانەکەیەوە کە هەردوو کوڕەکانی ڕایان ئەکێشا لەگەڵ کەتیبەی فنلەندی دووی سوپای سویدیدا ئەسووڕایەوە و شتی پێ ئەفرۆشتن. هەردوو کوڕە گەنجەکەی و کچە لاڵەکەی نازناوی جیاجیان هەبوو چونکە کەس بە دەقیقی نەیئەزانی باوکەکانیان کێیە، سەربازی سوپای جۆراوجۆر بوون و لەوانەیە لێشیان کوژا بێ یان بێ سەروشوێن بووبێ. هەر لەو کاتانەدا فەرماندەی کەتیبەکە کوڕە گەورەکەی، ئیلیف، ئەباتە ڕیزەکانی کەتیبەکەوە و لەیەکێک لە شەڕەکاندا ئەکوژرێ. بەو شێوەیە دایکە کوراژ یەکێک لە کوڕەکانی لە دەست ئەدات. دوای تێپەربوونی سێ ساڵ لە شەڕ، دایکە کوراژ دیل ئەکرێ لەلایەن سوپای دوژمنانەوە بەڵام بە گۆڕینی ئالای سەر عارەبانەکەی کە ئالای لوسەرییەکان بوو و دانانی ئاڵای کاتۆلیکەکان، خۆی لە مەترسی ڕزگار ئەکات. کاتێک سوپای دوژمن داوا لە کوڕە بچوکەکەی، شڤیتسەرکاش، ئەکەن شوێنی گەنجینەی کەتیبەکەیان پیشان بدات و ئەویش ڕەتی ئەکاتەوە تەقەی لێ ئەکەن ئەیکوژن. لاشەکەی پێشان دایکە کوراژ ئەدەن نکولی لە ناسینی ئەکات بۆ ئەوەی عەرەبانەکە و شتومەکەکانی لەدەست نەچێت. بەو شێوەیە شەڕ چەند ساڵێک بەردەوام بوو دایکەش بە وڵاتانی پۆڵەندا و مۆراڤیا و باڤاریادا سووڕایەوە. لەکۆتاییشدا سەربازەکان بەزۆر لاقەی کچەکەیان کرد و دەم وچاویشیان شێواند بەڵام دایکەی ئازا دانی بەخۆدا گرت بەتایبەتیش پاش ئەوەی کە لەو کاتانەدا لە تروپکی سەرکەوتنی بازرگانییەکەیدا بوو.

لە ساڵی ١٦٣٢ پاشای سوید، گۆستاڤ ئەدۆلف ئەکوژرێت و ئاگربەست ڕائەگەیێنرێت،

بازرگانییەکەی دایکەی ئازاش هەڕەشەی مایەپووچی دێتە سەر. ئەو پێویستی بە ئاشتی نەبوو، شەڕ سەرچاوەی سەرەکی بژیوی بوو، خۆزگەی هەڵگیرسانی شەڕی ئەخواست. شەڕی نێوان کاتۆلیکەکان و پرۆتستانتەکان ١٦ ساڵی خایاند، نیوەی خەڵکی ئەڵمانیا تیاچوو، وێرانی و برسێتی هەموو لایەکی گرتبووەوە، لەکۆتایی شانۆگەرییەکەدا سەربازەکان کاترینی کچی ئەکوژن چونکە خەڵکی گوندی وەئاگا هێنا لە هاتنی سەربازەکان بە لێدانی تەپڵ بە مەبەستی ڕزگارکردنیان لە کوشتار. بەم شێوەیە جەنگ هەموو منداڵەکانی دایکە کۆڕاژی قووتدا بەڵام ئەو هێشتا بەردەوامە لە ڕاکێشانی عەرەبانەکەی بەتەنیا و سەربازەکان بەلایدا تیئەپەڕن و ئەویش هاواریان لێ ئەکات: "بمبەن لەگەڵ خۆتان"

برێخت لە شانۆی داستانییدا فەیلەسووف و شانۆنووسیشە لە هەمانکاتدا؛ چونکە کارەکانی پێناسە ناسراوەکانی شانۆ تێئەپەڕێنێ. لە نووسینی شانۆگەرییەکانیدا زۆری لە کارە درامییە یۆنانییە کۆنەکان وەرگرتووە بەتایبەتی لە شانۆگەرییەکانی سۆفۆکلیس کە زۆر پێیان سەرسام بوو. ئەم نووسەرە هەڵکەوتووە گرنگی زۆری بە ڕووداوە مێژووییە مەزنەکان ئەدا، ئەم گرنگیپێدانەش مەودایەکی کۆمەڵایەتی و ڕەخنەگری بە کارەکانی ئەبەخشێت. کۆمەڵێک پێکهاتە کارەکانی جیا ئەکاتەوە، لەوانە گەیشتن بە تروپکی ڕووداوە درامییەکان چەند جارێک و چارەکردنیان و جیاکردنەوەی سەردەمی ڕووداوە درامییەکە و سەردەمی نووسەر. بە شێوەیەک کە نووسەر لەسەر تەختەی شانۆ گێڕانەوەیەکی بەسەرهاتەکان پێشکەش ئەکات بەڵام کۆتاییەکەی زانراوە. بەبۆچوونی برێخت ژیان لە شانۆی ئاساییدا بینراوە، بەڵام ڕوون نییە. بۆیە لە شانۆگەرییەکانیدا کەسایەتی گێڕەرەوەی داهێناوە. واتە ئەکتەرێک کە کۆمێنت لەسەر ڕووداوەکان ئەدات بەبێ ئەوەی

یەکێک بێت لە پاڵەوانەکای شانۆگەرییەکە و ئەکتەرەکان لە نمایشەکانیدا پێویستیان بە بینینی ڕۆل نیە.

شانۆی عەرەبی ئەمڕۆ پێویستی بە داهێنانی برێخت و بلیمەتانی تری جیهانی شانۆییە بۆ سودوەرگرتن لە شارەزاییان لەپێناو دەرچوون لە دۆخی چەقبەستوو لەم سەردەمی پاشەکشەکردنە ڕۆشنبیریەی کە جیهانی عەرەبی گرتۆتەوە بەگشتی. ئەمڕۆ ڕۆشنبیرانی عەرەب خۆیان دان بە خراپبوونی کاری داهێناندا ئەنێن لەناویشیاندا داهێنان لە بواری شانۆ، وەکو بڵێی ئەم وڵاتانە کەسایەتی بەهرەمەند و داهێنەری وەکو نەجیب مەحفووز و مەهدی جەواهری و غایب طعمە فەرمان وجواد سەلیم و محمود سەبری و دەیانی تری وەکوو ئەمانی بەخۆوە نەدیبێ. سەبارەت بە عێراق، ئەتوانین بڵێین وڵاتەکە پاش ئەو هەموو شەڕەی تووشی میللەتەکەی بوو، سینەما و شانۆ و هونەری تەشکیلی و میوزیک و هونەری فۆلکلۆری، تەنانەت شیعر و چیرۆک و ڕۆمانیش لەئاستێکدا نییە کە بەرزی بکاتەوە بۆ ئەو پایەیەی کە شایانی بێت. نەک تەنها لەسەر ئاستی جیهانی، بەڵکوو لەسەر ئاستی ناوچەیی و ئاستی وڵاتانی جیهانی سێیەمیش بە شێوەیەکی گشتی.

شانۆگەری "دایکە ئازاکە"، گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ ئەمڕۆی ناوچەی عەرەبی کە جارێک بە چەندەها جۆر شەڕی تایفەگەری و جارێکی تر بە شەڕی دەستێوەردانی دەرەکی بەبیانوی بەرگری لە دیموکراسیەتدا تێئەپەڕێ. چین و توێژانێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگا هەڵکەوتون هیچ لارییەک نابینن لە بەکوشتدانی ڕۆڵەکانی لەپێناو سەروەت و ساماندا، کە هیچ بەهایەکی نیە لەپاش تیاچوونی ئەو ڕۆڵانە. لەم ڕۆژانەدا بەها مرۆڤایەتییەکان ون ئەبن و چەمکی وەک نیشتمان، ئازادی، شکۆی مرۆڤایەتی، مانای خۆیان لەدەست ئەدەن.

## سەرچاوە:


• *الحوار المتمدن -ژمارە ٣٨٨١- ١٥/١٠/٢٠١٢*


☆

***پاشماوەی : "شێرکۆ لە چەپەوە..."***

چەتەکان، پیر و زورهانەو تەنانەت مردووە! شێرکۆ، بەڵێ، ئەوەندە وشیارە کە هەستی بەم حەقیقەتە کردووە؛ بەڵام وشیارییەکەی هێندە بڕناکا کە لەم خودا مردووە، گەڕێ و ڕووبکاتە ئازادیی مۆدێرنی ئەمڕۆ؛ ڕوو بکاتە سۆسیالیسم! بۆیە هەر ئەو زەهری ئاشتی گورگ و مەڕە، لەگەڵ خۆی هەڵ ئەگرێ و بەشێوەی خۆی، دەی ئاڵێنێ لە هەندێک خەیاڵی ئاڵۆزەوە و هەندێک گوێی سەرلێشێواو، کە ئەوانیش، لە ناسیونالیسمی مردوو ناهومێدن، لە نێوەڕێی ناوشیاریی و وشیارییدا، دەقۆزێتەوە و دیسانەوە، هەر بەشێوەی پیاوسالاریی کۆن، نیشتیمان و ژن لێک هەڵدەپێکێ و ئەمجارە، دەیکاتە کچێکی جوان و دەڵێ: مەڕۆن بۆ لای تر! ئەگەر تائێستا نیشتیمان، دایک بووە، ئەو دایکە مردووە! بەڵام، لێرە بەدواوە، نیشتیمان، کچێکە و نێوی "ڕۆزانا"یە بەڵام هەر بەو پەیامە سەرلێشێوێنەوە

کە دز و دزیی لێکراو برادەرن؛ کە سەرمایەداریی دۆستی ستەملێکراوانە، نەک ستەمگەرەکە؛ ئەگەر دەشمان کوژێ:

*"هەر من خۆم چەقۆم و هەر خۆیشم تەرمەکەم"!!*

تا ئێرە، بەهیوام هێلە سەرەکییەکانی باسەکەم بەدەستەوە دابێ. بەڵام دەشزانم؛ لە کارەکانی شێرکۆدا، هێشتا گەلێک گیرگە ماون کە دەتوانن مایەی ڕوونکردنەوەی زیاتربن. لە باسی جوانییناسیی و زیندووکردنەوەی جوانییناسیی مۆدێرنی گۆرانەوە کە پێشێلی دواکەوتوویی ناسیونالیسم بووە، هەتا باسی ئازادیی کە بەستەزمانانە، پێشێلی بانگەوازخوازانی بۆرژوازیی دەبێ! نەک هەر ئەمانە؛ بەرەو پێشتر بردنی پێشڕەوەییەکانی گۆران، یان هەر هێنانەدی باسی تازەتر ... ئەمانە هەمووی و گەلێک باسی تازەتریش، دەتوانن لە بەرژوەنددا بن؛ بەرژەوەندێک کە خوێنەران دەتوانن بەشدارییەکی باشی تێدا بکەن!

☆

# جنێو: نیاز و نزای مرۆڤ

دێڤین ڕێکسوید



جنێو یا جوێن، دژمان، قسەی سووک، قسەی نالایق و هتد دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە کە لە زۆربەی زۆری کۆمەڵگاکان و کولتوورەکاندا هەیە بەڵام بە شێوەی جیاواز بەیان دەکرێ.

پرۆفێسۆری زمانی ئینگلیسی لە وڵاتی سۆئێد، ماگنوس یونگ (١) Magnus Ljung لە کتێبی "جنێونامە، سەبارەت بە جنێو و جنێودان بە سۆئێدی، ئینگلیسی و ٢٣ زمانی تر"، وەک نیازێکی ئینسانی باس لە جنێو دەکات. مێژوونووس و توێژەرەوەی تر وەک دەربڕینێک بۆ دابەزینی ئەخلاقی کۆمەڵگا سەیری دیاردەی جنێو دەکەن. بوونی وشەیەکی ناشیرین زۆرجار وەکوو ئاوێنەی بوونی دەقی کۆمەڵایەتی وشەکە سەیر دەکرێ. بە واتایەکی تر تا دیاردەیەک بوونی کۆمەڵایەتی نەبێ، زەحمەتە وشەیەکیشی بۆ بتاشرێ. باوبوونی جنێو لە هەر کۆمەڵگایەکدا، دەتوانرێ وەکوو یەکێک لە نیشانەکانی بوون و بەکارهێنانی زەبروزەنگ لەو کۆمەڵگایەدا سەیری بکرێ. جگە لەوەش توندوتیژی زارەکی دەکرێ وەکوو هەست بە کەموکووڕی کردن و لاوازی دەروونیی کەسی جنێوفرۆشیش سەیر بکرێ.

هەروەها یونگ لە سەر ئەو بڕوایەیە کە یەکێک لە هۆکارەکانی بوونی جنێو ئەوەیە کە مرۆڤ

پێویستی بە وشەی قەدەغە هەیە بۆ دەربڕینی هەستەکانی. لە ڕوانگەی یونگەوە جنێودان هەمیشە نیشانەی فەقری کەلامی(٢) نییە. بە پێچەوانە، جنێوی نەستەق، دەگمەن، بە پێز یا پڕ بەپێست، دەتوانێ لە هەندێک حاڵەتدا نیشانەی دەوڵەمەندبوونی زمانی جنێودەریش بێت. یونگ پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێ کە جنێو دەتوانی یەکگرتوویی، نزیکایەتی و دۆستایەتی بخوڵقێنێ لە نێوان مرۆڤەکاندا. بە بەیانێکی سادەکراوە، جنێو وەکوو زۆر دیاردەی کۆمەڵایەتی دیکە لانی کەم دوو ئاستی جیاوازی هەیە، واتە ئاستی فەردی و ئاستی کۆمەڵایەتی. تایبەتمەندی جنێو لە ئاستی فەردیدا ئەوەیە کە جنێو ئاراستەی کەسێکی تر ناکرێ بەڵکو جنێودان هەڵسەنگاندن یا شەرحی حالی وێژەرە. لە ئاستی تاکدا جنێودەر، جنێو ئاراستەی خۆی دەکات کاتێک کردەوەیەکی هەڵە ئەنجام دەدا یا بۆ نموونە جنێو ئاراستەی کەرسەیەک دەکات کاتێک ئازار بە خۆی دەگەیەنێ. لەو ئاستەدا جنێودان هەمیشە بەزەڕ نییە بەڵکوو تەنانەت دەتوانێ بەکەڵکیش بێ و سوکنایی بدات بە تاک بۆ وێنە کاتێک کەسێک چەکوش لە پەنجەی دەدا. شایانی ئیشارەپێکردنە کە جنێودان لە کاتی ئازار بەخۆگەیاندن لە کولتووری جیاوازدا، بە شێوەی جیاواز دەردەبڕدرێ و ئەنگیزەکانیشی (٣) جیاوازن. لێرەدا جێی خۆیەتی نموونەیەک لە کتێبەکەی یونگ بێنمەوە. یونگ دەنووسێ کە کاتێک خەڵک چەکوش لە قامکی خۆیان دەدەن زۆربەی جاران بەم شێوەیەی خوارەوە جنێو دەدەن:

* لە زمانی سۆئێدیدا هاوار دەکەن: شەیتان، لەعنەت، جەهەنەم، گوو!
* لە زمانی ئیتالیاییدا ئاساییە کە بڵێن: کیر، کێرم!
* لە ئینگلیسی و سپانیاییدا زۆر جار دەڵێن: ئەی بت گێم!
*لە فەرانسەوی و ئاڵمانیشدا باوە بڵێن: گوو!



به پێچەوانەی ئاستی فەردی، لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا جنێو ئاراستەی کەسێکی تر دەکرێ بە مەبەستی سووکایەتی پێکردن، شکاندن و بێحورمەت کردنی ئەو کەسە لە کاتی کێشە و شەڕدا. ئەوەی کە لەم وتارەدا دەدرێتە بەر سەرنجی تایبەت، ئەم لایەنە کۆمەڵایەتییەی جنێوە. خاڵی هاوبەشی جنێو لە دوو ئاستی فەردی و کۆمەڵایەتیدا ئەوەیە کە جنێو دەتوانێ ئەنگیزەی جیاوازی هەبێت. بەپێی یونگ جنێو لە زۆربەی زمانەکاندا بە یەکێک یا چەند دانە لەم حەوت ئەنگیزانەی خوارەوە بەیان دەکرێن:

١- ئەنگیزەی ئایینی:وەکوو "لە خوات بەم"، "مەزەبت دەگێم"، "خواحیز". بە گوێرەی یونگ جنێوێکی باو لە زمانی ئیتالیایی و سپانیایی ئەوەیە کە بە کەسێک بڵێی "لە خوات ڕیم".

٢- ئەنگیزەی سکاتۆلۆژی واتا پەیوەندیدار بە باو و ئاوی لەش وەکوو تف، میز، گوو، تڕ، تس، تۆو، ئارەقە و چڵم. یونگ باس لەوە دەکا کە گوو یا پیسایی دوو وشەن کە لە زۆرێک لە جنێوەکانی زمانی ئاڵمانی و سوئێدیدا بەدی دەکرێن.

٣- ئەنگیزەی پەیوەندیدار بە ئەندامی جنسی وەکوو "گونم بگرە"، "قوزدڕاو"، "بێ بن".

٤- ئەنگیزەی سێکسی وەکوو "دەتگێم"، "قوزت دەگێم"، "گاندەر".

٥- ئەنگیزەی سۆدۆمی یا ئانالٌ سێکس یا "قوونە گان" وەکوو "قووندەر"، "کوونی"، "قووندڕاو"، "قوونت دەگێم"، "دارت لە قوونێ دەبڕم".

٦- ئەنگیزەی پەیوەندیدار بە دایک و خوشک وەکوو "کوڕی قەحبە"، "دایک حیز"، "خوشک حیز"، "دایکت یا خوشکت دەگێم".


دیارە جێگای پرسیارە کە یونگ بۆچی باس لە ئەنگیزەی پەیوەندیدار بە حەیوان ناکات بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە جنێو بەو چەشنە لە ئەنگیزە لە گەلێک زماندا باوە. بۆ نموونە لە کوردیدا بۆ سووکایەتی کردن بە کەسێک جنێوی وەکوو کەر، وەڵاغ، بۆق، سەگی پیس، بەراز، گاجووت، گوێرەکە، بزن و هتد بە پێی فیل هەیە.

ئەو ئەنگیزانەی یونگ دەسپێکیان دەکا، لە زمان و کولتووورە جیاوازەکاندا ڕەنگدانەوە و بەربڵاوی جۆراوجۆریان هەیە. بۆ نموونە یونگ باس لەوە دەکا کە ڕووسەکان وەک خەڵکێک کە تەڕترین جنێویان هەیە ناوبانگیان دەرچووە. لە هەر ڕستەیەک یەکدوو جنێوی تەڕی تێداوێن. یونگ دەنووسێ کە هیچ ڕووسییەک خۆی شلوێ ناکات کاتێک هاودەمەکەی لە گەپێکی ئاسایی ڕۆژانەدا وشەی وەک قەحبە، کیر و دایکت دەگێم بەکاردێنێت.

بە پێچەوانەی ڕووسی، زمانی ژاپۆنی، بەپێی یونگ، بە نسبەت زمانەکانی تر جنێوی کەمە، بەتایبەت جنێو کە ئەنگیزەی پەیوەندیدار بە سێکس و ئەندامی جنسی هەبێ. پیسترین جنێوی ژاپۆنییەکان، بە واتای یونگ، پەیوەندییان بە ئاژەڵەوە هەیە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە قەدیم ئاژەڵداران خەڵکێکی شاربەدەربوون لە ژاپۆن. ئەگەر لە ژاپۆن بە کەسێک بڵێی ئاژەڵ،

ناڕاستەوخۆ دەردەبڕی کە ئەو کەسە بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گروپی ئاژەڵداری شاربەدەر.

یونگ ئێشارە بەوەش دەکات کە لە زۆرێک لە زمانەکاندا زۆرجار چەند دانە لە ئەنگیزەکان تێکەڵ دەکرێن لە یەک جنێودا. بۆ وێنە یەکێک لە ناشیرینترین جنێوەکان بە زمانی چینی ماندارینی "هێلکە کیسەڵە"، جنێوێک، کە وەک "هێلکەکەر"، تۆمەتی "حەرامزادە" و "نارە سەن" بوون لە ئەو کەسە دەدات کە بەر جنێو دەدرێ.



ئەنگیزەی جنێو بە بڕوای یونگ بەپێی گۆڕانکاری بەسەر تان و پۆی ئایینی و قەومی کۆمەڵگادا دەتوانێ ئاڵوگۆری بەسەردا بێت.

بۆ وێنە سوئێد یەکێک لەو وڵاتانەیە کە جنێوی پەیوەندیدار بە دایک و خۆشک تێیدا باو نییە. بەڵام لە وتوویژ لە گەڵ لاوانی خارجی لە یەکێک لە گەڕەکەکانی شاری ستۆکهۆڵم، تێنستا (Tensta)، یونگ نیشان دەدا کە جنێوی تازە، پەیوەندیدار بە سێکس، جنس، ئەندامی جنسی و زیناح، خەریکن دێنە ناو زمانی سوئێدی. بە گوێرەی کتێبەکەی یونگ جنێوی وەک "قوز"، "کیرمژ"، دایکت یا "قەحبە" لە باوترین جنێوەکانن لە ناو ئەو لاوانەدا. خاڵی هاوبەشی ئەو جنێوانە ئەوەیە کە گشتیان قسەی توندوتیژن دژ بە کەسانی تر.

یونگ وەک چەشنێک لە تابۆشکاندن چاو لە جنێو دەکات. هەندێک جار ئەو وشانەی کە دەبنە

ناوئاخنی جنێوێکی تایبەت، مانای بنەڕەتییان کاڵ دەبێتەوە یا بە تەواوی لە بەیـــن دەچـــێ. نموونەیەکی ئەم حاڵەتە ئاوەڵناوی پیسە، بۆ نموونە کاتێک دەڵێین "پیس خۆشە" یا "پیس ترسام". لە هیچ کام لەو دوو نموونەیەدا پیس بە مانای پۆخل و قیزەون کەڵکی لێوەرناگیرێ بەڵکو ئاشکرایە کە مەبەست ئەوەیە کە شتێک زۆر خۆشە یا کەسێک زیادە لە حەد ترساوە. کاتێک وشەیەک، وەکوو وشەی پیس لەو دوو نموونەی سەرەوەدا، مانای بنەچەکەیی خۆی لە دەست دەدا، بەزەحمەت وەک جنێو یا قسەی ناشیرین دەرک دەکرێ. بە واتای یونگ کاتێک وشەیەک ڕەنگ و بۆنی تابۆی پێوە نەمێنێ، تایبەتمەندی خۆی وەک جنێو لە دەست دەدات. تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە بۆ زمان، کولتوور و کومەڵگای کوردی، تا ئێستاش جنێو بە ئەنگیزەی جنسی، سۆدۆمی یا پەیوەندیدار بە دایک و خوشک مانای بنەڕە تییان لە دەست نەداوە بەڵکوو لە ناو کورددا دەبنە هۆی کێشە، شەڕ و تـووڕەیـی و بـگـرە قەتـڵـی نامووسیش. ئەوەی کە جنێو تورەیی دەخولقێنێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە تۆ کێیت و جنێو لە کام دۆخدا دەدرێ. یونگ پێی وایە کە زۆربەی خەڵک هەڵوێستێکی ڕاڕایانەیان هەیە بەرامبەر جنێو. ئەوە بارودۆخە کە شیاوی و نەشیاوی جنێو دیاری دەکات. هەروەها یونگ لە سەر ئەو بڕوایەیە کە هەم جنێودان و هەم پاراویی زمان ئەنجامی پۆسیتڤ و نێگاتیڤیان هەیە. لە هەندێک دۆخی تایبەتدا زمانپاراوی وەک نیشانەی موحتەرەم و ڕۆشنبیربوون سەیر دەکرێ و لە هەندێک هەلومەرجی تریشدا وەک نیشانەی ترسەنۆکی و بێ جەربەزەیی. بەڵام سەرەڕای ئەو تێبینییەی یونگ، سێکس، کچ و ژن و ئەندامی جنسی ئەوان لە زۆر کۆمەڵگا و کولتووردا، وەکوو کۆمەڵگا شەرقییەکان و لەوانەش کۆمەڵگای کوردیدا، تا ڕادەیەکی زۆر تابۆن. بۆیە زمانی کوردی پڕە لە جنێوی پەیوەندیدار بە جسم

و جنسی ئافرەت.

جگە لە یونگ کەسێکی دیکە کە سەرنجی منی ڕاکێشاوە بۆ دیاردەی جنێو، مێژوونووسی ئێرانی، جەعفەر شەهرییە. ئەو لە کتێبی "تارانی کۆن"دا دەنووسێ کە قەدیم لە تاران بنەماڵەکان لە ناوبردنی ژنان و کچانی بنەماڵە خۆیان دەپاراست. هۆی ئەو بە پارێزبوونە ئەوە بوو کە ژن و کچ وەک نامووسی بنەماڵە سەیر دەکران و ناوهێنانیان لە زومرەی بابەتە تابۆیەکانی کۆمەڵگای ئەوکاتی ئێران و تاراندا بوون. بۆ نموونە لە جیاتی ناوی ژن یا کچ باو بوو کە نازناو یا پەیوەندی ئەوان لە گەل پیاوی نیزیک وەک باب و برا بەکاربێنن. کۆمەڵگای کوردی لەو بارەدا جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەل ئەو کۆمەڵگایە نییە کە جەعفەر شەهری باسی دەکات. دایکی تارا، کچی بلە یا بە گشتی دایە، خوشکێ، پورێ، ئاغاژن، مەلاژن، مەلازادە، سەیدزادە و هتد بەکاردێن بۆ ئەوەی ناوی ڕاستەقینەی نامووسی بنەماڵە بۆ کەسی غەوارە ئاشکرا نەبێ و لە شەقام و کۆڵان نەکەونە سەر زمانی خەڵک. من تا تەمەنی لاویش ناوی دایکم و دوو نەنکم نەدەزانی. بە دایکم و دایکی دایکمیان دەگوت مەلازادە بە دایکی بابیشمیان دەگوت حاجیژن. ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە ئەو جۆرە حاشاکردن لە بوون و ناوی ژن و کچ، هەم جێگا و شوێنی نزمی کۆمەڵایەتی ئەوان دەردەخا و هەم بەربڵاوبوونی کولتووری دواکەوتوانەی نامووسی ئاشکرا دەکات. بۆیە بەو دیاردەیە دەڵێم دواکەوتووانە چۆن بە قەولی جەعفەر شەهری، کوڕ و پیاو لە شەڕ و کێشە لە گەل یەکتر، کیر و گونی خۆیان وەک چەک و جسم و ئەندامی جنسی و ئێرۆتیکی کچ و ژنیش وەک نیشانە بەکاردەهێنن.

مەرجی ئەوەی بە زمانێکی بێگانە بتوانی جنێو بدەی بە ڕای یونگ ئەوەیە کە بەسەر زمانەکەدا زاڵ بیت. کاتێک بە زمانی زگماک قسە ناکەیت، زەحمەتە کە

ناوەرۆکی وشەکان و شێوەی بە کارهێنانیان پڕاوپڕ تێبگەی بۆیە یونگ پێشنیاری پێخۆرکردن لە جنێودان بە زمانی بێگانە دەکات.

جگە لە ناوەرۆکی وشەکان شارەزایی یان نەناسینی کۆدی کولتووریش گەلێک جار گرنگی تایبەتیان هەیە بۆ بەکارهێنانی جنێو لە کاتی پێویستدا. هێنانەوەی نموونەیەک تیشک دەخاتە سەر ئەو لایەنەی دیاردەی جنێو. دەگێڕنەوە کە کوڕێکی کورد لە گەل کوڕێکی سۆئیدی شەری دەبێ. کوڕە کوردەکە هەڵدەچێ و بە سۆئێدییە کە دەڵێ: "دایکت دەگێم"! گوایە کوڕە سۆئێدییەکەش زۆر لە سەر خۆ لە وڵامدا دەڵێ: ئەوە کێشەی من نییە لەوانەیە دایکم حەز بە سێکس بکات، دەمێکە تەنیایە! کوڕە کوردە کە بە خەیاڵی خۆی قورسترین چەکی لەو دەمەقاڵەیەدا بەکار هێنابوو، واقی وڕ دەمێنێ، کلکی لە سەر شان دادەنێ و دەڕوا بێ ئاوڕدانەوە.

تێبینییەکەی یونگ کە لە ناوچوونی حاڵەتی تابۆیی وشەکان، ڕەنگی جنێویان کاڵ دەکاتەوە، ئەو پرسیارە گرنگە دێنێتە ئاراوە کە ئایا بە ئاسایی بوونی سێکس، چوونە سەرەوەی ڕادەی شارستانییەت، بەرزبوونەوەی زانیاری زانستیانە لەسەر ئەندامی جنسی و بەرزبوونەوەی پلەی کۆمەڵایەتی ژن و بەهێزبوونی یەکسانی ژن و پیاو لە کۆمەڵگای کوردیدا، دەتوانێ ئاڵوگۆڕێکی ڕادیکاڵ بە سەر جنێوی ناموسیدا بێنن؟

## پەراوێزەکان:

١- کتێبی جنێو، لە سەر جنێو و جنێودان بە سویدی و ئینگلیسی و ٢٣ زمانی تر. نووسەر: ماگنوس یونگ، سالی ٢٠٠٦، شاری لوند، ئەدەبیاتی خویدنکارانی زانکو،
٢- هەژاری ئاخاوتە
٣- پاڵنەر

☆



# تەنها
# حەوت هەنگاو

عەبدولا ئەحمەد سادق

هەرچەند تیغی هەنگاوەکانم ملی ئەو شەقامە بە چەند هەنگاو دەبڕێت ئارەزووی ژماردنی هەنگاوەکان لە مێشکمدا گینگڵە دەدات"یەک، دوو، سێ، .....، .....، .....، حەوت" سەرجەمی هەنگاوەکان لە شۆستەی ئەمبەر تا ئەوبەر حەوتە. تەنها حەوت هەنگاو، ئارەزووی سەدان جار ژماردنەوەی ئەوان بەهێزترە لە بێزاربوون و ماندووبوونی لەشە لاوازەکەم.

حەزی کەم کردنەوەی ژمارەی هەنگاوەکان مەلێکە و بەرەو گۆڕستانی ڕەحیم ئاوە باڵەفڕە دەکەن. ئەم حەزەم تەنها جارێک هاتە دی کاتێک فراوان کردنەوەیان هەست پێ کرابوو، ژمارەی هەنگاوە گەورەکان تەنها چوار هەنگاو بوو. چواری گەورە و حەوتی ئاسایی بەهەشت و دۆزەخ لێک دادەبڕێنێ. لەگەڵ ماڵ ئاوایی کردنی دوا هەنگاو تیشکی ڕوناکی لەدەرگای تاریکی دەدات و خۆی دەکوتێتە ژوورەوە، جیهانی بەهەشت بەخێر هاتن لە تەماشاکەرانی پێشانگای شەقامە

پاکەکانی دەکات. لە تابلۆکانی ئەوێ دا وێنەی ئۆتۆمبێلی نایاب و خانووی جوان و شەقامی پاک و کچی ناسک و نازدار بەرچاوی تەماشاکەرانی دەکەوێ کە حەزی هونەرمەندی تابلۆکان لەچەند ڕەنگێکی نامۆ جیهانێکی وای هێناوەتە کایەوە، تەنها حەوت هەنگاو پێشانگای ئەو تابلۆ ڕێک و پێکانە لە جیهانی ئازار و تێکۆشان و جۆگە چڵپاوی گەورەتر لە خڕی خاسە لەیەک جوێ دەکاتەوە.

هەست کردنی دووریم لە حەوت هەنگاو لە بەختیاری هەتا هەتایی یەوە شتێکی ئاسایی یە. لام وایە گەر بێتو جارێکی تر چەقۆ لە ملی ئەو ڕەش مارە بنێم و بە ڕق و کینەوە بیکەمە دوو لەتەوە ئەوا هەموو شتێکی کۆن کۆتایی دێت و هی تازەش دەست پێ دەکات. بەڵام ئاخ هەزار جار وەک تینووی چاو لە ئاو بە تاسەوە ئەو شەقامەم بڕی و لە ناسۆری و هەست بە نامرادی کردن بەولاوە هیچی ترم لە هەگبەی ئەم گەشتە سەختەمدا نەبینی یەوە. ئەوبەری شەقامەکە مۆسیقایە، بەزمە، خۆشی یە ئاهەنگە، برسیەتی و هەژاری لە فەرهەنگی ئەوێ دا ووشەی نامۆن و مانایان نی یە. " ئاخۆ دووری نێوان بەهەشت و دۆزەخ حەوت هەنگاو نی یە!؟" بێ گومانم لەوەی کە کەمتریشە گەر بێتو ڕاستە و ڕاست ملی ڕێگای ئەو بەر بگریتە بەر، کاتی بڕینی ئەم ماوەیە لە پێنج چرکە تێ ناپەڕێ هەر چوار چرکە دەبێت بە دوور لێ ڕامان و سەیرکردنی سەدەیەکی وێڵی پێویستە بۆ پەڕینەوە، سەیرە حەوت هەنگاو تەنها حەوت هەنگاو سەدەیەکی پێویستە.

*

چاوپێکەوتنی یەکەم ڕۆژمان، ئەوان هەموو پێکەوە بوون تەنها من نەبێت کە لە جیهانە نامۆکەوە بە نوێنەری ڕاستەقینە هەڵبژێرابووم، پێکەوە دەدان. ئازاری هەستی بریندارم لە جیهانی

خەیاڵی بێ پایاندا بەرەو دەریایەکی ڕەش ڕای دەماڵیم. ئارەزووی دەست لەنێو دەست نانیان مەلێکی سپی بوو لە قەفەزی تەلبەندی شاپەڕەکانی قەلەڕەشەیەکدا فڕەفڕی بوو. ڕۆژی دووەم لە جیهانەکەی خۆمەوە پیرۆسکۆبی غەواسەی خۆم لێ خستەکار بەرەو چوار جیهانی تازە کە بە چوار مرۆڤ نوێنرابوون سێ کوڕ و کچێ. دوو کوڕی ئەسمەر ویەکێکی سپی کچەکەش هەر سپی بوو، بەڕاستی جوانی یەکی ڕوخێنەری هەبوو چاوم بڕی یە چاوی هەستی ڕوخانی کۆنە قەلایەک لە ناخەوەمدا دەستی پێ کرد. ئاوێنەی دەروون وورد و خاش بوو. بینین تێ ی دا بوو بە ستەم ڕۆژی دوایی دەرگا شەق و پۆق بووەکەی کۆنە جیهانەکەم کردەوە و بەرەو پچڕاندنی تەوقی دوورە پەرێزی کەوتمەڕێ.

هەستانە پێوەیەکی دەوویست تا نوێنەری بەڕێز دەست بە کارەکانی بکات و سەرەتا بکەوێتە دووان. ڕارایی و دوودڵی تەنگیان بە ناخەوەی جەنابی هێنابوو بۆ ڕزگاربوون لەو دێوەزمانە یەکسەر ڕووم کردە کوڕە پێست سپی یەکە و ووتم :- ( تاکەی ئێمە وا بین؟ با یەک بناسین.) وەلامێکی هێمن بۆ ئەم پرسیارە چەکەرەی دا " من ناوم فریادە...ئەویش کاروان...ڕزگار ئەمیش خوشکە گزنگە"

گزنگ بەیانێکی ڕوونە. هیوایە، دەست پێ کردنی کاری جیهانی ئەمبەرە و مژدەی ڕۆژێکی تازەی لەژێر باخەڵی دا شاردۆتەوە، بەیان حەزی کارکردن لەمبەر دەبزوێنێ کە هێشتا نووستن باڵی هێمنی بەسەر ئەوبەردا کێشاوە. کارکردنی ئەمبەر بەردەوامە تا ئێوارە و ئێوارەش نامرادی و بێ بەشی میوانی ڕەش و ڕووتەکە دەکات و مژدەی دەست پێ کردنی ڕابواردن بۆ وورگ زلەکانی ئەو بەر دەبات. لغاوی ئەسپی خەیاڵی گزنگم شل کردبوو، پەنجەی هەڕەشە بەرەو چاوی ناخەوەم

دەچوو، دەیقیژاند " تۆ مافی بیرکردنەوەی وات نی یە...شتی ئەوبەر بۆ ئەمبەر یاساغە پێویستە گومرگ بدرێت، بەتۆش نادرێت نەکەی کورە نەکەی بیر لە شتی وا بکەیتەوە، گزنگ ئەو بەرەو تۆش ئەمبەر ئەو ئەوە و تۆش تۆ". هەستی وێلی باڵی ڕەشی ماتەمی بەسەر شانۆی دەرووندا کێشا، بێ دەنگیەکی قووڵ وەکو قۆناغی سڕ بوونی ژیانی بۆق ڕایەخی خۆی ڕاخست.

بۆم دەرکەوت کە ڕزگار خەڵکی ئەمبەرە و حەزی نزیک بوونەوەم چەکەرەی دا، بەڵام ئەویش ئارەزووەکانی خۆی لەوبەر تۆو کردبوو، چەکەرەیان دابوو، ڕەگ و ڕیشەیان بە زەوی دا چوو بووە خوارەوە و جیاوازی لەگەڵ ئەواندا نەبوو.

تێبینی : فریاد حەزی لە گۆرانی ڕۆژئاوایی دەکات گوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناگرێت. بەپێچەوانەی منەوە ئەوەی ئەمەگی ڕۆژهەڵاتی پێوە نەبێ حەزی لێ ناکەم" " حەوت هەنگاو، تەنها حەوت هەنگاو ببڕە و ببەرە گەشت کەرێکی نامۆی ئەو جیهانە..بڕۆ..بڕۆ مل بنێ و حەوت هەنگاو ببڕە و ڕیزە ماڵێکی ڕێک و پێک ببینە کە گەڵای دارەکانیان لەسەر دیواری حەوشەکانیانەوە پێش وازی لە گەشت کەران دەکات، هێمنی یەکی تەواو، تەنانەت دەنگی پشیلەکانیشیان نایەت."

وەکو باسیان دەکرد ئەوە ماڵی کاروانە ئەوەش ماڵی گزنگە پاش چەند هەنگاوێکی تر ئەوەش ماڵی فریادە بەڕاستی کە تیشکی ئاراستەکراوی خانووەکە لەچاومدا جێگیر بوو لەناخەوە قاقا پێکەنیم بزەیەک کەوتە سەر لێوم بەرەبەرە قاقاکە نزم دەبووەوە تا بوو بە کوڵی گریانێکی بێ فرمێسک بۆ خەڵکە ڕەش و ڕووتەکە، لە دڵی خۆمدا ووتم " هەقی یەتی گۆرانی ڕۆژئاوایی نەبێت حەزی لێ نەکات چونکە ئەم خانووە لە ئیستگەی تەلەفیزیۆن دەچێت هەر بۆ ئەوە

کراوە تیپە ڕۆژئاوایی یەکان ئاهەنگی تیا بگێڕن،"

*

چاوێکم بە خۆمدا گێڕا و گەڕامەوە پێستی خۆم تەنها ئەوەندەم لەو ژیانە ڕاڕایە بۆ مایەوە لە کوێوە هاتووم ڕووی گەڕانەوەم ئاراستەی ئەوێ بکەمەوە.

تەنها حەوت هەنگاو بکێشم و بگەڕێمەوە پێش سەدەیەک. حەوت هەنگاو ئەمگەیەنێتەوە سادەیی سروشت و سادەیی مرۆڤ و ژیانی پڕ چەرمەسەری و تێ کۆشان، ئەو ژیانەی کە لە سەرەتاوە بۆم دانراوە و لێ ی ڕاهاتووم، ژیانی ڕەش و ڕووتایەتی. " بە بێ ترس حەوت هەنگاوەکەت بکێشە."

لەسەر شۆستەکە ڕاوەستام، ئاوڕێکی دواوە دەدەم بینینی گزنگ ئارەزوویەکی بەدی نەهاتووە بێ پەشیمانی و ترس پێ یەکانت هەڵبێنەوە،

" ئەوە یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، ئەوەش هەر حەوتی،"

هەموو شتێ گەڕایەوە جێ ی خۆی، سادەیی و ئازار، هەرگیز لە کێشانی ئەو حەوت هەنگاوە پەشیمان نابمەوە بۆ دوا جاریشە کە کێشام ئەو چەند ڕۆژەش بوو بە ڕابردوویەکی لەیادچووی تۆمارنەکراو لە دەفتەری یادەکانمدا.

ئەیلوولی ١٩٨١

کەرکوک

**تێبینی** : لە کاتی تایپکردنەوەی چیرۆکەکەدا دەستکاری خاڵبەند و ڕێنووسم نەکردووە و وەکوو خۆی چۆن لە گۆڤارەکەدا بڵاو کراوەتەوە، ئاوام نووسیوەتەوە.

عەبدولا سلێمان ( مەشخەڵ )


☆

# دنیابینیی چینایەتی
# لە چیرۆکی "تەنها حەوت هەنگاو" دا

عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)

## گەڕانێك بەنێو سەرزەمینی دەق

"تەنها حەوت هەنگاو" (١) ئەو کورتەچیرۆکەیە کە لەزمانی کەسی یەکەمەوە (من) یان منی چیرۆکنووس بەسەرهات و ئازار و خەون و ئومێدی جیهانێک دەنەخشێنێ کە ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان بەسەرهات و خەون و ئومێدی هەر هەمووممان بووبێت. خەون و ئومێدی گەیشتن بە جیهانێکی خۆش و پاک و پڕ لە ژیان. جیهانێکی خاڵی لە هەژاری و ستەم. ئەم خەونە هەرچەند ڕەوایە، لەگەڵ ئەوەشدا پەرجوویەک نایەت بیکاتەوە و خەونەکە بگۆڕی بە ڕاستی. گرێی ئەم خەونەش لە سیاقی مۆنۆلۆگی نووسەر لەگەڵ



خۆی و بە پشتبەستن بە فەنتازیا دەمانباتە کەنارەکانی مەبەست. نووسەر بە پشتبەشتن بە خەیاڵ و ڕەگەزەکانی تری تەکنیکی چیرۆک بەتایبەتیش شەپۆلی هۆش ویستوویەتی دەرگایەک لەنێوان سنوورەکانی ئاگایی و نائاگاییدا بکاتەوە. واتە تەواوی ئەو واقیعەی کە لە سەر ئەرزی واقیعدا بوونی هەیە، خراوەتە نێو بۆدەقەی خەیاڵ و ئاگایانە خوێنەری بۆ

کەمەندکێش کردووە. هەرچەندە لەسەر ڕووبەری هەندێ پەرەگراف و دێری چیرۆکەکە خوێنەر لەمسی پنتکی جوگرافیا و دیمەنە جۆراوجۆرەکانی نێو چیرۆکەکە دەکات، بەڵام گەر خوێنەر دەست بە لێوارەکانی ئاگاییەوە نەگرێ، زۆر بە ئاسانی دەخزێتە نێو خەیاڵی نووسەر. ئەم ستایڵە لە نووسین نەک هەر پەسندکراوە، بەڵکو جێگای ستایشە. بە وشەیەکی تر نووسەر هاتووە تەواوی هێزی هونەریی خۆی خستۆتە گەڕ لەپێناو ئامانجێکی دیاریکراو، ئەویش نیشادندانی دنیابینی چینایەتی و ناردنی پەیامی سیاسی هونەرە بۆ ئەو لەشکرە لە خوێنەر، کە لە سەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە هۆی هەلومەرجی سەرکوتی سیاسیی و نەبوونی ئازادی و بەکارکەوتنی ماشێنەکانی زیندان و گرتن و کوشتن و تەرحیل و تەبعیس و قەدەغەکردنی کلتوور و بۆنەکان و..تاد و زۆر بە تایبەتیش لە شاری کەرکووک کە شوێنی لەدایکبوون و نمایشی دەقەیەکە، تینووانە چاوەڕوانی پەیامی شۆڕشگێرانە بوون لە ئەدەب و هونەر. دەیەی هەشتاکان دەیەی نووسین و بڵاوکردنەوەی چەندین دەقی سیاسیی بوون لە مێژوودا کە جارێکی تر مەحاڵە دووبارە ببنەوە. (٢)

عەبدوڵا ئەحمەد سادق لەڕێگەی ئەم چیرۆکەوە لەیەککاتدا هەم نمایشی توانایی چیرۆکنووسی خۆیمان نیشان دەدات و هەمیش بۆچوون و تێڕوانینی چینایەتی خۆیمان پێ دەناسێنێ. تێڕوانینی نووسەر لەسەر بنەمای جیاوازی چینایەتی و هەژاری و دەوڵەمەندی یان دروستتر بڵێین لەسەر بنەمای هەبوون ونەبوون بنیادنراوە. ئەم نمایشەی دنیابینی نووسەر دەتوانین لە چەند گۆشەیەکی جیاجیاوە لێی بڕوانین و ڕەهەندە سیاسی و چینایەتییەکەی دەست نیشان بکەین. سەرزەمینی ئەم دەقە و بەپیتییەکەی لە هەڵبژاردنی ناوەڕۆکەوە سەرچاوە دەگرن.

نووسەر دەستی بۆ مەسەلەیەک بردووە کە بە یەکێک لە مەسەلە گرنگەکانی ژیان ئەژمارد دەکرێ. چیرۆکنووس هاتووە جیاوازی چینایەتی نێوان ئینسانەکانی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. ئەمە ئەو پەساپۆرتەیە کە چیرۆکی "تەنها حەوت هەنگاو"ی لە ئاستی پەسندەوە بۆ ئاستی دڵخواز بەرز کردۆتەوە و کێرقی کرێدتی شۆڕشگێڕیتی نووسەری بردۆتە سەر. بەڵام ئایا نووسەر هاتووە لە سەنگەری خەباتی کرێکارانەوە، یان باشتر بڵێین لەسەر بنەمای ململانێی نێوان کار و سەرمایەوە ئەو جیاوازییانە بخاتە ژێر پرسیارەوە؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر. بەڵگەشمان ئەوەیە کە لە سەرتاپای چیرۆکەکە شتێک نییە ناوی خەباتی چینایەتی بێت و ئاسۆیەک نییە کە ئاسۆی سۆشیالیزم بێت. ئەم لەمپەرە بۆ پەڕینەوە بەرەو شۆڕشگێڕیتی کە بە بۆچوونی من لە نائاگاییەوە سەرچاوەی گرتووە، خاڵی لاوازی ئەو دنیا بینییەیە کە هەوڵ ئەدەم لە هەنگاوی داهاتوودا خەسڵەتەکانی بخەمەڕوو.

## خەسڵەتەکانی دنیابینیی نووسەر

عەبدوڵا ئەحمەد سادقی چیرۆکنووس لە سەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو وەک هەر گەنجێکی ئەو سەردەمە مەیلی فیکریی چەپ و لێکدانەوەی چینایەتی بۆ ژیان و کۆمەڵگە و دیاردەکانی هەبووە. ئەو لە ڕوانگەیەکی شۆڕشگێرانەوە هێڵە دراماییەکانی نێو چیرۆکەکەی داڕشتووە و هەوڵیشی داوە هەر لەو سۆنگەیەوە پەیامی سیاسی – چینایەتی خۆی بگەیێنێ. نووسەر جوان ئیشی لەسەر ماتریاڵەکانی دەوروبەر کردووە و هەر لەڕێگەی ئەو ماتریالانەوە نووسەر لەپرسیارە گەورە و گرنگەکان نزیک دەبێتەوە. پرسیاری ئەوەی بۆ ئەمبەر نارێک و ناشرینە؟ بۆ ئەوبەر پاک و جوانە؟ ئەمبەر بۆ دۆزەخە و ئەوبەر بۆ بەهەشتە؟ کچانی ئەمبەر بۆ لەناو

زەحمەتییەکانی ژیان تووشی فەلاکەتباری بوون و کچانی ئەوبەر ناسک و نازدارن؟ ئەم جیاوازییە بۆ هەیە؟ کێ خولقاندوویەتی و کێ بەرپرسە لێی؟ بەڵام ئاشکرایە هونەر نایەت وەڵامی سیاسی ئەم پرسیارانە بداتەوە. هونەر تەنها ئاماژەکان نیشان دەدات و خوێنەر بەتایبەتی خوێنەری زیرەک دەبێ خۆی لە دووتوێی دێر و ڕستەکان و پەرەگرافەکان هەم پرسیارەکان و هەم وەڵامەکانیش بدۆزێتەوە.

کات سەرەتای دەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووە، چەند مانگێکە جەنگی کۆنەپەرستانەی نێوان عێراق و ئێران هەڵگیرساوە، خەڵک بە لێشاو بەرەو بەرەکانی جەنگ بەڕێ دەکرێن. جگە لە ژنان و منالان و قووتابیان و کارمەندی دەزگاکانی خزمەتگوزاری و پەروەردە، ئیتر تەواوی کۆمەڵگە سەربازە و خراوەتە ئامادەباشییەوە. شوێن لە ڕووبەری چیرۆکی "تەنها حەوت هەنگاو" گەڕەکی ڕەحیم ئاوا ی شاری کەرکووکە و بە تایبەتیش جادەی گشتی کەرکووک – هەولێر. ئەم جادەیە ئەم گەڕەکەی کردۆتە دوو بەشەوە. بەشی باکووری جادەکە لە ڕەحیم ئاوای کۆن و عەرەسەکە و تا دەگاتە گۆڕستانەکەی ڕەحیم ئاوا درێژ دەبێتەوە و بەشی باشووریشی لە خانووەکانی شەریکەی نەوت و مامۆستایان تا دەکات بە گردەکەی تەپە شۆر بۆتەوە. لەڕووی هونەری تەلارسازییەوە بەشی باشوور خانووەکان جوانتر و گەڕەکەکان پاکتر بوون، چونکە لانیکەم زۆربەی ئەوانەی لەو گەڕەکانە دەژیان خوێندەوار بوون و ئاگایی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییان لە ئاستێکی باشدا بوو بە بەراورد بە بەشی باکوور.(٣) " ژمارەی هەنگاوە گەورەکان تەنها چوار هەنگاو بوو چواری گەورە و حەوتی ئاسایی بەهەشت و دۆزەخ لێک دادەبڕێنێ. لەگەڵ ماڵئاوایی کردنی دوا هەنگاو تیشکی ڕووناکی لە دەرگای تاریکی دەدات و خۆی دەکوتێتە ژوورەوە جیهانی

بەهەشت بەخێرهاتن لە تەماشاکەرانی پێشانگای شەقامە پاکەکانی دەکات، لە تابلۆکانی ئەوێدا وێنەی ئۆتۆمبیلی نایاب و خانووی جوان و شەقامی پاک و کچی ناسک و نازدار بەرچاوی تەماشاکەرانی دەکەوێ کە حەزی هونەرمەندی تابلۆکان لەچەند ڕەنگێکی نامۆ جیهانێکی وای هێناوەتە کایەوە، تەنها حەوت هەنگاو پێشانگای ئەو تابلۆ ڕێک و پێکانە لە جیهانی ئازار و تێکۆشان و جۆگە چڵپاوی گەورەتر لە خڕی خاسە لە یەک جوێ دەکاتەوە."(٤) لەم دیمەنەوە

__یەک:__ نووسەر یان چیرۆکنووس لەم دەقە ئەدەبییەدا هەڵگری تێڕوانینێکی چەپ بووە و هەر لەو دیدگا و دنیابینییەوە تەماشای ژیان و دیاردەکان و کۆمەڵگە و ئینسانی کردووە. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە چیرۆکنووس حەتمەن دەبێ کەسێکی مارکسیست یان سۆشیالیستخواز بووبێ، نەخێر. ڕەنگە هەڵگری تێڕوانینی ناسیونال - چەپ بووبێ. ئەمە کێشەی ئێمە و خوێنەریش نییە. ئێمە تەنها لە فەزا و ئەتمۆسفیری چیرۆکەکەوە هەڵوێست و تێڕوانینی نووسەر دیاری دەکەین.

__دوو:__ خودی جیهانبینییەکە دنیابینییەکی شۆڕشگێرانە نییە و ڕوانگەی سۆشیالیتی یان مارکسیستی زاڵ نییە بەسەریدا، بەڵکو دنیابینییەکەی زیاتر پۆپۆلیستییە. چونکە نووسەر پێی وایە خەبات و تێکۆشان تەنها لەنێو کۆخ و خانووە نزمەکاندا بوونیان هەیە. "تەنها حەوت هەنگاو بکێشم و بگەڕێمەوە پێش سەدەیەک حەوت هەنگاو ئەمگەیەنێتە سادەیی سروشت و سادەیی مرۆڤ و ژیانی پڕ چەرمەسەری و تێ کۆشان، ئەو ژیانەی کە لە سەرەتاوە بۆم دانراوە و لێ ی ڕافاتووم، ژیانی ڕەش و ڕووتایەتی."(٥) نووسەر پێی وایە خانووەکانی سەر شەقامە پاکەکان، کچانی ناسک و نازدار، خوێندەوار و ڕۆشنبیر و مامۆستا و تەنانەت

کرێکارانی کۆمپانیای نەوتیش، شۆڕشگێڕێتی و کار و چالاکی شۆڕشگێڕانەیان لێ ناوەشێتەوە. لەکاتێکدا کرێکارانی کۆمپانیای نەوت بەپێی مەوقیعیەتی کارکردنیان کە شادەماری ئابووری وڵات بەڕێوە دەبەن، نەک هەر کاری شۆڕشگێڕانەیان لێ دەوەشێتەوە، بەڵکو گەر ئیرادە بکەن و بیانەوێ دەتوانن چەرخی نیزامی سەرمایەداری لە عێراق ڕابگرن. وەک لە ساڵی ١٩٤٦دا مێژووی خەباتی چینایەتی عێراقیان بە مانگرتنی گاورباغی نەخشاند. لە لایەکی تریشەوە ڕابەری خەباتی چینایەتی جیهانی و ڕەمزی خەباتی کۆمۆنیزم (کارڵ مارکس) خۆی کرێکار نەبووە و هەرگیز ڕۆژێک بە جلی کۆن و کرێکارییەوە نەچووە بۆ ئیشکردن و چەند پاوەندێ بۆ جینی هاوسەری و منداڵەکانی بەدەست بهێنێت. بەڵکو مارکس ڕۆشنفکرێکی سەردەمەکەی خۆی بووە بەڵام لە مەوقیعیەتی چینایەتی کرێکاراندا بووە. بۆیە چیرۆکنووس نەیتوانیوە قامکی بخاتە سەر دەرد و مەینەتەکان و دەستنیشانکردنی ڕێگاچارەی گونجاو و عەمەلی بۆ ئەو نەهامەتییانە. ئەویش نەک لەبەر ئەوەی چیرۆکنووس لەو سەردەمە قوتابی زانکۆ بووە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەو هۆشیارییە چینایەتییەی کە دەبوو لەبەردەستی بێ، لەبەر دەستی نەبوو.

<u>سێ:</u> چیرۆکنووس کێشەکان و واقیعەکان دەبینێ بەڵام بە ناڕۆشنی لە هێزەکان و سەنگەرە چینایەتییەکان دەڕوانێ. ئەو هێزەکان و ململانێکانیان لەسەر بنچینەی دابەشبوونی جوگرافیا دابەش دەکات، نەک لەسەر بنچینەی پەیوەندی نێوان کار و سەرمایە. چیرۆکنووس لە ڕاستیدا نە هێزە واقیعییەکان و نە سەنگەرە چینایەتییەکانی نەبینیوە. هەر بۆیە بەشێک لە هێزی واقیعی چینایەتی کرێکارانی عێراق و کوردستان بە بەرەکەی ئەوبەر دەزانێ. ئەم ناحاڵیبوونە بە دەستی ئەنقەست نەخراوەتە ڕوو، تا خۆڵ بکاتە

چاوی خوێنەر و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان، بەڵکو لە ڕێژەیی ئاستی تێگەیشتنی نووسەرەوە سەرچاوەی گرتووە.

**چوار:** نووسەر بچووکترین دژەکردار لەئاست ئەو واقیعە نانوێنێ و ئەمەش بەڵگەی ناشۆڕشگێربوونی تێڕوانینەکەیە. واتە نووسەر و حیکایەتخوان کە هەردووکیان یەکن جگە لە گێڕانەوە و نیشاندانی دۆخێکی تایبەت بێئەوەی بچووکترین هەنگاو بنێ بۆ دەستکاریکردنی، کۆتایی بە چیرۆکەکە دێنێ بەوەی کە دەگەڕێتەوە ئەمبەر و دەچێتەوە ناو هەلومەرجە دژوارەکەی ڕەشوڕووتەکان. ئەمە جۆرێکە لە تەسلیمبوون بە واقیع. تەسلیمبوون بە بێئیرادەیی و تەبلیغات و پڕوپاگەندەی چینی بورژوازی لەوەی کە دەڵێ هەژاری و دەوڵەمەندی هەر لە ئەزەلەوە بوونیان هەبووە و هەیە. لێرەوە پەنا نەبردن بۆ کردار و یاخیبوون، هەوڵنەدان بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە، نووسەر دەخاتە خانەی پاسیفیستبوونەوە. لەکاتێکدا نووسەر بە جیددی هەوڵی داوە پاسیفیست نەبێ و لەئاستی ڕووداوەکان بێت.

لێرەوە دیسانەوە دەگەینە سەر ئەو شاڕێیەی کە بڵێین جیهانبینی چیرۆکنووس لە هەوڵدان بۆ نیشاندانی جیاوازی چینایەتی نێوان ئینسانەکان جێی پشتیوانییە و لەهەمان کاتیشدا لە هەڵبژاردنی ماتریاڵەکانی ئەو نیشاندانە نەیتوانیوە ئامانج بپێکێ و بگات بەو مەبەستەی کە خۆی دەیەوێ.

## ئەدەب و پەیامی سیاسی

ئەدەب وەک چالاکییەکی فیکریی ئینسان هەمیشە لە گۆشەنیگای بەرژەوەندی جیاوازەوە دێتە نمایش کردن. لەوەتەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دابەش بووە بەسەر دوو چینی دژ بە یەک، شوناسی ئەدەبیش لەسەر بنەمای ململانێی نێوان ئەو دوو چینە دێتە

پێناسەکردن. بە واتایەکی تر ئەدەبێک نییە غەیرە چینایەتی بێت. چونکە لە کۆمەڵگەیەکدا کە ئێستا ئێمە بە ناچاری ژیانی تێدا بەسەر ئەبەین و لەسەر ناکۆکی چینایەتی و دەسەڵاتی چینایەتی بنیاتنراوە، توانای دەربڕینی هەستە پەتییە مرۆییەکان سەبارەت بە پەیوەندییەکانی خۆمان بە کەسانی دیکەوە بەڕادەیەکی یەکجار کەمە.(٦). بۆیە لەم سەردەمی سەرمایەدارییەی کە ئەمڕۆ مۆرکی خۆی بە هەموو شتێکەوە ناوە (بەسەردەمی نووسینی چیرۆکەکەشەوە)، ئەدەب و هونەر یان سەرمایەداریی (بۆرژوازی) یان کرێکارییە. بۆیە ئەو ئەدەبەی کە گوزارشت لە واقیعی خەبات و ململانێی چینایەتی کرێکاران دەکات لە دژی سەرمایەداران بە ئەدەبێکی شۆڕشگێڕانە دێتە ئەژمار. ماهیەتی ئەم ئەدەبە شۆڕشگێڕە هەڵگری جۆرێکە لە پەیام کە تێدەکۆشی هۆشیاری چینایەتی خوێنەر یان کرێکاران و زەحمەتکێشان بەرێتە سەر. لە چیرۆکی (تەنها حەوت هەنگاو) چیرۆکنووس هەوڵیداوە پەیامی ئەدەب بە شێوەیەکی هونەرییانە بگەیێنێ، بەڵام گرفتەکەی لەوەدایە نەیتوانیوە ئەو ئەنجامە بپێکێ. چونکە "ئەدەبی کرێکاریی پارێزەری بەرژەوەندی کرێکارە هەوڵیش دەدات لەژێر سێبەری خەباتی کرێکاری لەسەر ئەو ئایکۆنانە کار بکات کە ڕۆڵیان هەیە لەبەردنەپێشەوەی خەباتی چینایەتی."(٧). چیرۆکنووس ویستوویەتی بەشداربوونی کارای خۆی لە بزووتنەوەی ڕادیکاڵیزمی کۆمەڵگەی کوردستان لەڕێگەی نووسینەوە بباتە پێشەوە. ئەم دەقەش جوانترین گەواهییە لەسەر ئەو بەشدارییەی عەبدوڵا ئەحمەد سادقی چیرۆکنووس. (٨)

چیرۆکنووس تێکۆشاوە باسی نا دادپەروەری بکات، باسی جیاوازی نێوان ئینسانەکان بکات، باسی دوو دنیای تاریک و ڕووناک بکات کە هەردووکیان لەسەر یەک سەرزەمین بوونیان هەیە. بەڵام جێی داخە چیرۆکنووس بێئەوەی

له ماناکانی دادپەروەری و خەبات و تێکۆشان و شۆڕش له تێڕوانینی چینایەتی کرێکارانەوه گەیشتبێ، ئەو کارەی کردووه. ئەمەش ئەو ئاریشەیەیه که له گەیاندنی پەیامی سیاسیی دەقەکه هەست پێدەکرێت.

ئەم چیرۆکه لەڕاستای هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانەوه، دەتوانین بڵێین که هەوڵێکه لەپێناو فەراهەمکردنی زەمینەی پرسیارکردن لەسەر ناعەدالەتییەکانی نێو کۆمەڵگه و ژیان. هەوڵێکه بۆ نیشاندانی ڕووی دزێوی ژیانێک که سەرمایەداری بۆی بەرهەم هێناوین. بەڵام نەیتوانیوه بەڕۆشنی و به قووڵی ڕۆبچێته نێو بابەتەکەی. به واتایەکی تر نەیتوانیوه پەنجه بخاته سەر ئەسڵی بابەتەکه.

## دەربارەی فۆرم و زمان

له "تەنها حەوت هەنگاو"دا، حیکایەتخوان کەسی یەکەمی تاکه (من)، که له ڕێگەی وتووێژ لەگەڵ خۆیدا (مۆنۆلۆگ) له شوێنکاتی ڕووداوەکان به هاوکاری ژمارەیەک کارەکتەر وەک ( حیکایەتخوان و فریاد، کاروان، ڕزگار، گزنگ ) که بوونی ئەو کارەکتەرانه نەیتوانیوه ئیزافەیەکی گرنگ بخاته سەر دەقەکه. فەنتازیاش هۆکارێکه که حیکایەتخوان به هۆیەوه دەچێته دەرەوەی جوغزی خەیاڵی و دێته ژوورەوه. واته خەیاڵ ڕۆڵێکی گرنگ و بایەخدار دەگێڕێ له چیرۆکەکه. چونکه چنینی ڕووداوەکان بەجۆرێکه بواری کەمی بۆ خوێنەر هێشتۆتەوه بەشداری ڕووداوەکان بکات. هەرچی زمانیشه که ئەو چیرۆکەی پێنووسراوه، زمانێکی ڕەوان و کوردییەکی پەتیی ساده و جوانه. لەڕووی ڕێنووسیشەوه، هەرچەنده گۆڤاری کاروان (خوولی یەکەم) تا ئاستێک پەیڕەویی له ڕێنووسی کۆڕی زانیاری کورد دەکرد، بەڵام به وردبوونەوه له ڕێنووسی ئەم چیرۆکه دەبینی هەڵەی ڕێنووسی زۆر کەم تێدایه و به بەراورد بەو سەردەمه (سەرەتای هەشتاکانی

سەدەی ڕابردوو) زۆر لە پێش بووە و تەنانەت دەتوانم بڵێم کە ڕێنووسی چیرۆکی "تەنها حەوت هەنگاو" لە ڕێنووسی زۆربەی نووسەرانی ئەمڕۆ دروستتر و چنینی زمانەکەشی جوان و کوردییەکەشی ڕەوان ترە.

## ئەنجام

چیرۆکی "تەنها حەوت هەنگاو" هەوڵێکی جوان و سەرکەوتووی چیرۆکنووسی کۆچکردوو عەبدوڵا ئەحمەد سادقە، کە لەنێو واقیعی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی شارێکی پێشەسازی وەکو کەرکووک ویستوویەتی بە تێڕوانینێکی چینایەتییەوە، لە کێشەی گەورەی جیاوازی چینایەتی بدوێ و لەڕێگەی تەوزیفی شوێنەوە و بە هونەرێکی جوانەوە، لە پایەکانی هەڵکشان بەرەو داهێنان نزیک بۆتەوە. چیرۆکنووس ورد لەسەر پەیامی سیاسی – چینایەتی چیرۆکەکەی ئیشی کردووە گەرچی بەهۆی ناڕۆشنی و نەبوونی ئاگایی تەواو لەسەر بنەماکانی خەباتی چینایەتی نێوان کرێکاران و بۆرژوازی و تێنەگەیشتنی ورد لە نیزامی سەرمایەداری، نەیتوانیوە پەیامێکی ڕۆشن بگەیێنێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە هەوڵێکی سەرکەوتوو دادەنرێ لە پانتایی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییەی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە بە گەڕان بەنێو ئەو بزووتنەوەیە و مێژووەکەیدا ڕەنگە ئەو بەرهەمانەی لەئاست ئەم چیرۆکەن، لە پەنجەکانی دەست تێپەڕنەکەن.

## سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- "تەنها حەوت هەنگاو" نووسینی عەبدوڵا ئەحمەد سادق، گۆڤاری کاروان ژمارە ١٦ کانوونی دووەم ساڵی دووەم ١٩٨٣ لاپەڕە ٥٦ و ٥٧.

٢- نموونەش بۆ ئەو دەقانە چیرۆکی "ئامێردەکان" ی چیرۆکنووسی کۆچکردوو محەمەد موکری و هەروەها چیرۆکی "دووربین" ی حەمەفەریق حەسەن و شیعری "دوا نامە" ی هەڤاڵ کوێستانی و زۆری تر کە ئەو سەردەمە لە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاو دەبوونەوە.

٣- هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ

دزایــن و شــێــوەی ڕۆژئــاوایــی خـانـووەکـانـی شـەریـکـەی نـەوت کـە ئـیـنـگـلـیـزەکـان (دەسـەڵاتـی ئـەو سەردەمەی نەوتی ئینگلیز) لەسەرەتای حەفـتـاکـانـی سـەدەی ڕابـردوو بـۆ کرێکارانی کۆمپانیای نەوت دروستیان کرد. دیارە کە ئەمبەر و ئەوبەر بەو جیاوازییە وەسف دەکەین لە واقیعدا خودی ئەو جیاوازییە زۆر بەرچاویی نییە، چونکە لە بەشی باکووریش گەلێ خـوێـنـدەوار و سـیـاسـەتـمـەدار و هونەرمەند و ئەدیب و نووسەری تیا هەڵـکەوتـووە و ڕەنـگـە لەبەشـی باشووریش هەبن نەخوێندەوار یان ئاستی ئاگایی لەئاستی پێویستدا نەبـووبـێ. ئەوەی زیـاتـر مەبەسـتە گۆشـەنیگای نووسـەرە کە لەسـەر بنەمایەکی دروست بنیاد نەنراوە.

٤- " هەمان سەرچاوە: "تەنها حەوت هەنگاو"، بێ دەستکاری وەک خۆی ڕوونووس کراوەتەوە.

٥- هەمان سەرچاوە "تەنها حەوت هەنگاو".

٦- لودڤیگ فۆیەرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی، فریدریک ئەنگڵس، وەرگێرانی سالار ڕەشید لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیر و هۆشیاری، ی ن ک ٢٠٠٥ لاپەڕە ٤٩.

٧- "شـیـعـری شـۆڕشـگـێڕانە و پەرجووی هەمێشە زیندووبوون"، عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ) گۆڤاری هانا ژمارە ١ خووڵی دووەم ٢٠١٦ لاپەڕە ٩١.

٨- چیرۆکنووس عەبدوڵا ئەحمەد سـادق لە ١/١/١٩٥٨ لە شـاری کەرکـووک لەدایـکـبـووە. خـوێـنـدنـی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لەشـاری کەرکـووک تەواو دەکات و پاشان لە زانکۆی موستەنسرییە لە شـاری بەغـدا وەردەگـیـرێ. سـاڵـی ١٩٨٦- ١٩٨٧ خوێندنی زانکۆ تەواو دەکـات. ژمـارەیەک کـورتەچـیـرۆکـی نووسـیوە کە ژمـارەیان لە بیسـت کورتەچیرۆک زیاترە. ماوەیەک لە ڕادیـۆی ئـازادی حـیـزبـی شـیـوعـی کـوردسـتـان چـەنـد بەرنـامەیەکـی پێشکەش کردووە و هەورەها چەند ساڵێکیش مامۆستا بووە لە پەیمانگای لە هەولـێـر. دواجـار لەڕێـکەوتـی ١/١٠/٢٠١٢ ئەم چـیـرۆکـنـووسـە لەتەمەنی پەنجا و چوار سـاڵـیدا ماڵئاوایی لە ژیان و ئەدەب و چیرۆک و داهێنان دەکات.

☆

# لێیان گەڕێن با زبڵ بخۆن! (١)

## "سەرمایەداری و خۆراک"

### چاوپێکەوتنی "پرۆژەی سۆشیالیست" لەگەڵ "ڕۆب ئەڵبرتن"

لە ئینگلیزییەوە شلێر ڕەشید

*پەرتووکەکەی **ڕۆبێرت ئەڵبێرتن** **"لێیان گەڕێن با زبڵ بخۆن چۆن سەرمایەداری برسیەتی و قەڵەویی لە ڕادەبەدەر دەخوڵقێنێت"** (سالی ٢٠٠٩)، کە لە لایەن ڕۆژنامەی **ئەربایتەر رینگ پرێس** لە کەنەدا و ڕۆژنامەی **پلوتۆ پریس** لە شانشینی بەریتانیا بڵاوکرایەوە، لێکۆلینەوەیەکەی کتوپڕ و پێویست پێشکەش دەکا، سەبارەت بەوەی کە "چۆن فیکسبوونی سەرمایە بە سوودخۆریی هەرچی زیاتر، ئێمەی کێشاوەتە ناو سیستێمێکی مەترسیدار و بێ ئاسۆ لە مسۆگەرکردنی ماددە خۆراکییەکان و سیستێمێکی فەشەل کاتێک باسەکە بێتە سەر دابەشکردنی دادپەروەرانە و تەندرووستی مرۆڤ و ژینگە." (لاپەڕە٢٠١). ئەم شیکاریکردنە دەمانباتە ناو سەرمادارییەوە و نیشانماندەدات کە چۆن "بنەما قووڵەکانی"، کشتوکاڵ و سیستێمەکانی خۆراکمان بە ڕێگایەکی نابەجێدا دەبات.*


*__پرۆژەی سۆشیالیست:__ لە ئێستادا داوامان لە **جۆن سموڵدس** کردووە کە لەگەڵ **ڕۆبەرت ئەڵبێرتن** چاوپێکەوتن بکات دەربارەی کتێبەکەی و هەوڵ و تێکۆشان لە ئاستی جیهاندا باس بکات، هەروەها باسی شکستخواردنەکانی سیستێمی*

*خۆراک و کشتوکاڵ بکات.*

## ١- پرۆژەی سۆشیالیست:

***چەند کتێبێکت هەیە لەسەر تیۆری مارکسیزم و ئابووریی سیاسی. بۆچی ئەمەیان لەسەر خۆراکە؟***

**ڕۆب ئەڵبرتن:** کاتێ پاش ٣٦ ساڵ خانەنشینبوونم لە زانکۆی یۆرک York University لە بەشی زانستە سیاسییەکان لە وانە وتنەوەی تیۆری سیاسی و ئابووریی سیاسی، کاتێکی زۆرم هەبوو بۆ بەدواچوون و نووسینی تیۆری، بۆیە کارەکانی پێشترم زۆر تیۆری بوون. بڕیارمدا کاتێ ئەوە هاتووە ئاراستەی سەرنجم بەلای شتێکدا ببەم کە لەواقعیدا ئێستادا ئامادەییەکی زۆری هەیە و کاریگەری هەبووە بەسەرمەوە، ئەوەش مەسەلەی خۆراکە.. دیارە کاریگەرییەکی تری ئەولایەنە ئەوەبوو کە هاوسەرەکەم مامۆستای خۆراک و خۆراکپێدان Nutrition بوو لە زانکۆی ڕایەرسن لە تۆرۆنتۆ. کە



ڕۆب ئەڵبرتن

خانەنشین بووم توانیم زۆربەی کاتەکانم تەرخان بکەم بۆ گەڕان و نووسینی ئەم کتێبە دەربارەی سیستێمی خۆراک. لە دواییدا بۆم دەرکەوت، ئەم بابەتە زۆر لەوە زیاتری دەوێت کە لە خەیاڵی مندایە. هەرچەند زیاتر بەدواچوونم دەکرد زیاتر بەرکەوتن و پەیوەندییەکان دەردەکەوتن لە نێوان قەیرانە ئیکۆلۆژی، کۆمەڵایەتی و تەندرووستییە جەستەییەکان، قەیرانی ئابووری و سیستێمی خۆراک لە جیهاندا.

ئەگەرتەرکیز بکرێتە سەر کاریگەرییەکانی سیستێمی سەرمایەداری لەسەر خۆراک و کشتوکاڵی بە شێوەیەکی تایبەت، دەبینین سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ خەباتی کرێکاران ئەگەر بمانەوێت تێکهەڵکێشی بکەین بە خەبات و تێکۆشانەوە لە پێناوی سۆشیالیزم و خەبات بۆ ئیکۆلۆجی. هیوادارم پەرتووکەکەم بەشداریکردنێک بێت بۆ هۆشیاری و بە ئاگابوونەوە سەبارەت بە سیستێمی خۆراک و داهاتە مادییەکان و ڕێکخستنەوەی ئەو وێرانەیە کە سەرمایەداری هۆکارەکەیەتی.

## ٢-پرۆژەی سۆسیالیست:

جۆرەها پەرتووک و بڵاوکراوە هەیە بە شێوەی جۆراوجۆر ڕەخنە لە کۆمپانیاکانی سیستێمی خۆراک دەگرن، خوێنەر چاوەڕوانی چ تێڕوانین و ڕەخنەیەکی تربێت لای ئێوە کە لە کتێب و بڵاوکراوەکانی تردا بەرچاویان نەکەوتبێت؟

**ڕۆب ئەڵبرتن**: پاش چل ساڵ لە خوێندنەوەی کتێبی سەرمایە، پێم وانییە هیچ کەسێک زیاتر لە مارکس توانیبێتی ناوەڕۆکی ئەم سیستێمە ڕۆشن بکاتەوە. بۆیە من لەو ڕوانگەیەوە ئاراستەکەی خۆم دیاریکرد بەوەی کە چۆن سیستێمی سەرمایەداری شکڵ و شێوەی خۆراکی بۆ دیاریکردووین.

لێرەدا جیاوازییەکان لەچەند خاڵێکدا دەخەمە ڕوو:

**یەکەم**: جیاوازیی نێوان ئەم پەرتووکە و ئەوانیتر کە لەسەر بابەتی خۆراکە بەشێوەیکی نوێتر، ئەوەیە کە من لە هیچ پەرتووکێکی تری خۆراک نەمبینیوە کە ڕاشکاوانە لە چوارچێوەیەکی تیۆری نووسرابن و ئاگاداری سەرمایەی مارکس بووبن.

**دووەمیان**: پەرتووکەکانی تری خۆراک ئاوا بە ڕوون و ئاشکرا بابەتەکانیان نەخستۆتە ڕوو.

**سێیەم** : هیچ کتێبێکی تری خۆراک بەم ڕاستگۆییەوە زانیارییەکانیان نەخستۆتە ڕوو.

**چوارەم و کۆتایی:** ئەو سێ خاڵەی سەرەوە هاوبەش و ئاوێتەن بەیەکتر و لەو ڕێگەیەوە وا دەکەن کە ئەم پەرتووکە ڕادیکاڵترین ڕەخنە بێت لە سیستێمی خۆراکی سەرمایەداری کە تاکو ئێستا نووسرابێت. ئەوەش لەبەر ئەوەیکە دەگەڕێ بە شوێن پەیوەندییەکانی نێوان قەیرانی خۆراک و قەیرانەکانی تری سەرمایەداریی پێشکەوتوو، هەروەها ئەوە ئەخاتە ڕوو کە گوێنەدانی کەپیتالیزم بە بەکەڵکهاتوویی بەرهەمەکانی بە تایبەت وێرانکەر دەبێت کاتێک خۆی لە سیستێمی خۆراکی دەدا و بەکاڵای دەکا.

## ٣- پرۆژەی سۆسیالیست:

گرنگترین و سەرسوڕهێنەرترین دۆزینەوە چی بوو لە کاتی بەدواچوونەکان و نووسینی ئەم پەرتووکە؟


**ڕۆب ئەڵبرتن:** زۆر شت تووشی تاسان و سەرسوڕمانیان کردم لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەم.

**یەکەم:** کارگەی شەکر بە شێوەیەکی سەیر سەرنجی ڕاکێشام. شەکر یەکێکە لە هەرزانترین و زۆرترین خووپێوەگرە و زۆرترین قازانجهێنەرە و لە زۆربەی بوارەکانی خواردنماندا بەکاردەهێنرێت و هەتا دێت زیاتر و زیاتر دەچێتە ناو پرۆسەی خۆراکەکانمانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا گومانی ئەوەی لێدەکرێت کە یەکەمین سەرچاوەیە بۆ نەخۆشی شەکرە. لە ئاستی جیهاندا زۆر هەوڵی ڕێگریکردنی درا، بەڵام هەوڵەکان شکستیان خوارد. کەمپەینی "**خواردنەوە گازییەکان فرێدەن**" بە ڕێبەرایەتیی "**سەنتەری زانیاریی لەپێناوی بەرژەوەندی گشتی**" ئەم هەڵمەتەش شکستی هێنا لەبەر کەمی ئەزموونیان و تازە دەست بە کاربوونیان لەو بوارەدا.

**دووەم:** لە کاتێکدا کە دەمزانی بەگشتی ڕێگەی دابەشکردنی جیهانیی خۆراک ژمارەیەکی زۆر

له خەڵک جیدەهیڵیت کە ململانێ بکەن لەگەڵ برسیەتی و بەدخۆراکی، بێ ئاگابووم لەوەی نیوەی دانیشتوانی جیهان ڕۆژانە ٢ دۆلار یان کەمتریان دەستدەکەوێت. هەروەها نزیکەی یەک بلیۆن خەڵک بەهۆی بەدخۆراکییەوە گرفتی مێشکییان بۆ دروست بووە.

له کۆتاییدا ئەم سیستێمی خۆراکە ژەهر لە ژینگەدا بڵاودەکاتەوە، گەورەترین ڕۆڵی بینیوە بە لەناوبردنی دارستانەکان، کەمکردنەوەی سەرچاوە ئاوییەکان، شێواندنی زەوییەکان، بردنە سەری پلەی گەمای کورەی زەوی Global Warming و هەروەها بە خێرایی لەناوبردنی سوتەمەنی ئیحتیاتی ناو زەوی. بە کورتی، نەک تەنها تەندروستی مرۆڤ بەرەو خراپی دەبەن، بەڵکو ناوچەکانیش ڕووبەڕووی کارەسات دەکەنەوە.




**٤- پرۆژەی سۆسیالیست :**

ئەو بابەتە سەرەکییانە چین کە خستووتانەتە بەرباس؟ سەرکیترین شکستی پەیوەست بە کشتۆکاڵ و سیستێمی خۆراک چییە کە لەلایەن بونیادە قووڵەکانی کەپیتالیزم کۆنترۆڵ کرابێت؟

**ڕۆب ئەڵبرتن** : دەکرێ تایتڵەکە

هەڵـخەڵەتـێـنەربـێـت و هـیـچ ئاماژەیەکی تێدا نەبێت بە "**ماری ئنتوانێت**". کە دەڵێت: "**لێیان گەڕێن بـــا کـــێـــک بـــخـــۆن**". لە ڕوونکردنەوەکەی مندا خۆراکی "زبـڵ" وێـنەیەکـی بـچـووکە لە خۆراکی کەپیتاڵیزم لە مێژوودا، خواردنی زبڵ پڕە لەڕێژەیەکی بەرز لە شـەکر, خـوێ, چەوری، لەگەڵ ئەوەشـدا کەمـتریـن ڕێژەی سـوودگەیـانـدنـی تـێـدایە. پەرتـووکەکەم بەقـووڵـی تەرکـیز ناخاتە سەر خواردنی زبڵ، بەڵکو تەرکیز دەخاتە سەر سیستێمی خۆراکی نوێ و پێشکەوتوو کە خـواردنـێـکی بێـسـوودە لەگەڵ کـارگەو دامەزراوە گەورەکان کە بەشـێوەیەکـی زۆر لە ئەمـریکادا هەن، لەوێشەوە بە وڵاتەکانی تردا بڵاودەبنەوە.

سـەرەکیترین بابەتەکـانی ئەم کتێبە شکستی سیستێمی خۆراکە لە پەیوەند بە قازانجی مرۆڤایەتی، تەندروستی و کەشی تەندروست لەگەڵ دادپەروەریی کـۆمەڵایەتـی، وە نیشاندانی پەیوەندییەکانی نێوان خـۆراک و ئەو قەیـرانـانەی کە بوونەتە بەشێک لەسیما دیارەکانی ئەم دوایـیەی سـیـسـتەمـی سەرمایەداری.

هەڵسـوکەوتـی ژیـرانە لە ژێـر هەژمـوونـی سـیـسـتـێـمـی سـەرمـایەداریدا ئەوەیە کە چۆن بـتـوانـیـت بەرهەمـی کـاڵا و خزمەتگوزارییەکان کە قازانجهێنەر نییە بۆیان وە لە نزیکمەودا دا تووشـی مـایەپووچییان دەکات، بـگـۆڕن بە کـاڵا و کـارێـکـی قازانجهێنەر. ئەمەش لە خۆیدا وا دەکات، کاری وەدەست خستنی قازانج لە ماوەیەکی کورتدا بکەوێتە پـێـشـەوەی جـۆرو چـۆنـیەتـی بەرهەمەکانەوە.

**بۆ نموونە**، ئەگەر سـەرمایەدار بزانێت لەڕێگای زیادکردنی شـەکر لە خواردنی مناڵی کۆرپە قازانجی زیـاتـر دەکـات ئەوا دوو دڵـی لێناکات، هەرچەندەش ئاگاداری هەموو ئەو باس و لێکۆڵینەوە زانسـتـیـیانە بێت کە باس لە زیانەکانی شەکر دەکەن. ئەو ئەوە

لەبەرچاو دەگرێت کەچۆن منداڵ بەرێژەیەکی زۆر ئەو خواردنە دەخوات و لەگەڵ گەورەبوونیشیدا زیاتر خوو بە خواردنی شیرینەمەنییەوە دەگرێت. چونکە قازانج درووستکردن بناغەی بیری سەرمایەدارییە، بۆیە گوێ بە ئاکامە زیانبەخشەکانی ئەو بەرهەمانە نادات کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەودا بەرهەم دێت.

**نموونەیەکی تریش**، ئەگەر سەرمایەداری بزانێت لە ڕۆنی خورما قازانجی زۆری دەست دەکەوێت، بە لایەوە ئاساییە هەموو دارستانەکانی باشووری ئاسیا ببڕێتەوە بەبێ هیچ دوودڵییەک، ئیتر ئەوەیە سەرمایەداری ڕاشنەڵ و مەعقووڵ. لە کۆتاییدا ئەگەر سەرمایەداری کشتوکاڵی قازانج لە بەکارهێنانی ئەو کرێکارە پەنابەرانە بکات کە مافی کارکردنیان نییە و بە کرێیەکی کەم کاریان پێبکات، هەر یەک لە سەرمایەدارە کشتوکاڵییەکان ئەوە نەکەن هەلی دۆڕانیان زیاتر دەبێ لە پێشبڕکێدا. بەداخەوە ئەوەی هەیە لەئێستادا، ئەمەو چەندین لایەنی تری ویرانکەرن.

## ٥- پرۆژەی سۆشیالیست:

چۆن قەیرانی *سیستێمی* خۆراک پەیوەست دەبێت بە قەیرانی بەرین تری ئابووری سیستێمی ژینگەوژیان بە قۆناغی ئێستای نیولیبراڵی سەرمایەدارییەوە؟ هەروەها کاریگەرییەکانی ئەمە لە ئاستی جیهانیدا چۆن دەبێت؟

**ڕۆب ئەڵبرتن**: *قەیرانی خۆراک قەیرانەکانی تر پەروەردە دەکات و ئەوانیش دیسان قەیرانی خۆراک زیاد دەکەن*

سیستێمی خۆراکی ئەمریکی زۆر پشتبەستراوە بە سووتەمەنی سروشتی، واخەمڵیندراوە ئەگەر هەموو جیهان لاسای سیستێمی ئەمریکا بکەنەوە لە بەکارهێنانی وزەی سووتەمەنی، ئەوە لەحەوت ساڵدا هەموو وزە ناسراوە ژێرزەمینییەکانی جیهان بەکار دەهێنرێت. لە ڕاستیدا سیستێمی

خـــۆراک بە بەراورد لەگەڵ سیستێمە ئابوورییەکانی تر کاریگەری سێ لەسەر یەکی هەیە بۆ سەر گڵۆبەڵ وۆرمینگ. لە هەمانکاتدا گەرمبوونی سەر ڕووی زەوی دەبێتە هۆی کەمی بەرووبوومی کشتوکاڵی، بەهۆی ئاووهەوای خراپ و بەرزی پلەی گەرمــاوە. لەوەش واوەتــر دوو هۆکاری تر هەن بۆ پیسکردنی ژینگە ئەوەش، ڕێژەی بەکارهێنانی زۆری پترۆکیمیاوی لە بواری کشتوکاڵدا لەگەڵ پیسبوونی ئاووهەوا لە پەنای پیسبوونی سەرچاوەئاوە پاکەکان بە هۆی بەرهەمهێنانی خۆراکی تایبەت بە ئاژەڵ، وا دەکات سیستێمی خۆراکی کەپیتاڵیزم گەورەترین بەشداری بکات لە ژەهراوی بوونی ژینگە کە ئێستا گەیشتووەتە پلەی لێدانی زەنگی بەئاگاهاتنەوە.

لە کۆتاییدا چونکە سیستێمی خۆراک پشتبەستووە بەوزەی نەوت، بۆیە لەگەڵ چوونە سەری نرخی سووتەمەنی نرخی ئەویش دەچێـتە ســەرەوە. هەروەهــا بەکارهێنانی زەوییەکانی بەروبوومی خۆراک لە پێناوی بەرهەمهێنانی ترشەڵۆکی ئیثان (لە جیاتی بەنزین و گاز)، ئەمەش هۆکارێکی ترە بۆ بەرزکردنەوەی نرخ. ئەو هۆکارانەی سەرەوە وا دەکات لە داهاتوویەکی نزیکدا نرخی خواردن بەشێوەیەک بچێتە سەرێ کە ٤٠% ی دانیشتووانی سەر ڕووی زەوی کە ڕۆژانە بە کەمتر لە ٢ دۆلار ژیان بەرێدەکەن بکەونە بارێکی کارەساتبارەوە.

## ٦- پرۆژەی سۆشیالیست

*وەڵامەکەت باسی ئەوە دەکات کە چۆن سەرمایەداری برسییەتی دەخوڵقێنێت، دەتوانیت باسی ئەوە بکەیت کە چۆن لەهەمان کاتدا قەڵەوییەکی لە ڕادەبەدەر دەخوڵقێنێت؟*

**ڕۆب ئەڵبرتن** : بەرهەمهێنەرانی خۆراکی زبڵ کە سوودمەندن لەوەی کە خەڵک بەئاسانی گیرۆدەی خووگرتن دەبن بە

خواردنی شەکرو چەوری و خوێوە، کالۆریەکی زۆر دەرخواردی خەلک دەدەن کە هیچ شتیکی بەنرخی خۆراکیی تیدا نییە.. گیرۆدەبوو بەخۆراکی سەرپێیی و




داهاتی کەم کە ریگر دەبێ لەوەی بتوانی خۆراکی بە سوود بکڕی، دەبێتە هۆی خواردنی کالۆری زۆر و ڕێژەیەکی کەم لە خواردمەنی بە سوود. ئاکامی ئەمەش هیچ نییە بێجگە لە قەڵەوی لە ڕادەبەدەر، لە

کارکەوتنی سیستێمی بەرگریکردن لەش لە نەخۆشی و لە کۆتایی خۆیدا بێکۆتایی نەخۆشی و مردن. لەلایەن دامەزراوی داوودەرمانی ئەمریکییەوە ڕاپۆرتێک بڵاو کرایەوە کە داوای مەشقکردنی بەردەوام دەکات. ٣/١ ی منالانی ئەمریکا کە لە ساڵی ٢٠٠٠ لە دایک بوون، نەخۆشی شەکرەیان هەیە.
بەلام ترسناکتر لەوەی کە هەندێ کەس ناوی دەنێن قەڵەوی لەڕادەبەدەر، برسییەتی و کەمخۆراکی زیاتر لە یەک و نیو ملیارد خەڵکە لە جیهاندا. لەنێوەندی هەر نیو کاتژمێریکدا ٣٦٠ منالی تەمەن ژێر پێنج ساڵان بەهۆی برسییەتییەوە یان نەخۆشیی پەیوەندار بە برسییەتییەوە دەمرن.

## ٧-پرۆژەی سۆشیالیست :

*لەوانەیە بۆ خوێنەرانێک کە ئاشنا نین بە **سەرمایەی مارکس** یان ئەو ئاراستە فکرییەی هەڵتبژاردووە دوو بەش لە بەشی ٢ ی*

*پەرتـــــووکەکەت لە ســـــەر* ***سەرمایەداری موجەرەد و گشتی و*** *هەروەها مەسەلەی* **بەرخۆری (٢)** *وەکوو قۆناغێکی سەرمایەداری دەبێتە هۆی باس هەڵخراندن. دەتوانی بە ڕوونی و بە کورتی لەسەر ئەوەی کە بۆچی ئەم جۆرە کارە تیۆرییانە پێویستن بۆ تـێـگەیشـتـن لە جـیـهـان کەموکوورییەکانی کشتوکاڵ و سیستێمی خۆراک لە ئاستی جیهانی و ناوچەییدا؟*

**ڕۆب ئەڵبرتن** : ئەبستراکت کردنی شیکارکارییەکان کارکردە سەرەکییەکانی سەرمایەداری تەواو گەشەسەندوو، روون دەکاتەوە. پیشانی دەدا کەچۆن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگونجێنێ هاوکات لە گەل ئەوەی کە بە ناخی کۆمەڵگادا دەچێتە خوار و خۆی بەربڵاوتر دەکا. بزوێنەری ئەبستراکتی سەرمایە لە مێژوودا ئامادەیە بە پێی پلەی هەبوونی ســـەرمـــایەداریـــی خـــۆی. لە هەمان کاتدا سەرمایە لە روانـگەی مـێـژوویـیەوە هەم سنووردارەکرێت و هەم پشتگیری دەکرێ لە لایەن پێکهاتە و دەمودەزگای دیاریکراو کە خۆی شکلیان پێدەدا و شکلیشیان لێوەردەگرێ.

شیکاریکردن لە پلەیەکی ئەبستراکت، ئەوەمان بۆ دەردخات کە کەپیتالیزم تەنانەت لە باشترین حاڵەتی پێشبرکێی خۆیدا، لە بەڕێوەبەردنی سیستێمی کشتۆکاڵی و خـــۆراک بە شـــێـــوەی تەواوسەرمایەداریی، دەبێتە هۆی خستنە ڕووی ناتەبایی و بێ ئەقڵی قووڵ و لەبەرچاو.

شیکاریی پلەناوەندییەکەی من ئەو فۆرمە نائەقلانییە پیشاندەدات کە بە دوای شەڕی جیهانی دووەمدا لە پلەی کڕین و بەکارهێنانی بێسنووردا (مەسرەفگەرایی)شکڵی گرت. لە کۆتاییدا ئەم دوو شیکاریکردنە لە پلەی بەرزدا، یارمەتیمان دەدەن بۆ تێگەیشتن لە گەشەسەندنی

سیستیمی خۆراک لە ٢٠ساڵی ڕابردوودا. لیستیەکی دوورودرێژ هەیە لە ڕاستییە هۆشدارییدەرەکان سەبارەت بە مەیل و ڕووکردنی ئەمرۆی سیستیمی خوراکی سەرمایەداری، بەڵام تیۆری یارمەتیمان دەدا بۆ هەڵسەنگاندنی گرینگی ڕاستییەکان، بۆ زانینی پەیوەندیی نیوانیان و لەو ڕێگەوە ناسینی گرینگترین هێزەکانی کە ئەم سیستێمی خوارکە ڕێکدەخەن و ڕێکدەخرێن. هەرچی باشتر لە کارکردنی ئەم سیستێمە تێبگەین ئەوە باشتر دەتوانین ستراتیجیەتی گۆڕان دابڕێژین.

## ٨-پرۆژەی سۆشیالیست:

*لەبەشی کۆتایی کتێبەکەتدا پێناسی قۆناغی ئێستای سەرمایەداری دەکەیت بە "ئابوری ئاراستەکراوی سەرمایەداری". دەتوانی ڕوونی بکەیتەوە ئەمە مانای چییە و چۆن ئەم پێناسە ئەو موشکیلانە دەخاتە ناو چوارچێوەی "خەباتکردن لەپێناوی دیموکراسی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی، تەندروستی و توانایی ژیانێکی بەدەربەست" کە لە کۆتایی کتێبەکەدا ئێشارەی پێ دەکەی.*

**ڕۆب ئەڵبرتن**: سەنعەتی خۆراکسازی هەمیشە پێدادەگری لەسەر ئەو بژاردە گەورەی کە ئەوان دەیخەنە بەردەم بەرخۆری (مەسرەفکەر) مۆدێرنی ئەمرۆ، بەڵام ئەمە وەهمە.

**<u>یەکەم</u>**: پێش هەموو شتێک لەبەر ئەوەی زۆربەی خەڵک لە دنیادا زۆر هەژارتر لەوەن کە بتوانن هەرچییەک کە دەیانەوێت بیکرن، تەنها دەتوانن شتی هەرزان بکڕن.

**<u>دووەم</u>**: ئەوانەی کە پارەیان هەیە ڕووبەڕوو دەبن لە گەل زۆر خۆراکی جۆراجۆری ڕەعەمەلهاتوو (پرۆسێس کراو) کە لە سۆیا، گەنمەشامی، چەوری، شەکر و خوێ پێکهاتووە. ئەگەر حەساسییەتت بە گڵوی سۆیا هەبێ دەبێ دووربیت لە زۆربەی خواردنە ڕەعەمەلهاتووەکان، لەبەر ئەوەی زۆربەیان سۆیایان تێدایە لە بەرهەمهێناندا. شەریکەکانیش مەجبوور نین


ئاگاداری بنووسن سەبارەت بەو بەرهەمانەی گلۆیان تێدایە.

**سێیەم**: خستنە مێشکی مەیل بە خۆراکی جوراوجۆر، زۆر بەربڵاو و بەهێزە و زۆربەی هەڵبژاردەکانی خۆراک، بە قورسی شوینەواری ژینگەی ژەهراویکراوی پێوە دیارە.

**چوارەم**: نزیکەی هەموو خواردنە نموونەییەکانی "سوپەرمارکت"ەکان بەرهەمەکانی لەلایەن چەند کەمپانییەکی گەورەوە بەرهەمدەهێنرێت، بۆ نموونە نەستەلە و کرافت. لەکاتی جەنگی سارددا ئابووری ڕۆژئاوا زۆربەی جار بە خێرایی جیاوازییەکانی دەردەکەوتن. کارەکتەری بلۆکی سەرمایەداری. ئەمڕۆ ئابووری سەرمایەداری جیهانی پێویستە بە "ئابووری بەڕێوەبردنی کەمپانییەکان" ناوزەد بکرێت، چونکە پێکهاتوون لە کەمپانییە گەورەکان کە لە لایەن ئێلیتێکی کەمەوە بەڕێوەدەبرێن و داهاتووی مرۆڤایەتیشیان بەلاوە گرنگ نییە.

بازاڕەکان ئێستا بە شێوەیەکی گەورە پلان دادەنێن هەم بۆ خولقاندنی پێویستییەکان و هەم داواکارییەکان. کەمپانییەکان قازانجی گەورە دەخەنە گیرفانەکانیان تەنانەت ئەو کاتەش کە تێچووی کۆمەڵایەتی زۆر گەورەترە و (دیارە کارکردە دەرەکییەکان کاریگەری لەسەر نرخ نییە) باجەکەی دەخرێتە سەر شانی باجدەر و نەوەی داهاتوو. لەکاتێکدا زۆربەی بازارەکان وەکوو ئەوەی لەلایەن ئابووریناسەکانەوە بەشێوەیەکی گەشبینانە پیشاندەدرێن، ئاوا کار ناکەن. ئەم باوەرە بەشێوەیەکی فراوان کاری لەسەر دەکرێت و پاساوێکە بۆ "بازاری ئازاد"، لەڕاستیدا ئەوە لای ئێمە ڕوونە کە چۆن ئەم بازاری ئازادە بەشوێن هەرچی زیاتر قازانج وەدەستهێنانە لەماوەیەکی کورتدا، ئەمەش لە خۆیدا بارگرانییەکی زیاتر دەخاتە سەرشانی کۆمەڵگە. ئەم بارگرانییەی کۆمەڵگە وەکوو قەرزێک دەکەوێتە سەر شانی

نەوەی داهاتو وە ئەو باجە دەداتەوە چ لە ڕووی ئابووریی، ژینگەیی یان تەندروستییەوە بێت. پێویستە کە ئەم وەزعە وەرسووڕێنین، دەبێ پەلەش بکەین. پێویستە ئەمە مێشکمان پاک بکاتەوە لە خەیاڵاتی بازاڕی ئازاد، تا بەتوانین دەست پێبکەین، بە هۆشیارییەوە بازاڕ بەکار بهێنین وەکوو میکانیزمێکی دیموکراسیانەی پلاندراو لەخزمەت خێروخۆشی مرۆڤ و پاراستنی ژینگە. شان بە شانی دیموکراتیزەکردنی بازاڕەکان، پێویستیمان بە دیموکراتیزەکردنی کۆمپانیاکان و حکومەتەکانە، دیموکراتیزەکردنی کۆمپانیاکان مانای ئەوەیە کە بڕیارەکان و چۆنیەتی کارکردنەکانی کۆمپیانیاکان شەفاف و ڕۆشنبن و بەرپرسن لە وەڵامدانەوە بە خەڵک. یەکەم هەنگاویش بۆ بە دیموکراتیزەکردنی دەسەڵات دۆزینەوەی ڕێگایەکە کە بەر بگرێت لە وەرگرتنی بەرتیل لەلایەن دەسەڵاتەوە لە کەمپانیا گەورەکان.



لە بارودۆخی ئێستادا گرنگە بتوانرێت بازاری کار شێوەیەکی دیموکراتیانەی بەسەردا زاڵبکرێت. چونکە هەتا ئێستا ئەو بوارە بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی نەبووە، بۆیە دەبێت هەوڵبدرێت بە گوێرەی پێویستییەکان بواری کار دروستبکرێت. بازاری کار لە ئێستادابە گوێرەی پێویستییەکانی مرۆڤ نییە. دەتوانرێت لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیای نوێوە پێویستییە هەنووکەییەکان دیاری بکرێت و لەوێشەوە توانا مرۆیی و مادییەکان بە شێوەیەکی دروست بخرێتە گەڕ. دەبێت کار بۆ هەموو کەسێک دەستەبەربکرێت کاتێک ئامادەیی کاری هەیە و لە ڕێگای فێرکردنەوە تواناکانیشیان ببرێتە سەرەوە.

لە کۆتاییدا لەوانەیە ئەمەیان زەحمەتترینیان بێ، پێویستمان بەوەیە ئەو ڕێگایانە بدۆزینەوە بۆ دووبارە دابەشکرنەوەی سامان لەسەر ئاستی دنیادا لە پێناوی پێشکەوتن و یەکسانی دیموکراتییانەدا بۆ ئەوەی ئازادی مانای خۆی هەبێت. دیموکراتیزەکردنی بازاڕەکان و کۆمپانییاکان و حکومەت، لە دیدگای منەوە "ڕێگاچارەی ناوەڕاست نیە"، بۆ پێکهاتن لە گەڵ نیولیبراڵیزم، بەڵکوو باشترین ڕێگایە بۆ پێشکەشکردنی ڕێبازێکی عادڵانە و مرۆڤانە بۆ دەربازبوون لەو هەموو قەیرانانەی کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.

## پەڕاوێزەکان:

* **ڕۆب ئەلبرتن** Rob Albritton پرۆفیسۆری خانەنشین لە زانکۆی یۆرک لە تۆرنتۆ هەروەها نووسەری پەرتوکی **گۆڕینی ئابووری:** ***Economic Transformed***، *دۆزینەوەی پرشنگداریتی مارکس* *Discovering the Brilliance of Marx* لە (٢٠٠٧) هەروەها بەشداریکردنی لە بابەتی ئێستا ***تۆماری کۆمەڵایەتی*** ٢٠١٠ *نیشانەکانی نەخۆشی :* Morbid

Symptoms: *تەندروستی لە ژێر کۆنترۆڵی کەپیتاڵیزم : Health Under Capitalism*

* **چاپخانەی پلۆتۆ** – بڵاوکەرەوەی نوسەرە بێلایەنەکانە لە لەندەنی بەریتانیا. لە بەریتانیاش بڵاو دەکرێتەوە لە لایەن چاپی زانکۆی شیکاگۆوە، کۆمپانیایەکی ئەکادیمی دەوڵەتییە بۆ بڵاوکرنەوە، بۆ ماوەی ٤٠ ساڵ چالاک بووە ، لە ١٩٧٩ ەوە سەربەخۆیە.

* **پلوتۆ پریس** " پلە دوای پلەی سیاسەت و زانستی کۆمەڵایەتی بیری ڕەخنەیی بڵاو دەکاتەوە، لەگەڵ تەرکیز کردنە سەر لایەنەکانی سیاسەت و کاروبارێک کە دەگوزەرێ. خوێندنە دەوڵەتییەکان. خوێندنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بیردۆزی سیاسی، خوێندنی ڕاگەیاندنەکان، زانیستی مرۆڤ و گەشەسەندنی.

ئەو کارانەی کە بڵاوی کردووەتەوە: فرانز فانون، نوام چۆمسکی، بێڵ هوکس، ئەدوارد سەعید. ئۆگەستۆ بۆڵ. ڤەندانە شڤا. سوزان جۆرج، ئیبان پاپی، نک ڕۆبنس، گرام تورنەر. ئاڵستەر کروک، گابرییەڵ کۆڵکۆ، حەمید داباشی، تۆمی مکەرنی، ئەمەل سەعد غورەیب، سەعید سەلیم شازاد، دەیڤد کرۆنن. جۆن هۆڵوەی، ئەکلێد ساکالۆتۆس، هەروەها جۆناتن کۆک.

* **زانکۆی یۆرک** زانکۆی گشتییە بۆ گەڕان و بەدواداچوون لە تۆرۆنتۆ، ئۆنتارئۆ، سێیەمین گەورەترین زانکۆیە لە کەنەدا، نزیکەی ٥٣٠٠٠ قوتابی لەخۆ دەگرێت، ٧٠٠٠ فاکڵتی و ستاف، هەروەها ٢٩٦٠٠٠ دەرچووی هەیە لە Wikipedia .worldwide

(١)– ئەم وتووێژە لەم ماڵپەڕەدا بە زمانی ئینگلیزی هەیە: http://www.socialistproject.ca/relay/relay29_albritton.pdf

(٢) بەرخۆری : بەکارهێنان Consumerism

☆

# چەند تێبینی کورت لە سەر "لێیان گەڕێن با زبڵ بخۆن"

سلیمان قاسمیانی (کاکە)

ڕۆب ئەڵبرتن لە وتوویژەکەی خۆیدا زۆر بە جوانی ڕووی دزێوی سەرمایەداری لە مەیدانی خۆراک و ژینگەدا پیشاندەدا. سەرمایە لە زاتی خۆیدا ناتوانێ بیر لە خێروخۆشی، تەندروستی و پێداویستییەکانی خەڵک بکا. ئەوەی سەرمایە دەخاتە گەڕ، تەنیا هەولّی بێوچانە بۆ خۆزیادکردن و خستنە گیرفانی هەرچی زیاتری زێدەبایی. سەرمایە ئەگەر نەتوانێ خۆی زیاد بکا، وەرشکەست دەبێ و بێ یەک و دوو سەرمایەی ڕەقیب جیگاکەی دەگرێتەوە. سەرمایە خۆراک بەرهەمناهێنێ لە بەر ئەوەی خەڵک پێویستییان بە خورادەمەنییە بەلکوو بۆ ئەوەیە کە بفرۆشێ و فرۆشتنەکە سوودی پێ ببەخشێ. ئەگەر خەڵک برسی بێت بەڵام نەتوانن خۆراک بکڕن، سەرمایە هەرگیز بە لای بەرهەمهینانی خۆراک ناچێ و لە جیاتان دەچێ شتێکی دیکە کە بازاری هەبێ دروست دەکا.


ڕۆب ئەڵبرتن ئەم بۆچوونە سەرکییەی مارکس سەبارەت بە سەرمایە لە بیردەباتەوە کاتێک باس لە دێموکراتیزەکردنی سەرمایە دەکا. ئەوە وەهمێکە کە بەر لە ئەو زۆر بورژوا و وردەبۆرژوای تریش بە نێوی شەریکە و کۆمپانیای شەراکەتی یان "بازار"ی دیموکراتی، یان لە باشترین شکلی تا بە ئەمرۆی خۆیدا "سەرمایەداری دەوڵەتی" کردوویانە و ئاکامەکەی بێجگە لە سەرمایەداری ڕووت و ئەوەی کە ئەمرۆ لە بەرچاومانە، نەبووە.

بۆ چارەی ئەم دەردە هیچ ڕێگایەکی تر بێجگە لە کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی سەرمایە و کۆتایی هێنان بە فرۆشتنی هێزی کار نییە. ئەوەش تەنیا بە سۆسیالیزم دەکرێ و خاوەنداریێتی خەڵک بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهینان و ئیدارەی گشت کۆمەڵگا لە لایەن دەسەلاتی شۆراکان.

☆

# بێدەنگی شەو

چاوە - فاتح شێخ -
٢٠١٧-٨-٢٣



*"... با شنەی شەماڵ بێ بە شەو،*
*بدا لە گۆنای نازدار،*
*ڕاپەڕێ لە شیرین خەو"*
*(م. ماملێ)*

*پۆپەژمینی بێدەنگی شەو*
*هێواش هێواش*
*درا بەسەر گشت عالەما*
*گرمە نەما، هەرا نەما*
*گوێ ئاسوودە، پاڵیان داوە بە باڵنجی شلوملی پشتیانەوە*
*مێشک ئارام ئارام بۆخۆی چوەتە دۆخی حەسانەوە*

***

*سس! بێدەنگ بە! هەست ڕاگرە!*
*هەست ڕاگرە بۆ ئارامی هەوای هەناسەی دڵدارت*
*بۆ هەناسە نەرماژۆکەی "جوانی نووستوو"*
*با سەما کا و پێی ناز بنێ بە گوڵفەرشی نەرمونیانی بێدەنگی دا*
*هەست ڕاگرە بۆ شەپۆلی نەرماهەنگی*
*با پەردەی گوێت بلاوێنێ و بە دەمارەکانتا ئاژین بێ*


وریا بە دەس نەوەشێنی،
خەوی نیانی نەشێوێنی
با تێک نەچی وەزنی شێعری هەناسەکەی
ڕانەچڵەکێ لە بێدەنگی
ڕێگە مەدە شنەی شەماڵ
بدا لە گۆنای نازدار ت
ڕاپەڕێنێ لە شیرین خەو!

***

ئای چەن خۆشە بێدەنگی شەو
شەرت بێ هەرگیز نەیگۆڕمەوە
بە زوڵاڵترین گۆرانی باڵندە خۆشئاوازەکان
شەرت بێ نەیدەم
نە بە جریوەی بولبول و نە قاسپەی کەو
ئای لە خۆشی بێدەنگی شەو

☆

# ئەنفال



خالید دلێر

١

*براکەم کە ئەنفال کرا*
*تەمەنی بیست سالانە بوو*
*ئیستاش سالەهای سال تێدەپەڕێ*
*بەلام نە پیربووە و*
*نە قژەکانی سپی بووە*
*هە رهەمان برا بیست سالانەکەمە*
*بەلام دایکم!*
*لە داخ وخەم و پەژارەی*
*تەواوی قژەکانی*
*بەفرئاسا سپی کردووە*
*وەک شەو*
*بەرگی ڕەشی پۆشیوە*
*بۆ تەنیا ئەستیرەکەی*
*کە بە تاقی ئاسمانەوە هەڵپرووکاوە.*

٢

*ئەوەی کە لە ئەنفال ماوە*
*تەنیا و تەنیا*
*مشتێک خۆڵە*
*کە منالیک فووی لێ ئەکات*
*وە سەرکردەیەکیش لە خۆڵەکەی*
*کۆشکێکی لێ دروست ئەکات*
*وە ئالای کوردستانیش لە بەرزایی کۆشکەکەی دا*
*بۆ بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان*
*بەرز ئەکاتەوە.*

٣

*دایکم...*
*هەتا ئیستاش*
*گولی کراسی کچە ئەنفال کراوەکە ی*
*بە فرمێسکەکانی ئاو ئەدات!*

☆

# سەرباز



*(٣ شیعر لە زەلمای کاوە)*

زەلمای کاوە
وەرگیران لە فارسی - دەری:
سلیمان قاسمیانی (کاکە)

*من لە بنەچەی هەژارانم*
*سەربازم و نێچیری شەڕ*
*شەڕێک کە هی من نییە*
*ئەوان*
*سەردارەکان*
*داراکان*
*نەتەوە دەخولقێنن*
*دەوڵەت دروست دەکەن*
*سنوور هەڵدەکەن*
*یاسا دادەنێن*
*شەڕ وەڕێدەخەن*
*بۆ ئەفسانەیەک*
*بۆ بستێک زەوی*
*بۆ ئاڵایەکی گەوجانە*
*بۆ سروودێکی درۆیین*
*بۆ ڕەچەڵەکێک*

*قوربانی دەکرێین!*
*ئێمە سووتەمەنی ماشینی ئەوانین*
*دوای مردنمان دێنە ناو مێدیاکانەوە و*
*فرمێسکی تیمساح دەڕێژن*
*خۆیان بەڵام*
*بە ماشێنی گوللەنەبڕ دێن و دەچن*
*بە هەزار سەرباز و پاسەوان*
*ئاسایشیان دەپارێزن*
*منداڵەکانیان لە ئەمینترین ولاتەکاندا دەژین*
*ئەگەر راست دەڵێن*
*بۆچی خۆیان ناچن بۆ شەڕ*
*بۆچی خۆیان ئەم سنووورە پیرۆزانە ناپارێزن؟*
*تۆ ئەی سەرباز کە سەرت فیدای چینی دەسەڵاتدار دەکەی*
*باوەڕ مەکە بە درۆکانیان!*
*هیچ خاکێک بۆ خۆبەکوشتدن دان نابێ!*
*هیچ ئاڵایەک پیرۆز نییە*
*من لە بنەچەی هەژارانم*
*سەربازم و نێچیری شەڕ*
*شەڕێکیش کە هی من نییە!*

☆

# پەنابەری دەرکراو

زەلمای کاوە

*ئەمشۆ دڵم پڕە لە خەم*
*بیر لە هاوڕێ مردووەکانم دەکەمەوە*
*لە کەللەسەری کونکونکراوی براکەم*
*نامەیەک بۆ باڵەمە سەرگەردانەکان دەنووسم*
*دەریا لە بیر دەبەمەوە*

*شەوخۆش شەوی تاریک!*
*دەڵێی کاتەکان شیش دەژەننە چاوەکانم*
*باوەڕم نییە بە هیچ کوێ.*
*شەوخۆش!*
*ئارەزۆکانی سەربازە مردووەکان*
*فرمێسکەکانی وشکبووی ئاو*
*مەرگە بێ ڕەگەکان.*

*شەوخۆش!*
*پەنابەری دەرکراوی تازیەبار.*

☆

# ماڵ بە کۆڵ

زەلمای کاوە

*من ماڵم بە کۆڵمەوە بوو*
*هەرگیز بە جێم نەهێشت*
*لە جێگایەک لە سەر دڵم*
*لە ژێر پێستی فرمێسکەکانم*
*ناشتم*
*ون بوو.*

*رۆژێک ویستم*
*لە سەر دڵی تۆ*
*لە سەر ملت*
*لە پەنا گۆی مەمکەکانت*
*بیکێشمەوە*
*بۆنی لەشی تۆی لەخۆگرت*
*لەخەو هەستام*
*ئیتر نە ماڵ بوو*
*نە تۆ!*

☆

# دژایەتی

*(٣ شیعر لە شو لیژی)*



شو لیژی
وەرگێران لە ئینگلیسییەوە:
سلیمان قاسمیانی (کاکە)

*هەموویان بە تێکڕا دەڵێن*
*من مرۆڤێکی بێدەنگم*
*وایە نکۆڵی لێناکەم*
*بەڵام چ کەم بێژم چ زۆر*
*ئەوەی ڕاستە*
*من لە گەل ئەم کۆمەلگایەدا*
*دژم!*

☆

# قووتدانی مانگی ئاسنیی

شو لیژی

*من مانگی ئاسنییم قووتدا*
*من ئەم چڵکاوە سەنعەتییانە*
*ئەم بەڵگەی بێکارییانە و*
*لاوانی جوانەمەرگی خزاوی ژێر ماشێنەکانی کارم قووتدا*
*من ئەم کاری سەخت و هەژارییە*
*پردەکانی خەڵکی ڕێبوار و*
*ژیانی ژەنگاویم قووتدا*
*ئیتر هێزی قووتدانم نەماوە*
*هەرچێکی کە قووتمدابوو*
*بە شیعرێکی بێشەرمانە*
*ئێستا لە گەرووم هەڵدەڕژێ و*
*دەشەکێتەوە بە سەر خاکی ئەژدادمدا!*

☆

# دوایین گۆڕستان

شو لیژی

*تەنانەت مەکینەی کاریش وەنەوزدەدا*
*کارگای چواردەورەگیراوی کاری هەرزان، ئاسنی نەخۆش*
*هەقدەستی شاراوە لە پشت پەردەکاندا*
*وەک ئەو عەشقەی کرێکاری گەنج، هەڵیدەگرن لە ناخیاندا*
*بێ مەودای هیچ دەربڕینێک،*
*ئەوە هەستە کە ورد دەبێ لە نێو خۆڵ و تەپۆتۆزدا*
*زگیان لە ئاسن دادەڕژێ*
*پڕ لە تێزاوی چڕ، لە سولفۆر و لە نیترۆژێن*
*کارگەکان ئەسرینەکانیان داگیردەکەن بەر لەوەی بڕژێنە خوارێ*
*کات هەرئەچێ و ئەوان سەریان ون دەبێ لە تەمومژدا*
*چوونەسەری بەرهەمهێنان*
*تەمەنیان کورت دەکاتەوە*
*ژانیش دایم هەر ئیزافەکاری دەکا*
*سەرگیژە هەر لە بن ڕا بەشێکە لە ژیانیاندا*
*کاری ڕەش هەر توێخیان لێدەکاتەوە و*
*بە ڕووکێشی ئالومینیۆم دایدەپۆشێ*
*هەندێک هێستاش تاقەتدێنن*
*هاوکات هەندێک نەخۆشی دەیانباتەوە*
*من لە نێوان ئەوانەدا خەریکە خەو گێژم دەکا*
*لە گەڵ چاودێری کردنی دوا گۆڕستانی لاویتان.*

*٢١ ی دیسامبەری ٢٠١٢*

☆

# سەدەیەکە
# شۆڕشێکم لە نێوخۆمدا هەڵگرتووە!

*بەیادی سەد ساڵەی بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن*

*عەبدوڵا سلێمان (مەشخەڵ)*

*سەدەیەکە ئەگێڕمەوە چیرۆکی کەوتن و هەستانم*
*سەدەیەکە لەنێو زەریای تەنیاییدا هاوپشتیم و*
*کانیاوم بۆ وزەی خەبات و کەستانم*
*سەدەیەکە هاواری بەرزم لەسەرزار*
*هێزی ئەژنۆم بۆ هەنگاوی چارەنووسسازی کرێکار*
*سەدەیەکە من میلۆدی گۆرانییەکم بەسەر لێوی زنارەوە*
*گڤەیەکم لەسەر سینەو بەربەرۆکی کەنارەوە*
*لە پێدەشت بێ یان لەسەر چیا*
*ئاڵایەکم لەسەر دووندی خەباتی سوور دەڕوانمە چوارگۆشەی تاریکی دنیا*
*ورد دەبمەوە لەو پەرجووەی کۆیلەتی کرد بە ئەفسانە*
*لەو تێکشانە جوانانەی سینەی سەردەم کە هەناسەی تیا تاسانە*
*سەربردەم باڵندەیەکە لە ئاسمانی ژیانی چەوساوە نەبێ لێک نادا باڵ*
*من ئەو دۆسییە دانەخراوەم*
*هیچ خەونێکم نانێمە چاڵ*
*سەدەیەکە برینێکم سەردەکێشم بە حەوشە و ناوماڵی یەک یەکی کارگەران*
*دەبمە باسی سەر سفرە و نان*
*ئەو مۆتیڤەم هەر دەچمەوە لای لینین و دەبمە کتێبێ لە خەندە*
*دەبمە ئاوێنەی هەتاو و ئەو ئاسۆیەی کە ڕزگاری پێوە بەندە*

*سەدەیەکە من بەپێوەم بازووم وەک جاران بەگوڕە*
*بۆ تینوێتی دەمی ژیان*
*ڕوحم لێزمە بارانێکە و زۆر بەخوڕە*
*سەدەیەکە مژدەی پێچراوم لە هیوا*
*تروسکەی ئەو چلچرایەم تاریکی تار دەکا لە لووتکە و لەشیوا*
*سەدەیەکە پەنجەرەی هیچ تاسەیەکم نەبینیوە*
*ئاونگی ڕزگاربوون نەنێتە سەر دیدە*
*سەدەیەکە شیعرێکی ئەزبەرکراوم*
*وشەکانم هەتوانن بۆ زامی ژیانی ئینسانی ستەمدیدە*
*کە گوڵێک لە ئینجانەی هەوێنی خەباتی چینایەتی کرێکاران دێتە وەرین*
*من تووڕەییم سەردەکا و دەبێتە لافاوی ڕق و*
*نەعرەتەم دەنگ دەداتەوە بە پانتایی دونیای بەرین*
*سەدەیەکە بوومە بە چاو*
*بوومە بە خەون*
*بە کتێب و*
*بەهەتاو و*
*تروسکەی هیوام بەخشییەوە تاوەکو ژیان جوانتر بێ*
*تا زاری ئازادی بێ ترس ڕەوانتر بێ*
*سەدەیەکە دەریایەک فرمێسکی چاوەڕوانی و بێکەسیی*
*حەمامێک لە خوێنی جەنگ و*
*شارێک لە گۆڕستان بوون بە ناسنامەی سەفەرم*
*ڕێگاکانیان لێ قفل دام تروسکەی چاوانیان بردم*
*خۆزگەکانی دڵیان دزیم*
*دایان بەدەم ڕەشەبای ڕەشی خۆیان و قەت نەمردم*
*سەدەیەکە پەرجووی بوونم بەهارێکی نوێیە بۆ ژین*
*هەرچی ڕۆژە دادەگیرسێم گڕم بەردەبم لە تاوان*
*هەتا ئینسان هەموو یەکسان وەک یەک بژین*
*سەدەیەکە جریوەی باڵندەی ئومێدێکم گەورە*

*سێبەری ژێر کەپری هاوینم بۆ بازووی کرێکارانی جەربەزە*
*سەدەیەکە سەدای سروود و*
*هاواری یاخیبوونم لەلا بەرزە*
*لەهەناوی ڕۆژەکان تەمی سەر شۆستە و*
*کاژێڕی کارخانەی لێوار شارانم*
*لێزمەی بەهێزی بارانم*
*سەدەیەکە من لە بۆتەی باوەڕێکدا دەتوێمەوە*
*کە بەر لەوەی بەرپا ببم*
*نەبوو هێندە دەنگوباسی*
*لە ژینێکدا چاوم پشکوت*
*کە ئاسمانی لێوانلێوە لە غەدر و زوڵم و کەساسی*
*ئەمێستاکەش پەپوولەی پێکەنینی خۆم لەسەر گوڵی لێوی مناڵی کرێکار*
*ناگۆڕمەوە بە لێشاوێک قاقا و کێوێک لە زەردەخەنەی ژێردەستی*
*ماچی نەشمیلێکی ئاڵای سوور بەدەستی سەر جادەکان*
*دەکەم بە تابلۆی پڕ عەشقی شاری جوانی و خۆشەویستی*
*سەدەیەکە پەڵەی هەورم دووند و سەر لووتکەی خەباتی چەوساوەکانم*
*گرتووە*
*لە ئاسمانە بەرزەکانی تێکۆشانا بە سەدان خۆزگەی جوان جوانم*
*بۆ نێو باخچەی دڵی ئینسان داگرتووە*
*بە پردی مەحاڵا سەرکەوتم و نەکەوتم*
*بووم بە دار و بووم بە ئاو و بووم بە لافاو*
*بووم بە خەون و دڵنیایی*
*وەکو ڕووبار لرفەم دەهات ڕام دەماڵی ستەم و غەدر و تەنیایی*
*شەقامەکانم ماڵی کرد شەپۆلی هەستانێکی مەزنم دایە شان*
*هەر بۆ وەی ئازاد و یەکسان بین تەمەن و ژیانم بەخشییە خەبات و تێکۆشان*

*ئەیلوولی ۲۰۱۷*

☆

# ئاخێزێك تا هەستان!

*موسلیح ڕێبوار (ساڵی ١٩٨٦)*

*کوردستان،*
*دەمێکە گڕکانی بە کڵپەی شۆڕشی.*
*گەلێک جار لە سووتووی خۆتەوە*
*هەمدیسان ئاگرت گرتەوە.*
*بۆ فەوتانی ستەم*
*بڵێسەت سەندەوە...*
*کەچی هەر نامراد*
*تامەزرۆی ئازادی مایتەوە...*
*ئەزانم کە چەند جار*
*بە گورگان خواردی دای*
*ڕێوی شوان*
*کوردستان!*
***
*کوردستان!*
*مەڵبەندی کۆڵنەدان!*
*بە ستەم خوو نەگرا!*
*ئەی دایکی چەنای چەند شۆڕشی جوانەمەرگ!*
*لە ستەم یاخیبوو!*
*ئەی ئاگر!*
*ئەی لە پاش چەنای چەند هەڵسوکەوت*
*هەمدیسان تێهەڵچوو، بەتین تر!*
*چلۆن بوو گشت جارێک*
*ئاواتی ئازادیت پەرپووت بوو؟*

کۆرپەکەی شۆڕشت
پیرێک بوو
پێش ئەوەی پێ بگرێ
سەری لە گوێی قەبری هەرەسا ئەلەرزی؟
سەرچۆپی شایی گێڕ
زەروو بوو؟
کە دەمی ناوەتە خوێنی تۆ؟
دڕوو بوو؟
ڕیشەکەی تێراوی ئارەقی ڕەنجی تۆ؟
ستەم بوو
دەسکیسی دوژمنی ستەمگەر؟
بۆ ملی ئازادی
چۆن نابێ بە چەقۆ؟!

***

زەروو بوو
دڕوو بوو
دەسکیسی دوژمن بوو
دووژمن بوو
چۆن هەرەس ناهێنێ بە هیوات؟
بە ڕزگار بوونی تۆ؟!

***

کوردستان!
مەڵبەندی کۆڵنەدان
بە ستەم خوو نەگر
ئەی دیسان سەرهەڵبڕ،
بە نێوچاوانتەوە
ئەمجارە،

*تیشکێکی نوێ دیاره :*
*ئەو تیشکەی*
*نەمامی ئاواتی ڕزگاری یەکجاری*
*لە قووڵایی دڵی ڕەنجدەرانا خەملان،*
*ئە و تیشکەی دەگاتە هەر زنجێک،*
*هەر ماڵی ژین تاڵێک*
*شەوقێکی ئامانجە*
*لە چاوی موشتاقی پیاو و ژن،*
*بزەی سەر لێوانی مناڵی ڕەش و ڕووت،*
*بۆ زنجیر شریخەی پچڕانە،*
*برووسکەی فەوتانە*
*کاتێک کە دائەدا بۆ دوژمن،*
*پێشمەرگەی پێشڕەوی کۆمەڵەی کوردستان!*

***

*کوردستان*
*گیرۆدەی ژێر عابای پشووبڕ*
*گیرۆدەی گێژاوی مەینەتی*
*ڕۆژ لە ڕۆژ پەرەگرا!*
*کراسی مەینەتت دادڕە*
*سەری سەرفەرازیت*
*یەکجاری هەڵبڕە!*

***

*پێشێلی چی ستەم، کوردستان!*
*یاخی بە!*
*ئەمجارە،*
*دوژمنی چی ستەم چی زنجیر*
*کارگەرت ڕابەرە!*

*ئەمجارە گوڵ گرێک ڕابەرە*
*تا شنەی ئازادی خۆشتر بێ*
*ئەو گڕی خۆشترە!*
*ئەمجارە جەسوورێک ڕابەرە*
*ئاخێزی بەرە وپێش!*
*هێلانەی چۆلەکەی هیواکەی*
*درەختی بژوێنی دوارۆژە و*
*ماڵاوای یەکجاری*
*لە دوێنێ و لە هەرەس کردووە.*
*ئەمجارە*
*دڵسۆزێک ڕابەرە*
*مەچەکی چەقۆ گر*
*مەچەکی هەرەسی،*
*لە پەنجەی پڕهێزا گوشیوە و*
*چەقۆکەی سەر ملی ئازادی*
*لە دەستی دادەخا!*
***
*بە ستەم خوو نەگر،*
*کوردستان!*
*یاخی بەو*
*ئاخێزێک تا هەستان!*
*کراسی چی مەینەت*
*یەکجاری دادڕە*
*سەری سەرفەرازیت*
*یەکجاری هەڵبڕە!*

☆